نەخۆشییەکانی هەناو
(باطني)

هەندێك زانياريى سەبارەت بە

نەخۆشييەكانى هەناو
(باطني)

وەڵامى پرسيارەكانى ئێوە

(نەخۆشييەكانى دەزگا – كۆئەندامە-كانى هەرس، هەناسە، دڵ ميزو ميزەڕۆ)

دكتۆر كامەران ئەمين ئاوە

پێداچوونەوە

هاوار ئەحمەد

خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

● **نەخۆشییەکانی هەناو (باطني)**

● بابەت: پزیشکی

● نووسینی: د. کامەران ئەمین ئاوە

● نەخشەسازی ناوەوە: گۆران جەمال رواندزی

● بەرگ: رێمان

● نرخ: (٣٠٠٠) دینار

● چاپی یەکەم : ٢٠١٣

● تیراژ: ٧٥٠ دانە

● چاپخانە: چاپخانەی موکریانی (هەولێر)

● لە بەڕێوبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (١٦٦) ساڵی (٢٠١٢)ی پێی دراوە.

زنجیرەی کتێب (٧٧٣)

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani.com

بۆ هاوسەری خۆشەویستم

شادیە مەزهەرپوور

پێرست

برگەی ٢

برگەی ٣

برگەی ٤


پێشەکی:

کتێبی"نەخۆشییە دەروونییەکان"(باطنییەکان) بە زمانێکی ئاسان باسی بەشێکی بەرچاو لە نەخۆشی‌یەکانی چوار دەزگای لەشی مرۆڤ وەکو هەرس، هەناسە، دڵ، چێکردن ومیزەڕۆ دەکات. نووسەری بابەتەکان تێکۆشاوە تا ڕادەی گونجاو بەبێ چوونە نێو قوڵایی بابەتەکانەوە، لەمەڕ شێوەی دەسنیشانکردن و چارەسەری نەخۆشی‌یەکان، زانیاریی پێویست بە خوێنەر بدا. ئەرکی ئەم کتێبە نەک نووسینی کتێبێک بۆ خوێندکارانی زانستگای پزشکیی، کە لە جێی خۆیدا کارێکی فرە پێویستە، بەڵکو ئاشناکردنی خەڵکی ئاسایی لەگەڵ ئەو نەخۆشییانەیە کە لەنێو کۆمەڵگادا باون. نووسینی کتێبی زانستیی بە تایبەت لە بواری پزیشکیی‌دا، بە پێی نەبوونی وشەگەلی پێویست کارێکی ئاسان نییە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش دەکرێ و دەبێ ڕووناکبیرانی کورد بایخێکی زۆرتر بەم مەسەلەیە بدەن و تێبکۆشن تا ئەو ڕادەیەی کە دەکرێ لە پێناوی دەوڵەمەندکردن و ئەوڕۆییکردنی زمانی کوردی و بردنەسەرێی ئاستی زانیاریی خەڵکی کورد ئەرکی خۆیان بەجێ بێنن. ڕووناکبیرانی کورد لە کوردستاندا بایەخی پێویست بە نووسینی بابەتی زانستی نادەن، ئەمەش بەشێکی دەگەڕێتەوە سەر ئەم ڕاستییەی کە لاوانی ئێمە بە زمانی ڕەسمی(فەرمی) ئەو وڵاتانەی کە تێیدا دەژین فێری زانستی پزشکیی، فیزیاو هتد .. دەبن . بەداخەوە خوێندکارەکانیش بۆ پەرەپێدانی زمانی زگماکی لەم بوارانەدا خۆیان زۆر ماندوو ناکەن، یان ڕێگای ئەو چەشنەکارەیان پێ نادرێ. هیچ گەل و نەتەوەیەک بێ پەرەپێدان بە کولتورو زانستی کۆمەڵگاکەی خۆی ناتوانێ ڕێگای گەیشتن بە ئاواتەکانی خۆی ببڕێ و بەشێکی ئەم ڕەوتە ئەرکی

سەرشانی ڕووناکبیران و پسپۆڕانی نەتەوەکەیە کە تێبکۆشن لە هەموو بوارێکی زانستییدا بە زمانی خۆیان بنوسن تا لە ڕەوتی پێش چوون و گەشەکردنی وڵاتەکەی خۆیاندا ڕۆڵیان گێڕابێ. ئەمرۆ تەنانەت لکاندنی ٢ وشەی تازەی زانستی بە فەرهەنگی کوردییەوە، یا نووسینی بابەتێکی ساکاری زانستیش دەتوانێ یاریدەدەری ڕەوتی ئاگایی کۆمەڵگابێت لەم بوارانەدا. ئەوە ئەرکی سەرشانی یەک یەکی ئێمەیە.


لە کۆتاییدا نووسەر سوپاس و پێزانینی خۆی ئاراستەی مامۆستا "**حەسەن ئەیوبزادە**" دەکات کە لە بواری ڕێزمانی و پێشنیاری وشەگەلی شیاودا گەلێک یاریدەی داوە.

بڕگەی (١)
نەخۆشیی کۆئەندامی هەرس



بەشی یەکەم

برینی کۆئەندامی هەرس[1]



1 Ulcer

هۆکانی پێکهاتنی برین کامانەن؟

باکتریایەک بە ناوی هلیکۆباکتر پیلۆری هۆی سەرەکیی برینی گەدە و(دوانزەگرێ) دوازدەقامکەیە[٢]، بەڵام هۆکارەکانی دیکە بریتین لە: زێدەبوونی ئەسیدی گەدە، سترێس، هاتنەخوارەوەی هێزی بەرگریی تۆێکڵی ناوپۆشی گەدە و ڕیخۆڵە، پاش بەکارهێنانی هەندێ دەرمانی وەک ئەسپرین[٣]، ئیبۆپرۆفن[٤] و دیکڵۆفێناک[٥].

نیشانەکانی زامی دەزگای هەرس کامانەن؟

سەرهەڵدانی ئێش ١ تا ٢ کاتژمێر دوای نانخواردن، ئازار بە برسێتی، بە تایبەتیی لە شەودا و کەمبوونەوەی ئازار پاش نانخواردن، نیشانەی زامی دوازدەقامکەیە. سەرهەڵدانی ئازار لە کاتی نان خواردن یان لە دوای نان خواردن لەوە دەچێ نیشانەی زامی گەدە بێ.

هەست کردن بە پڕبوونی گەدە، دڵ تێکەڵاتن، ڕشانەوە، باکردنی زگ و جاروبار کزبوون.

دۆکتور بۆ دەسنیشانکردنی ئەم نەخۆشییە چی دەکا؟

دکتۆر سەبارەت بە نیشانەکانی ئەم نەخۆشییە پرسیار دەکا، دوای تێڕوانین، لەوەدەچێ بەر لە بەکارهێنانی هەر چەشنە ئازمایشێک(تاقی کردنەوەیەک)، دەرمان بۆ عیلاجی زامەکە بنووسێ. ئەگەر پاش ماوەیەک ئێش‌و نیشانەکانی‌تری زامەکە هەر بەردەوام مایەوە، دۆکتۆری پسپۆڕ بە یارمەتی دەزگایەک بە ناوی ئیندۆسکۆپ[٦]، تەماشای گەرو، گەدە و بەشی سەرەوەی ڕیخۆڵە باریکە دەکا و تەنانەت بۆ دەسنیشانکردنی

٢- بەشی سەرەتایی ڕیخۆلە باریکە

3 Aspirin
4 Ibuprofen
5 Diclofenac

٦- ژووربین(نازور)

هڵیکۆباکتر نموونەشی[7] لێ وەردەگرێ. ئەمڕۆ بە یارمەتی تاقیکردنەوەی خوێن یان هەناسە، دەکرێ ئەم بەکتریایە دەسنیشان بکرێ.

ئاڵۆزییەکان و مەترسیی ئەم نەخۆشییە کامانەن؟

لەم نەخۆشانەدا مەترسیی خوێنرێژیی، کونبوونی دیواری گەدە و دوازدەقامکە، بەرتەسکبوونی ڕێگای نێوان قوریژنک[8]و گەدە یا گەدە و دوازدەقامکە هەیە.خوێن ڕشانەوە،ڕشانەوەی خواردەمەنی کە چەند کاتژمێر یا چەند ڕۆژ پێشترخواردراوە، ڕەشبوونی پیسایی، ئێشی کتوپڕ کە جاروبار بەرەو پشت تەشەنە دەکا، سەرگێژە و هەست بە لەرز کردن و ساردبوونی جەستە ، نیشانەی ئاڵۆزبوونی ئەم نەخۆشییەیە .

ئەم نەخۆشییە چۆن چارە دەکرێ؟

بۆ چارەسەرکردنی ئەم نەخۆشییە، لە دەرمان و هەروەها نەشتەرگەریی کەڵک وەردەگیرێ.



٧- بیۆپسی

٨- سورسورک، زەنگلۆک، سورێنچک

بەشی دووەم
هەوکردنی گەدە[٩]



هۆکانی هەوکردنی[١٠] گەدە کامانەن؟

هۆکانی هەوکردنی کتوپڕی گەدە بریتین لە: خواردنەوەی لە ڕادەبەدەری ئەلکۆڵ(کحول)، بەکارهێنانی دەرمانگەلێک وەک ئەسپرینو دیکلۆفێناک، سترێس(دڵەڕاوکێ) زەبربەرکەوتنی شوێنەکە، سووتان و شۆک، هەروەها بەکتریایەک بە ناوی هلیکۆباکترپیلۆری.

بەشێک لە هۆکارەکانی هەوکردنی درێژخایەنی گەدە بریتین لە: هلیکۆباکترپیلۆری، پێکهاتنی دژەلەش[١١] دژ بە بەشێک لە خانەکانی گەدە کە

9- Gastritis
10- Inflomation

دەبێتە هۆی کەمخوێنیی (بە هۆی نەبوونی ڤیتامین ب ١٢) و گەڕانەوەی نائاسایی زیلک بۆ ناو گەدە.

نیشانەکانی هەوکردنی گەدە کامانەن؟

لە هەوی کتوپڕی گەدە نیشانەگەلێک وەک: دڵتێکەڵاتن، ڕشانەوە، بێئیشتیهایی، هەست بە فشار و قورسایی لە بەشی سەرەوەی زگ دەبیندرێ.

هەوکردنی درێژخایەنی گەدە زۆر جار نیشانە یێکی تایبەتیی نیيە، بەڵام جارو بار نەخۆش هەست بە ئێش لە بەشی سەرەوەی زگ، دڵ تێکەڵاتن، باکردنی زگ یان قورسایی و پڕبوونی گەدە، هەروەها دڵەکزە دەکا.

دکتۆر بۆ دەسنیشانکردنی ئەم نەخۆشییە چی دەکا؟


بۆ دەسنیشانکردنی ئەم نەخۆشیيە بە یارمەتی دەزگایەک بە ناوی ئیندۆسکۆپ(نازور) تەماشای گەرو، گەدە و دوازدەقامکە دەکرێ و لەوەدەچێ بۆ ئاگاداری لە هەبوون یا نەبوونی هلیکۆباکتر نموونە بەرداریشی لێ بکرێ. ئەمڕۆ بە یارمەتی تاقیکردنەوەی خوێن، یان هەناسە دەکرێ ئەم بەکتریایە دەسنیشان بکرێ.

ئەم نەخۆشیيە چۆن چارە دەکرێ؟

بۆ چارەکردنی ئەم نەخۆشیيە لە دەرمان، هەروەها ڕژێمی خواردن کەڵک وەردەگیرێ.

١١- ئەنتیبادی (دژەتەن) Antibody ماددەیەکی تایبەتمەندی پرۆتینییە کە بە شوێن بزواندنی ماددەیەکی دەرەکی(ئەنتیچین) پێکدێ و ڕۆڵی بەرگریی بۆ جەستە هەیە. بەڵام لە نەخۆشیی خۆپارێزیی ئەم ماددەیە بە پێچەوانەوە، دژ بە خانەکانی ئاسایی جەستە پێکدێ و ڕۆڵێکی نەرێنیی دەگێڕێ.

بەشی سێیەم
هەوکردنی و زامی ڕیخۆڵە گەورە



هەوکردن و زامی ڕیخۆڵەگەورە[١٢] ؟

نەخۆشيیەکی درێژخایەنە کە هۆی سووربوون و ئاوسانی ڕیخۆڵەی گەورە[١٣] بە تایبەتیی لە بەشی ڕیخۆڵەی ڕاست دایە.[١٤] ئەم حاڵەتە دەتوانێ لە چەند حەفتە تا چەند ساڵ درێژەی بێ.

هۆکانی ئەم نەخۆشییە کامانەن؟

هۆکانی ئەم نەخۆشییە نەناسراون.

12- Ulcerative Colitis
13- Colon
14- Rectum

نیشانەکانی ئەم نەخۆشی‌یە کامانەن؟



لە زۆربەی نەخۆشەکاندا زگ‌ئێشە، سکەچوونی خوێنیی تا ٣٠ جار لە ڕۆژدا بۆ ماوەی چەند هەفتە تا چەندین مانگ دەبیندرێ. بەشێک لە نەخۆشەکان تووشی ئێشی جومگەکان دەبن.

دکتۆر بۆ دەسنیشان‌کردنی ئەم نەخۆشی‌یە چی دەکا؟

دکتۆر سەبارەت بە نیشانەکانی ئەم نەخۆشییە پرسیار دەکا، دوای تێڕوانینی جەستە، پیسایی، نەخۆش بۆ پشکنین دەنێرێ. ڕادیۆگرافیی[١٥] لە ڕیخۆڵەکان دەکرێ، هەروەها دکتۆری پسپۆڕ بە یارمەتیی دەزگایەک بە ناوی کۆلۆسکۆپ[١٦] لە ڕێگای کۆمەوە، بە دوای تەماشای ڕیخۆڵەی گەورە، نموونەشی هەڵ دەگرێ(زەرع).

ئالۆزیی‌یەکان‌و مەترسیی ئەم نەخۆشییە کامانەن؟

نەخۆش لە کاتی ئەم نەخۆشی‌یە بۆی هەیە تووشی خوێنرێژیی، والابوونی ڕیخۆڵەی گەورە، کونبوونی ڕیخۆڵە و تەنانەت شێرپەنجەی ڕیخۆڵە بێ.


15- Radiography, وێنەگرتن بە تیشکی ئێکس


١٦- ڕیخۆلەبین.

ئەم نەخۆشییە چۆن چارە دەکرێ؟

بۆ چارەکردنی ئەم نەخۆشییە لە دەرمان، هەروەها نەشتەرگەریی کەڵک وەردەگیرێ.

بەشی چوارەم
نەخۆشیی کرۆن





نەخۆشیی کرۆن[17] چییە؟

نەخۆشییەکی درێژخایەنی ڕیخۆڵەیە، بە تایبەتیی لە بەشی خوارەوەی ڕیخۆڵەی باریکەیە[18]. ئەم نەخۆشییە دەتوانێ تەواوی دەزگای هەرس لە دەمەوە تا کۆم تووشی ئازار و برین بکا.

هۆکانی ئەم نەخۆشییە کامانەن و چ کەسانەێک زۆرتر تووشی ئەم نەخۆشییە دەبن؟

هۆکانی ئەم نەخۆشییە نەناسراون. دەکرێت هەرکەسێک تووشی ئەم نەخۆشییە ببێ، بەڵام لە ژنان، سپی پێستان و جوولەکەکاندا زۆرتر دەبیندرێ.

17- Crohn's disease
18- Terminal ileum

نیشانەکانی ئەم نەخۆشییە کامانەن؟

نیشانەکانی ئەم نەخۆشییە بریتین لە قۆڵنج و ئێشی گەدە و بەشی سەرەوەی ڕاستی زگ، سکەشۆرە(سک چوون)، بوونی خوێن لە پیسایی‌دا، هاتنەخوارەوەی قورسایی جەستە، ئێشی جومگەکان و ماندوویی دەکرێ. ئەم نەخۆشانە تووشی ئازاری چاو، پێست، کەم‌خوێنیی، بەردی گورچیلە و کیسەی زیلک[١٩] بن.

دکتۆر بۆ دەسنیشان‌کردنی ئەم نەخۆشییە چی دەکا؟

دکتۆر سەبارەت بە نیشانەکانی ئەم نەخۆشییە پرسیار دەکا، دوای تێڕوانینی جەستە، خوێن و پیسایی نەخۆش بۆ پشکنین دەنێرێ. ڕادیۆگرافیی لە ڕیخۆڵەکان دەکرێ، هەروەها بە یارمەتیی ئیندۆسکۆپ تەماشای گەرو، گەدە و بەشی سەرەوەی ڕیخۆڵە باریکە و بە یارمەتی کۆلۆسکۆپ تەماشای ڕیخۆڵەی گەورە دەکرێ، هەروەها (زەرع)واتە نموونەشی لێ وەردەگرن.

ئاڵۆزییەکان و مەترسیی ئەم نەخۆشییە کامانەن؟

ئەم نەخۆشییە دەتوانێ ببێتە هۆی پێکهاتنی فیستوول[٢٠]، ئابسە[٢١]، تەنگ بوون و گیرانی ڕیخۆڵە، شێرپەنجە، هەروەها کونبوونی ڕیخۆڵە و هەوکردنی ئەو توێخەی کە دیواری زگ و چاڵی دیزەڵە[٢٢] دادەپۆشێ.

ئەم نەخۆشییە چۆن چارە دەکرێ؟

بۆ چارەکردنی ئەم نەخۆشییە لە دەرمان، هەروەها نەشتەرگەریی کەڵک وەردەگیرێ.

١٩- زراو

20- Fistul ڕێگایەکی نائاسایی لە نێوان دوو ئەندامدا

21- Abscess, کۆبوونەوەی چڵک


٢٢- لەگەن (حەوز)


بەشی پێنجەم

هەوکردنی کیسەی زراو (زیلک)

کیسەی زیلک چیی؟

کیسەی زیلک توورەکەیەکە بە درێژایی ١٢- ١٠ سانتیمەتر و پانایی ٢.٥ سانتیمەتر کە لە ژێر جەرگدایە. تراوی زیلک دوای بەرهەمهاتن لە جەرگدا، لە ڕێگای بۆڕییەکەوە بە ناوی بۆڕیی جەرگ[23] ڕەوانەی کیسەی زراو دەکری بۆ ئەوەی دوای کۆبوونەوەی، لە کاتی پێویستدا لە ڕێگای بۆڕیی زراوبەرەوە ڕەوانەی دوازدەقامکە (بەشی سەرەتایی ڕیخۆڵە باریکە) بکری و لە ڕەوتی هارێنی چەوریدا بەشداری بکا.





23- Hepatic duct

هۆکانی هەوکردنی کیسەی زیلک[24] کامانەن؟

لەوە دەچێ بەسرانی ڕێگای زراوبەر و پەنگخواردنەوەی زراو لە کیسەی زیلکدا، هۆی هەوکردنی ئەم ئەندامە بێ. بەردی کیسەی زراو، بەردی ڕێگای زراوبەر، تومۆری شپیلک[25] و بوونی کرمی ئێسکاریس لەم ڕێگایەدا، هۆی بەسران و تەنگبوونی ڕێگای ڕۆیینی زراو بەرەو ڕیخۆڵە باریکەیە.

نیشانەکانی هەوکردنی کیسەی زیلک کامانەن ؟

نیشانەکانی هەوکردنی کیسەی زیلک بریتین لە : ئێش لە بەشی سەرەوەی ڕاستی زگ و تەشەنەکردنی بەرەو دەفەی شانی ڕاست بە تایبەتیی دوای پشوویەکی درێژ، وەڕانهاتنەوەی گەدە واتە سک چەند کاتژمێر دوای نانخواردن؛ یاو(تا)، لەرز، زەردۆیی، دڵ تێکەڵاتن، ڕشانەوە، باکردنی زگ و جارو بار خوورانی[26] جەستە.

دکتۆر بۆ دەسنیشانکردنی ئەم نەخۆشییە چی دەکا؟

بۆ دەسنیشانکردنی ئەم نەخۆشییە دکتۆر دوای تێڕوانینی جەستە، خوێنی نەخۆش بۆ پشکنین دەنێرێ. لەم پشکنینەدا لەوە دەچێ ڕادەی خڕۆکە سپییەکانی خوێن و ئانزیمەکانی جەرگ زیاد بکەن. دکتۆری پسپۆڕ بە یارمەتیی دەزگای سۆنۆگرافیی تەماشای کیسەی زیلک دەکا، ئەستووربوونی دیواری کیسەی زیلک نیشانەی هەوکردنی ئەم ئەندامەیە.

ئاڵۆزییەکان و مەترسیی ئەم نەخۆشییە کامانەن؟

ئەم نەخۆشییە دەتوانێ ببێتە هۆی کون بوونی کیسەی زیلک و پێکهاتنی ئابسە لە دەوری ئەم ئەندامە، هەروەها جەرگ و ناو زگدا، پێکهاتنی

24- Cholecystitis

٢٥- لەوزولمیعدە، پەنکریاس

٢٦- ئاڵۆش

فیستوول لە نێوان کیسەی زیلکو ئەندامەکانی دەوروبەری وەک دوازدەقامکە، هەرەوها هەوکردنی چڵکیی کیسەی زیلک، بە تایبەتیی لە ئەو کەسانەی کە نەخۆشیی شەکرەیان هەیە. هەوکردنی درێژخایەنی کیسەی زیلک ڕادەی مەترسیی شێرپەنجەی ئەم ئەندامە زیاد دەکا.

ئەم نەخۆشییە چۆن چارە دەکرێ؟

بۆ چارەکردنی ئەم نەخۆشییە لە دەرمان، هەروەها نەشتەرگەریی کەڵک وەردەگیرێ.

بەشی شەشەم
بەردی زراو

بەردی زیلک[27] چییە و چۆن دروووست دەبێ؟

بەردی زراولە ئاکامی وشک و ڕەقبوونی بەشێک لە تراوی زیلکە، تراوی زیلک، ماددەگەلێکی وەکو: ئاو، کۆلسترۆڵ، چەوریی، خوێ زراو، پرۆتیین و بیلیرووبین دروووست دەبێت، لەوەدەچێ زۆربوونی لە ڕادە بەدەری ئەم ماددانە هۆی پێکهاتنی بەردی زراو بێ. ئەرکی خوێ زراو لێککردنەوەێ چەوریییە. بیلیرووبین سەرچاوەی زەرد و قاوەیی بوونی پیسایییە.

هۆکارەکانی بەردی زیلک کامانەن؟

- ✓ قەڵەوی (زۆربوونی لە ڕادە بەدەری چەوریی جەستە)،
- ✓ ڕەگەزی مێیینە (لە ژناندا بەردی زیلک بە بەراورد لەگەڵ پیاواندا ٢ قات زۆرتر دەبیندرێ)،
- ✓ تەمەن (دوای ٤٠ ساڵەی مەترسیی ئەم نەخۆشییە زیاترە)،
- ✓ بنەماڵەیی یان بۆماوەیی،
- ✓ سپی (بلۆند) بوون،
- ✓ زگپڕیی،

نیشانەکانی بەردی زیلک کامانەن؟

قۆڵنجی زیلک: ڕۆیین و جێگۆڕینی بەردی زیلک دەتوانێ ببێتە هۆی بەسرانی ڕێگای زراو و زێدەبوونی گوشاری ناو زیلک. ئەم حاڵەتە بە تایبەتیی دوای خواردنی چێشتی چەور دەبێتە هۆی پێکهاتنی ئێشێکی کتوپڕ لە بەشی سەرەوەی ڕاستی زگ و تەشەنەکردنی بەرەو ژێر دەفەی شانی

27- Gallstone

ڕاست، نێوان دوو دەفەی شان و پشت. ئێش دەتوانێ لە نیو سەعاتەوە تا چەند سەعاتێک درێژەی بێ. لە بەشێک لە نەخۆشەکاندا یاو(تا)، لەرز، دڵ تێکەڵاتن، ڕشانەوە و جارو بار ئاڵۆشی جەستە ببیندرێ.

دکتۆر بۆ چارەکردنی ئەم نەخۆشییە چی دەکا؟



بەردی کیسەی زیلک لە سۆنۆگرافیدا

بو دەسنیشانکردنی ئەم نەخۆشییە دکتۆر دوای تێڕوانینی جەستە، بە یارمەتی دەزگای سۆنۆگرافی تەماشای کیسەی زیلک دەکا. لەوەدەچێ لەپشکنینی خوێنیشدا ڕادەی خڕۆکە سپییەکانی خۆێن و ئانزیمەکانی جەرگ زیاد بکا.

ئاڵۆزییەکان و مەترسیی ئەم نەخۆشییە کامانەن؟

✓ بەسرانی(گیران)بۆڕیی هاوبەشی زراودەبێتە هۆی پێشگێری لە ڕۆیینی زراو بۆ ناو ڕیخۆڵە باریکەو درووستبوونی ئێشی زگ، زەردیی پێست وسپییایی چاو،

- ✓ هەوکردنی کتوپڕی کیسەی زیلک و ئالۆزییەکانی،
- ✓ هەوکردنی شپیلک،
- ✓ شێرپەنجەی کیسەی زیلک.

ئەم نەخۆشییە چۆن چارە دەکرێ؟

بۆ چارەکردنی ئەم نەخۆشییە لە نەشتەرگەریی کەڵک وەردەگیرێ.

بۆ پێشگیریی لە پێکهاتنی بەردی زیلک دەبێ چ بکرێ؟


بۆ بەرگریی لە پێکهاتنی بەردی زیلک ئەم خاڵانەی خوارەوە دەبێ لە بەرچاو بگیرێ:

- ✓ دابەزاندنی قورسایی جەستە،
- ✓ جووڵان، هەڵسووڕان و بە تایبەتیی وەرزشی بەردەوام،
- ✓ کەمخواردنی چێشتی چەور.

بەشی حەوتەم

هەوکردنی کتوپڕی شپیلک(پەنکریاس)

شپیلک[28] چییە؟



لووی شپیلک یان پانکراس ئەندامێکە بە درێژایی ٢٠ ـ ١٥سانتیمەتر، پانایی ٤ ـ ٣ سانتیمەتر، ئەستورایی ٣ ـ ٢ سانتیمەترو قورسایی ١٠٠ ـ ٧٠ گرەم. ئەم ئەندامە لە بەشی سەرەوەی زگ، لە نێوان گەدە، سپڵ و جەرگدایە.

کاری شپیلک چییە؟

کاری لووی شپیلک بریتییە لە:

- ✓ دروستکردن و دەڵاندنی هۆرمۆنەکانی ئێنسۆلین، گلوکاگۆن، گاسترین و سۆماتۆستاتین بۆناو خوێن.
- ✓ دروستکردن و دەڵاندنی ئانزیمەکانی ئامیلاز، لیپاز، تریپسینۆژن، کیمۆتریپسینۆژن بۆ ناو دوازدەقامکە.

28- Pankreas, لەوزولمیعدە، شپیلک

ئانزیم	کارتێکەریی	هۆرمۆن	کارتێکەریی
ئامیلاز[29]	بڵاوەپێکردنی نشاستە	ئێنسولین[30]	دابزاندنی شەکری خوێن
لیپاز[31]	بڵاوەپێکردنی چەوریی	گلوکاگۆن[32]	زێدەکردنی شەکری خوێن
تریپسینۆژن[33]	چەشنی ناکارایی تریپسین[34] (تریپسین لە بڵاوەپێکردنی پرۆتیێن بەشداری دەکا)	گاسترین[35]	بزوێنەرە بۆ دەڵاندنی ئەسید گاستریک لە گەدە
کیمۆتریپسیدۆژن[36]	بڵاوەپێکردنی پرۆتئێن	سۆماتۆستاتین[37]	پێشگیریی لە درووست بوون و دەڵاندنی ئینسۆلین و گلۆکاگۆن لە شپیلک دەکا

29- Amylase
30- Insulin
31- lipase
32- Glucagon
33 -Trypsiogen
34- Trypsin
35- Gastrin
36- Chymotrypsinogen
37- Somatostatin

هۆکانی سەرەکیی "هەوکردنی کتوپڕی شپیلک"[٣٨]

- ✓ بەردی زیلک،
- ✓ خواردنەوەی لە ڕادەبەدەری ئەلکۆڵ(کحول).

نیشانەکانی هەوکردنی شپیلک کامانەن ؟

- ✓ ئێشی کتوپڕ لە سەرەوەیٚ زگ و تەشەنەکردنی بەرەوە پشت،
- ✓ دڵتێکەڵاتن، ڕشانەوە، باکردنی زگ،
- ✓ تا،
- ✓ لە بەشێک لە نەخۆشەکاندا: کەمکردنی ئاوی لەش[٣٩]، خوێنرێژیی، دابەزینی گوشاری خوێن، شۆک و مردن.

دکتۆر بۆ دیارییکردنی ئەم نەخۆشییە چی دەکا؟

بو دیارییکردنی ئەم نەخۆشییە دکتۆر دوای تێڕوانینی جەستە، خوێنی نەخۆش بۆپشکنین دەنێریٚ بۆ تاقیگە. لەم پشکنینەدا لەوە دەچیٚ ڕادەی ئامیلاز و لیپاز زیاد بکەن. دکتۆری پسپۆڕ بە یارمەتی دەزگای سۆنۆگرافیی و کۆمپیوتر تۆمۆگرافیی تەماشای شپیلک و ئاڵوگۆڕەکانی ئەم ئەندامە دەکا.

ئاڵۆزییەکان و مەترسیی ئەم نەخۆشییە کامانەن؟

- ✓ گیروگرفتی سییەکان،
- ✓ لە کارکەوتوویی کتوپڕی گورچیلەکان،
- ✓ خوێن بەربوون،
- ✓ دابەزینی نائاسایی ئاوی جەستە [٤٠] و شۆک.


ئەم نەخۆشییە چۆن چارە دەکریٚ؟

38- Acute pancreatitis
39- Dehydration
40- Hypovolemia,

- ✓ نەخۆش بۆ کۆنترۆڵی ئێش، دڵ تێکەڵاتن، ڕشانەوە و هاوسەنگیی ئاو و ئەلیکترۆلیتەکانی[41] جەستە لە نەخۆشخانە دەی خەوێنن.
- ✓ لە کاتی پێویستدا بۆ دەرهێنانی بەردی زیلک، کەڵک لە نەشتەرگەریی وەردەگیردرێت.

41- Electrolyte، ماددەیەکە کە لە کاتی توانەوە لە تراوێکدا، ئەلکترۆلیت بکات، دەبێتە یۆن و دەتوانێ ڕەوتی کارەبا راگوێزێ،

بەشی هەشتەم
هەوکردنی درێژخایەنی شپیلک



هەوکردنی درێژخایەنی شپیلک[٤٢] دەبێتە هۆی گۆڕانکاریی بەردەوام و نەگەڕاوەی پێکهاتە و کاری ئەم ئەندامە.

هۆکانی هەوکردنی درێژخایەنی شپیلک کامانەن؟

- ✓ خواردنەوەی لە ڕادەبەدەری ئەلکهۆڵ(کحول)،
- ✓ بەسترانی لولەی شپیلک بە هۆی بەردی زراوەوە،
- ✓ زێدە بوونی چەوریی خوێن[٤٣] ،
- ✓ نەخۆشیی خۆپارێزیی[٤٤]،

42- Chronic pancreatitis
43- Hyperlipidemia
44- Autoimmune disorders

- ✓ ئازار و زەبروێکەوتنی شپیلک.

نیشانەکانی هەوکردنی درێژخایەنی شپیلک کامانەن؟

- ✓ ئێش لە سەرەوەی زگ بۆ ماوەی چەند کاتژمێر تا چەند ڕۆژ. ئێش بەرەو پشت تەشەنە دەکا و پاش نانخواردن یان خواردنەوەی ئەلکۆڵ خەراپتر دەبێ،
- ✓ پیسایی چەور[٤٥]، سگەشۆرێ وەکو ئاکامی لاسەنگییی ڕاکێشانی چەوریی لە ڕیخۆڵەدا و بۆنێکی توند، ناخۆش و نائاسایی پیسایی،



- ✓ کزبوون.
- ✓ دڵ تێکەڵاتن و ڕشانەوە.

دکتۆر بۆ دیارییکردنی ئەم نەخۆشییە چی دەکا؟

---

45 Steatorrhea



بو دیاری‌کردنی ئەم نەخۆشییە دکتۆر دوای تێڕوانینی جەستە، خوێنی نەخۆش بۆ پشکنین دەنێرێ بۆ تاقیگە. لەم پشکنینەدا لەوە دەچێ ڕادەی ئامیلاز و لیپاز زیاد بکەن و ڕادەی تریپسینۆژن کەم بکا. دکتۆری پسپۆڕ بە یارمەتیی دەزگای سۆنۆگرافیی و کامپیوتر تۆمۆگرافیی و ڕادیۆگرافیی تەماشای شپیلک و ئالوگۆڕەکانی ئەم ئەندامە دەکا.

ئاڵۆزیی‌یەکان و مەترسیی ئەم نەخۆشییە کامانەن؟

- ✓ بەسترانی ڕێگای ڕیخۆڵە باریکە،
- ✓ لە کارکەوتنی کاری ئاسایی شپیلک[٤٦]،
- ✓ ئاوهێنانی نائاسایی ناو زگ[٤٧]،
- ✓ دەڵەمەی خوێن لە خوێنهێنەرەکانی سپڵ،
- ✓ شۆک و مردن.

ئەم نەخۆشییە چۆن چارە دەکرێ؟

- ✓ خواردنی چێشتی کەم‌چەوریی،


46- Pancreatic insufficiency, ناتەواویی شپیلک

47- Ascites

- ✓ خواردنی ڤیتامین (ئەوانەی کە لە چەورییدا دەتوێنەوە) و کالسیۆم،
- ✓ ئینسۆلین بۆ کۆنترۆڵی شەکری خوێن،
- ✓ نەخواردنی ئەلکۆڵ (کحول)
- ✓ نەشتەرگەری بۆ دەرهێنانی بەردی زیلک و تومۆر.

بەشی نۆیەم

هەوکردنی جەرگ[48]



جۆرەکانی هەوکردنی جەرگ(جگەر) کامەن؟

هەوی جەرگ بە هۆی دەستپێکردن و خایاندنی بە هەوی کتوپڕو درێژخایەنی جەرگ و بە پێی هۆی پێکهێنەرەکانی بە چەشنی چڵکی و ناچڵکیی دابەش دەکرێ.

جۆرەکانی هەوکردنی چڵکی جەرگ کامانەن؟

هەوی چڵکی جەرگ بە پێی ئەو ڤایرۆسانەی کە هۆی ئەم نەخۆشییەن بە چەشنەکانی خوارەوە دابەش دەکرێ:

48- Hepatitis

جۆرەکان	هۆ	هۆی تووشبوون
هەوی جەرگ لە چەشنی A	ڤایرۆسی هەوی جەرگ لە چەشنی A	ئاو و خواردەمەنی، دەستی پیس و ئالوودە[٤٩]
هەوی جەرگ لە چەشنی B	ڤایرۆسی هەوی جەرگ لە چەشنی B	گوێزرانەوە بەهۆی خوێن، پەیوەندیی جنسیی، لە دایک بۆ منداڵ، دەرزیی بە تایبەتیی لە نێو هۆگرەکان بە ماددەی سڕکەر
هەوی جەرگ لە چەشنی C	ڤایرۆسی هەوی جەرگ لە چەشنی C	خوێن، گوێزرانەوە لە دایک بۆ منداڵ
هەوی جەرگ لە چەشنی D	ڤایرۆسی هەوی جەرگ لە چەشنی D	وەک چەشنی B
هەوی جەرگ لە چەشنی E	ڤایرۆسی هەوی جەرگ لە چەشنی E	وەک چەشنی A

چەشنەکانی هەوکردنی ناچڵکیی جەرگ کامانەن؟

- ✓ هەوکردنی جەرگ بە هۆی کاریگەریی ئەلکۆڵ(کحول)،
- ✓ هەوکردنی جەرگ بە هۆی دەوا و سەم(زەهر). بۆ نموونە وەک کارتێکەریی دەواگەلێک وەک تیتراسیکلین، دیکلوفیناک،
- ✓ هەوکردنی جەرگ وەک ئاکامی نەخۆشییەکانی دیکە، بۆ نموونە سارکۆئیدۆز[٥٠]

٤٩- گیرۆدە

نیشانەکانی هەوی جەرگ کامانەن؟



زەردی سپیایی چاو

لە سەرەتادا نیشانەیەکی وەها لە زۆربەی نەخۆشەکاندا نابیندرێ. بەڵام نیشانەکانی خوارەوە دەتوانێ وەبەرچاو کەوێ:

داهێزراوی، بێ ئیشتیهایی، ئێشی جومگەکان، هەست بە ئێش و فشارلە بەشی سەرەوەی زگ. لە بەشێک لە نەخۆشەکاندا زەردی پێست و سپیایی چاو، خوورنی جەستە(بە هۆی زۆربوونی ئەسیدی زیلک)، ڕەشبوونی میز و سپیبوونی پیسایی دەبیندرێ.

دکتۆر بۆ دیارییکردنی ئەم نەخۆشییە چی دەکا؟

بو دیارییکردنی ئەم نەخۆشییە دکتۆر دوای تێڕوانینی جەستە، خوێنی نەخۆش دەنێرێ بۆ پشکنین. دکتۆری پسپۆڕ بە یارمەتی دەزگای(ئامێر) سۆنۆگرافیی تەماشای جەرگ دەکا، هەروەها نموونەش لە جەرگ هەڵدەگرێ.

٥٠- نەخۆشیەکی دریژخایەنی گشتییە (سیستێمێکە) کە هۆکانی نەناسراون. لە زۆربەی ئەندامەکانی جەستە گرێی زۆر ورد بە ئەندازەی شەکر یا خیز درووست دەبێ کە پێیان دەگوترێت گرانۆلۆم,Sarcoidosis .

ئاڵۆزییەکان و مەترسیی ئەم نەخۆشییە کامانەن؟


ئەم نەخۆشییە بە تایبەتیی چەشنی درێژخایەنی چڵکی،دەتوانێ ببێتە هۆی شێرپەنجەی جەرگ و لەکارکەوتنی کاری ئاسایی ئەم ئەندامە.

ئەم نەخۆشییە چۆن چارە دەکرێ؟

بۆ چارەکردنی ئەم نەخۆشییە بە پێی هۆکانی لە دەوا(دەرمان)، هەروەها رژێمی خۆراکی بە تایبەتی وەلانانی خواردنەوەی ئەلکۆڵدار(کحولی تێدابێت) کەڵک وەردەگیرێ.

بەشی دەیەم


ئەپاندیسیت[51]



ئەپاندیسیت چییە؟

بە هەوکردنی زێدە گۆشتی کلێنچکەی ڕیخۆڵە کوێرە[52] ئەپاندیسیت دەگوترێ.

هۆکانی ئەپاندیسیت چین؟



---

51 Appendicitis

52 Appendix, ئەپاندیس

هەوکردنی زێدە گۆشتی کلینچکەی ڕیخۆڵە کوێرە

تەنگبوون یان بەسترانی لولەی ئەپاندیس، دەبێتە هۆی چالاکبوونی بەکتریاەکانی ناو ئەم ئەندامە و لە ئاکامدا چڵکردن و هەوکردنی ئەپاندیس.

نیشانەکانی ئەپاندیسیت کامانەن؟

- ✓ ئێش لە سەرەتادا لە ناوەڕاستی سەرەوەی زگ و پاش چەند کاتژمێرێک لە بەشی ڕاستی خوارەوەی زگ،
- ✓ دڵ تێکەڵاتن، ڕشانەوە،
- ✓ یاو(تا)،
- ✓ بێئیشتیهایی.

دکتۆر بۆ دیارییکردنی ئەم نەخۆشییە چی دەکا؟

بو دیارییکردنی ئەم نەخۆشییە، دکتۆر دوای تێڕوانینی جەستە، خوێنی نەخۆش بۆ پشکنین دەنێرێ و بە یارمەتی ئامێری سۆنۆگرافیی تەماشای زگ دەکا. لەوەدەچێ ڕادەی خڕۆکە سپییەکانی خوێن زیاد بکاو لە کاتی سۆنۆگرافییدا، تراو لە ڕیخۆڵە کوێرەدا ببیندرەێ .


ئاڵۆزییەکان و مەترسیی ئەم نەخۆشییە کامانەن؟

- ✓ کونبوونی ڕیخۆڵە کوێرە و بڵاوبوونەوەی چڵک لە زگدا،
- ✓ کۆبوونەوەی چڵک،
- ✓ هەوکردنی ئەو تۆێخەی کە دیواری زگ و چاڵی دیزەڵە دادەپۆشێ.

ئەم نەخۆشییە چۆن چارە دەکرێ؟

بۆ چارەکردنی ئەم نەخۆشییە لە نەشتەرگەریی کەڵک وەردەگیرێ.

بەشی یازدە
شێرپەنجەی ڕیخۆڵەی ڕاست




شێرپەنجەی ڕیخۆڵەی ڕاست[53] دووهەمین شێرپەنجەی بەرچاوە دوای شێرپەنجەی سیی‌یەکان لە پیاوان و شێرپەنجەی مەمک لە ژنان‌دا.

هۆکان و هۆکارەکانی شێرپەنجەی ڕیخۆڵەی ڕاست کامانەن؟

- ✓ پۆلیپی بنەماڵەیی ڕیخۆڵەی گەورە،

53- Rectal Carcinoma


پۆلیپی ڕیخۆڵەی ڕاست


- ✓ هەو- زامی ڕیخۆڵە،
- ✓ زۆربوونی پرۆتیین و چەوریی ئاژەڵی لە خواردەمەنی‌دا،
- ✓ کەمبوونی سەوزیی و میوە لە بەرنامەی خواردەمەنی‌دا،
- ✓ جگەرەکێشان،
- ✓ لە تەمەنی دوای ٥٠ ساڵەیدا ڕادەی مەترسیی ئەم نەخۆشییە دەچێتە سەرێ.

نیشانەکانی شێرپەنجەی ڕیخۆڵەی ڕاست کامانەن؟

- ✓ بوونی خوێن لە پیسایی دا،
- ✓ گۆڕانی کتوپڕی عادەتی چوونە ئاودەست (جێگۆڕکێی قەبزیی و سگچوون)،
- ✓ هەستکردن بە ماندوویی،
- ✓ بێئیشتیهایی،
- ✓ کزبوون،
- ✓ ئاوهێنانی زگ،
- ✓ زگئێشە،
- ✓ کون بوونی ڕیخۆڵە.

دکتۆر بۆ دیاریی‌کردنی ئه‌م نه‌خۆشییه‌ چی ده‌کا؟





دیتنی شێرپه‌نجه‌ی ڕیخۆڵه‌ی ڕاست به‌ یارمه‌تی کۆڵۆسکۆپیی

بو دیاریی‌کردنی ئه‌م نه‌خۆشییه‌ دکتۆری پسپۆڕ له‌ کۆڵۆسکۆپ بۆ ته‌ماشای ڕیخۆڵه‌، هه‌روه‌ها له‌ سۆنۆگرافیی، کۆمپیوته‌ر تۆمۆگرافیی و ڕادیۆگرافیی ڕکه‌ی‌سنگ بو دیاریی‌کردنی شێرپه‌نجه‌ و بڵاوبوونه‌وه‌ی سه‌ره‌تان[٥٤] له‌ ئه‌ندامه‌کانی‌تری جه‌سته‌دا، که‌ڵکوه‌رده‌گرێ. له‌ یه‌ک له‌ سه‌رسێی نه‌خۆشه‌کاندا، شێرپه‌نجه‌ی ڕیخۆڵه‌ی ڕاست له‌ کاتی تێروانین وه‌به‌ر قامکی ده‌ستی دکتۆر ده‌که‌وێ. له‌ به‌شیک له‌ نه‌خۆشه‌کاندا نیشانه‌کانی که‌مخوێنی ده‌بیندرێ.

ئه‌م نه‌خۆشییه‌ چۆن چاره‌ ده‌کرێ؟


بۆچاره‌سه‌رکردنی ئه‌م نه‌خۆشییه‌ که‌ڵک له‌ نه‌شته‌رگه‌ری وه‌رده‌گیرێ.

54- Metastasis

بەشی دوازدە

دیڤێرتیکول، دیڤێرتیکولۆز و دیڤێرتیکولیت

مەبەست لە دیڤێرتیکول[55] پێکهاتنی کیسە یان تورەکەیەکی نائاسایی لە دیواری ئەندامێکی بۆش یان لە چەشنی لولەیە. ئەو کاتەی کە ڕادەی ئەم کیسانە لە چەند دانە زۆرتر بن، پێیان دەڵێن دیڤێرتیکولۆز[56]. بە هەوکردنی ئەم کیسانە دیڤێرتیکولیت[57] دەکوترێ.



لە چ تەمەنێک و لە کام یەک لە ئەندامەکانی جەستە مەترسیی پێکهاتنی دیڤێرتیکول زۆرترە؟

مەترسیی درووستبوونی دیڤێرتیکول لە ٤٠ ساڵییەوەیە. ئەم حاڵەتە لە قوریژنک و ڕیخۆڵەدا زۆرتر دەبیندرێ.

55- Diverticulum
56- Diverticulosis
57- Diverticulitis

هۆکانی دروستبوونی دیڤێرتیکول کامانەن؟

بەرزبوونی گوشاری نێو ئەم ئەندامانە هۆی سەرەکیی دروستبوونی دیڤێرتیکولە. بۆ نموونە ڕەقبوونی پیسایی کە ئاکامی قەبزییەکی بەردەوامە، هۆکارە سەرەکییەکانی پێکهاتنی دیڤێرتیکولی ڕیخۆڵەیە.


نیشانەکانی دیڤێرتیکولۆز کامانەن؟

لە زۆربەی ئەوکەسانەدا کە تووشی دیڤێرتیکولۆز دەبن، نیشانەیەکی تایبەتیی نابیندرێ، بەڵام جارو بار نیشانەگەلێک وەکو قەبزیی، قۆڵنج و باکردنی زگ دەبیندرێ.

نیشانەکانی هەوی دیڤێرتیکولەکانی ڕیخۆڵە کامانەن؟

ئێش بە تایبەتیی لە بەشی چەپی خوارەوێ زگ نیشانەی سەرەکیی هەوکردنی دیڤێرتیکولە. لە کاتی چڵککردنی دیڤێرتیکولەکاندا نیشانەگەلێک وەکو یاو(تا)، دڵ تێکەڵاتن، ڕشانەوە، لەرزو قەبزی دەبیندرێن.

نیشانەکانی دیڤێرتیکولیتی قوریژنک کامانەن؟



لەوەدەچێ قووت نەچوونی خواردەمەنی[58]، ڕشانەوە یا گەڕانەوەی چێشتی خواردراو بۆ ناو دەم[59]، بۆنی لە ڕادەبەدەر ناخۆشی دەم بە هۆی مانەوەی خواردەمەنی هەزمنەکراو لە قوڵکایی دیڤێرتیکولدا، لە نیشانەکانی ئەم نەخۆشییە بن.

ئاڵۆزییەکان و مەترسیی ئەم نەخۆشییە کامانەن؟


لەم نەخۆشانەدا مەترسیی خوێنڕێژی، چڵککردن، کونبوونی ئەندام، پێکهاتنی ئابسە و فیستوول هەیە.


دکتۆر بۆ دیارییکردنی ئەم نەخۆشییە چی دەکا؟

بو دیارییکردنی ئەم نەخۆشییە دکتۆر دوای تێڕوانینی جەستە، خوێنی نەخۆش بۆ پشکنین دەنێرێ

---

58 Dysphagia,
59 Regurgitation





دیڤێرتیکولی ڕیخۆڵە لە کۆلۆسکۆپییدا

دیڤێرتیکولی قوریژنک لە ڕادیۆگرافییدا

بۆ تاقیگە و کەڵک لە سۆنۆگرافیی، کامپیوترتومۆگرافیی، کۆلوسکۆپیی، گاسترۆئندسکۆپیی[٦٠] و وێنەگرتن وەردەگری. لەوە دەچێ ڕادەی خڕۆکە سپییەکانی خوێن زیاد بکا.

ئەم نەخۆشییە چۆن چارە دەکرێ؟

بۆ چارەکردنی ئەم نەخۆشییە لە ڕژیمی خۆراکیی، ئەنتیبیوتیک و نەشتەرگەریی کەڵک وەردەگیرێ.

60- Gastroscopy, دیتنی قوریژنک، گەدە و دوازدەقامکە بە یارمەتی گەدەبین

بەشی سێزدە

قەبزیی



مەبەست لە قەبزیی[61] چییە؟

مەبەست لە قەبزیی حاڵەتی کارنەکردنی زگی کەسێەکە کە کەمتر لە سێ جار لە هەفتەیەکدا بۆ ئاودەست بچێ. لەم حاڵەتەدا پیسایی ڕەقە و، حەرەکەتی ڕیخۆڵەکان کەم و نائاساییە. حەرەکەتی ڕیخۆڵەکان لە حاڵەتی ئاساییدا لە ٣ جار لە ڕۆژ تا ٣ جار لە هەفتەدایە.


هۆکانی قەبزیی کامانەن؟

بەشێک لە هۆکانی قەبزیی بریتین لە:

- ✓ ڕژیمی خواردن(نەخواردنی سەوزیی، میوە، ئاو و تراوی پێویست لە ڕژیمی نانخواردنی ڕۆژانەدا)،
- ✓ دەواگەلیک وەک ئێش برەکان، ئەنتیدێپرێسیۆنەکان(بۆ دەرمانی خەم و پەژارە)، باریۆم، بیسمووت و ....،

61- Constipation

- ✓ سکپڕی،
- ✓ کەم کاریی لووی تیرۆئید،
- ✓ کەم یان زۆربوونی کالسیۆمی خوێن،
- ✓ تەنگبوون و بەسترانی ڕیخۆڵە، وەک ئاکامی شێرپەنجەکانی ڕیخۆڵە، هەو و زامی ڕیخۆڵە و ...)



- ✓ نەخۆشیی شەکرە،
- ✓ نەخۆشیی پارکێنسیۆن،
- ✓ نەخۆشیی دەروونی وەک خەمۆکی،
- ✓ سەکتەی مێژیی (مێشک).

دکتۆر بۆ دیارییکردنی ئەم حاڵەتە چی دەکا؟

بو دیارییکردنی ئەم حاڵەتە، دکتۆر دوای تێڕوانینی جەستە، خوێنی نەخۆش دەنێرێ بۆ تاقیگە(بۆ ئاگاداربوون لە ڕادەی هۆرمونی TSH، شەکری خوێن و ...) و لە سۆنۆگرافیی (بۆ دیتنەوەی دیڤێرتیکولەکان)، کۆلۆسکۆپیی (بۆ ئاگاداریی لە بەستران، تەنگیی یا هەو و زامی ڕیخۆڵە) و وێنەگرتن لە زگ کەڵک وەردەگرێ.

قەبزیی چۆن چارە دەکرێ؟





بۆ چارەسەرکردنی قەبزی دەبێ هۆی پێکهێنەر دەرمان بکرێ. بۆ خواردن دەبێ لە سەوزیی و میوەی زۆر؛ خواردنەوەی ئاو تا ٨ پەرداخ لە ڕۆژدا و وەرزشی بەردەوام کەڵک وەربگیرێ.

بەشی چواردە

زگچوون





مەبەست لە زگچون(سکەشۆرە) چییە؟

به پیسایی شل و ئاوەکی،دەڵێن سکەشۆرە(ئیسهال\ازگچوون). ئەو کەسەی کە تووشی سکەشۆرە دەبێ، ڕۆژانە پتر لە سێ جار بۆ ئاودەست دەچێ. سکەشۆرە نەخۆشیی نییە، بەڵکو یەکێک لە نیشانەکانی نەخۆشییە.

مەبەست لە سکەشۆرەی کتوپڕ و درێژخایەن چییە؟

مەبەست لە سکەشۆرەی\ازگچوون کتوپڕ، کاتێکە کە ئەم حاڵەتە کەمتر لە سێ حەووتو درێژەی بێ، ئەگەر زگچوونەکە پتر لە سێ حەووتو بێ، سکەشۆرەی درێژخایەنی پێ دەکوترێ.

هۆکانی زگچوون کامانەن؟

ڕەنگە هۆیەکەی سکەشۆرەی کتوپڕ: بەکتریا، ڤایرۆس یان پارازیت بێ، بەڵام هۆی سەرەکیی سکەشۆرەی درێژخایەن: تێکچوونی کاری ڕیخۆڵە یان هەوکردنی ئەم ئەندامەیە. (خواردەمەنیی پیس، هەوکردنی ڤایرۆسیی جەرگ، داوودەرمانی وەک ئەنتیبیوتیکەکان، نەخۆشیی کرۆن و ...).

ئاڵۆزییەکان و مەترسیی سکەشۆرە کامانەن؟

کەمکردنی ئاو و ئەلکترۆلیتەکانی لەش و دابەزینی گوشاری خوێن لە ئاڵۆزییەکانی سەرەکیی زگچونن کە بە تایبەتیی لە منداڵان و پیراندا دەتوانێ ئاکامێکی پڕ مەترسیی بۆ سلامەتی ئەوان بەدواوەبێت.

دکتۆر بۆ دیارییکردنی زگچون چی دەکا؟

بو دیارییکردنی ئەم حاڵەتە دکتۆر دوای تێڕوانینی جەستە، خوێن و پیسایی نەخۆش (بۆ دیارییکردنی میکرۆبەکان) دەنێرێ بۆ تاقیگە و لە سۆنۆگرافیی، کۆلوسکۆپیی و وێنەگرتن لە زگ کەڵک وەردەگرێ.

سکەشۆرە چۆن چارە دەکرێ؟


بۆ چارە سەرکردنی سکەشۆرە دەبێ هۆی پێکهێنەر دەرمانبکرێ. بۆ پێشگیریی لە ئاکامەکانی کەمکردنی تراوی جەستە، خواردنەوەی ئاوی پێویست و ڕێژیمی تایبەتیی خۆاردن پێشنیار دەکرێ.


بەشی پانزدە

خوێن بەر بوونی کتوپڕ

ئەندامەکانی سەرەوەی دەزگای هەرس

لەم حاڵەتەدا سەرچاوەی خوێنرێژیی، ئەندامەکانی نێوان تەسکیی سەرەوەی قورێژنک[٦٢] و کۆتایی دوازدەگرێیە.






هۆکانی خوێنرێژیی کتوپڕی ئەندامەکانی سەرەوەی دەزگای هەزمکردن کامانەن؟


- ✓ زامی گەدە و دوازدەگرێ،
- ✓ ڤاریسی[٦٣] قورێژنک و گەدە،
- ✓ سێندرۆمی ماڵۆری ـ وەیس[٦٤]،

62- Upper esophageal sphincter

63- Varicose, هەراوی و پێچخواردنی نائاسایی خوێنهێنەرەکان

64- Mallory-Weiss-Syndrome, پچڕانی تۆیخی ناوەکیی خوارەوەی قورێژنک پاش ڕشانەوەیەکی بە هێز





ڤاریسی قوریژنک

نیشانەکانی خوێنرێژیی ئەندامەکانی سەرەوەی دەزگای هەزمکردن کامانەن؟

بەشێک لە نیشانەکانی خوێنرێژیی کتوپڕی ئەندامەکانی سەرەوەی دەزگای هەزمکردن بریتین لە:

- ✓ بێهێزیی لەش،
- ✓ زگئێشە،
- ✓ ماندوویی،
- ✓ خوێن ڕشانەوە،
- ✓ سپیهەڵگەڕانی پێست،
- ✓ دڵەکوتە،
- ✓ پیسایی ڕەش،
- ✓ شۆک (ڕاچڵەکین) بە هۆی لە دەستدانی خوێن.

دکتۆر بۆ دیاریی‌کردنی خوێنرێژیی چی دەکا؟

بو دیاریی‌کردنی ئەم نەخۆشییە دکتۆر دوای تێڕوانینی جەستە، خوێنی نەخۆش بۆ پشکنین دەنێرێ بۆ تاقیگە و لە سۆنۆگرافیی، کۆلوسکۆپیی ، گاسترۆئندسکۆپیی و وێنەگرتن کەڵک وەردەگرێ. پێ دەچێ ڕادەی خڕۆکە سوورەکانی خوێن، هماتۆکریت[٦٥] و هێمۆگلۆبین[٦٦] کەم بکا.

ئەم نەخۆشییە چۆن چارە دەکرێ؟

بە پێی هۆی خوێنرێژیی بۆ چارەکردنی ئەم نەخۆشییە لە دەرمان، هەروەها نەشتەرگەریی کەڵک وەردەگیرێ.

65- Hematocrit, لە سەدا بارستایی خڕۆکە سوورەکانی خوێنی جەستە

٦٦- Hemoglobin مادەیەکی ڕەنگیی ئۆکسیژن هەڵگرە لە خڕۆکە سوورەکانی خوێندا


بەشی شانزە


خوێن بەربوونی کتوپڕ

ئەندامەکانی خوارەوەی دەزگای هەرس

لەم حاڵەتەدا سەرچاوەی خوێنرێژیی ئەندامەکانی نێوان کۆتایی دوازدەگرێ و کۆمە.

هۆکانی خوێنرێژیی کتوپڕی ئەندامەکانی خوارەوەی دەزگای هەزمکردن کامانەن؟





- ✓ دڤێرتیکولەکانی ڕیخۆڵە،
- ✓ هەو و زامی ڕیخۆڵەی گەورە،
- ✓ نەخۆشیی کرۆن،
- ✓ پۆلیپەکان،
- ✓ شێرپەنجەی ڕیخۆڵە.

نیشانەکانی خوێنرێژیی ئەندامەکانی خوارەوەی دەزگای هەزمکردن کامانەن؟

بەشێک لە نیشانەکانی خوێنرێژیی کتوپڕی ئەندامەکانی خوارەوەی دەزگای هەزمکردن بریتین لە:

- ✓ پیسایی ڕەش،
- ✓ بێهێزی لەش،
- ✓ زگ ئێشە،
- ✓ ماندوویی،
- ✓ سپیهەڵگەڕانی پێست،
- ✓ دڵەکوتە،
- ✓ شۆک بە هۆی لە دەستدانی خوێن،

دکتۆر بۆ دیارییکردنی خوێنرێژیی چی دەکا؟


بو دیارییکردنی ئەم نەخۆشییە دکتۆر دوای تێڕوانینی جەستە، خوێنی نەخۆش بۆ پشکنین دەنێرێ بۆ تاقیگە و لە سۆنۆگرافیی، کۆلوسکۆپیی، گاسترۆئندسکۆپیی و وێنەگرتن کەڵکوەردەگرێ. پێدەچێ ڕادەی خڕۆکە سوورەکانی خوێن، هماتۆکریت و هێمۆگلۆبین کەم بکا.


ئەم نەخۆشییە چۆن چارە دەکرێ؟

بە پێی هۆی خوێنرێژیی بۆ چارەکردنی ئەم نەخۆشییە لە دەرمان ولە، هەروەها نەشتەرگەری کەڵکوەردەگیرێ.

بەشی حەڤدە

ڕەفلاکس ئێزۆفاگیت





ڕەفلاکس ئێزۆفاگیت[٦٧] چییە؟

بە هەوکردنی قوریژنک، وەک ئاکامی گەڕانەوەی ئەسیدی گەدە بۆ ناو ئەم ئەندامە"ڕەفلاکس ئێزۆفاگیت" دەگوترێ.

67- Reflux Esophagitis

هۆکانی ڕەفلاکس ئێزۆفاگیت کامانەن؟

نەبەسترانی تەسکیی خوارەوەی قوریژنک[٦٨] هۆی سەرەکیی ئەم نەخۆشییە. چوونە سەرەوەی گوشاری ناو زگ، قەڵەویی، زۆرکێشانی جگەرە، خواردنەوەیێ لە ڕادەبەدەری ئەلکۆڵ(کحول)، شێوانی حەرەکەتی ئاسایی قوریژنک، هەروەها فیتقی دیافراگم ڕۆڵیکی بەرچاویان لەم ڕەوتەدا هەیە.

نیشانەکانی ڕەفلاکس ئێزۆفاگیت کامانەن؟





دڵەکزە

دڵەکزە[٦٩]، ئێشی سەردڵ، دڵ تێکەلاتن، بە تایبەتیی لە کاتی ڕاکشان و خەوتندا، هەروەها کۆخین بە هۆی گەڕانەوەی ئەسیدی گەدە بۆ ناو قوریژنک و دەم لە نیشانەکانی ئەم نەخۆشییەن.

68- Lower esophageal sphincter (LES)
69- Heartburn

ئاڵۆزییەکان و مەترسیی ئەم نەخۆشییە کامانەن؟




گۆڕانی نائاسایی سلوله(خانه)کانی قوریژنک تەنگیی قوریژنک

- ✓ خوێنریژیی،
- ✓ تەنگیی نائاسایی قوریژنک،
- ✓ گۆڕانی نائاسایی سلوله(خانه)کانی قوریژنک[٧٠] که پلەی پێش پێکهاتنی شێرپەنجەی قوریژنکە.

دکتۆر بۆ دیارییکردنی ئەم نەخۆشییە چی دەکا؟

بو دیارییکردنی ئەم نەخۆشییە دکتۆر دوای تێڕوانینی جەستە، لە ئندسکۆپیی، هەروەها ئەندازەگرتنی ڕادەیَ ئەسیدی ناو قوریژنک کەڵک وەردەگریَ.

ئەم نەخۆشییە چۆن چارە دەکریَ؟

بۆ چارەکردنی ئەم نەخۆشییە لە دەرمان، هەروەها نەشتەرگەریی کەڵک وەردەگیریَ.


70 Barrett’s esophagus

بۆ ئەو نەخۆشانە چ پێشنیارێک دەکرێ؟


- ✓ گرتنی ڕژیمێکی درووستی خواردن، خۆپاڕاستن لە خواردنەوەی قاوە ،لە خواردنی شوکۆلات، لە چێشتی چەور ،لە پیواز، لە بیبەر ولە خواردنەوەی ئەلکۆل)،
- ✓ کەمخۆری، خۆاردنی کەم لە ٥ تا ٦ ژەمدا،
- ✓ کۆنترۆڵی قورسایی جەستە،
- ✓ بەرزڕاگرتنی سەر لە کاتی خەوتندا(سەرتان لە سەر سەرین(باڵشت) بەرز دانێن)،
- ✓ لەبەرنەکردنی شەرواڵ یا دامەن(تەنورە) تەسک.

بەشی هەژدە

ئاشلازیا



نەکرانەوەی تەسکیی
خوارەوەی قوڕیژنک



ئاشلازیا[71] چییە؟

بە تێکچوونی حەرەکەتی ئاسایی ماسولکەی سافی قورێژنک کە دەبێتە هۆی ڕۆنەچوونی خواردەمەنی بەرەو گەدە، هەروەها نەکرانەوەی تەسکیی خوارەوەی قورێژنک (بازنەیەک لە ماسولکە لە نێوان قورێژنک و گەدەدا) ، ئاشلازیای پێدەگوترێت.

هۆکانی ئاشلازیا کامانەن؟

هۆکانی سەرەکیی ئەم نەخۆشییە نەناسراون. بەڵام لەوەدەچێ فاکتەرگەلی چلکی، زگماکیی یان دەزگای بەرگریی جەستە بەو چەشنە کە بە جێی بەرگری لە مرۆڤ بە شێوەیەکی نائاسایی هێرش بباتە سەر جەستەی ئەو کەسە و کاری عەسەبەکان و ماسولکەی قورێژنک تێکدا، ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبێ لە پێکهێنانی ئەم نەخۆشییە بە تایبەتیی لە شێواندنی ئەرکی ڕێکوپێکخستنی حەرەکەتی شەپۆل ئاسای[72] ماسولکەکان لە لایەن دەمار(عەسەب)ەکانیەوە. حەرەکەتی شەپۆلیی ماسولکەکان هۆی حەرەکەتی پاروی خۆاردراو لە سەرەوی قورێژنک بەرەو گەدەیە.

نیشانەکانی ئاشلازیا کامانەن؟

- ✓ دژواری لە خواردن و خواردنەوەدا،
- ✓ گەڕانەوەی خۆراکی هەزمنەکراوە بەرەو دەم،
- ✓ کۆخین بە هۆی گەڕانەوە و کەوتنی خۆراکی هەزمنەکراوی ناو قورێژنک بۆ ناو سییەکان،
- ✓ سنگ‌ئێشە،
- ✓ دڵەکزە.

71- Achalasia


72- Waves peristaltic

ئاڵۆزییەکانی ئەم نەخۆشییە کامانەن؟

- ✓ دابەزینی نائاسایی قورسایی جەستە،
- ✓ سەتلوجەم (هەوکردنی سییەکان وەک ئاکامی کەوتنی خۆراکی هەزمنەکراوی ناو قوریژنک بۆ ناوسییەکان)،
- ✓ چوونەسەرەوەی مەترسیی شێرپەنجەی قوریژنک.

دکتۆر بۆ دیارییکردنی ئەم نەخۆشییە چی دەکا؟

بو دیارییکردنی ئەم نەخۆشییە دکتۆر دوای تێڕوانینی جەستە، لە وێنە گرتن لە کاتی خواردنەوەی ماددەی باریۆم[٧٣]، مانۆمێتری قوریژنک[٧٤] بۆ دیارییکردنی ڕادەی شێوانی کاری ماسولکەی قوریژنک و گاسترۆئندسکۆپیی کەڵک وەردەگری.



مانۆمێتری قوریژنک




وینە گرتن لە کاتی
خواردنەوەی ماددەی باریۆم

73- Barium
74- Esophageal manometry

ئەم نەخۆشییە چۆن چارە دەکرێ؟

بۆ چارەی ئەم نەخۆشییە لە دەوا، ئاوەلاکردنەوەی تەسکایی خوارەوەی قوریژنک بە یارمەتی بالۆن، بڕین و جۆێکردنەوەی ماسولکەی قوریژنک[٧٥]، لێدانی (تەزریق) سەمی بۆتۆلیۆم[٧٦] لە ماسولکەی تەسکایی خوارەوەی قوریژنک بۆ خاوکردنەوی ئەو ماسولکەیە کەڵک وەردەگیرێ.




75- Esophagomyotomy
76- Botulinum toxin

بەشی نۆزدە

باریتس ئیزۆفیێگس

مەبەست لە باریتس ئیزۆفیێگس [77] چییە؟

مەبەست لە "باریتس ئیزۆفیێگس" گۆڕانی نائاسایی ڕەنگ و پێکهاتەی سیللوولە(خانە)کانی ماسولکەی بەشی خوارەوەی قوریژنک وەک ئاکامی کارتێکەریی دریژخایەنی ئەسیدی گەدەیە. گەڕانەوەی دریژخایەنی ئەسیدی گەدە بۆ ناو قوریژنک زۆرتر بە هۆی نەخۆشیی ڕفلاکس ئیزۆفاگیت دەبیندرێ(بڕوانە بەشی ١٧).



77 Barrett's Esophagus




هۆکانی "بارێتس ئێزۆفێیگس" کامانەن؟

هۆی ئەم نەخۆشییە بە وردی جارێ ڕوون نەبۆتەوە، بەڵام ئەم حاڵەتە زۆرتر لەو کەسانەی کە نەخۆشیی ڕەفلاکس ئێزۆفاگیتیان هەیە دەبیندرێ.

نیشانەکانی "بارێتس ئێزۆفێیگس" کامانەن؟

- ✓ دڵەکزە،
- ✓ دژواریی بۆ قووتدانی خواردەن و خواردنەوە،
- ✓ گەڕانەوەی خۆراکی هەزمنەکراوە بەرەو دەم،
- ✓ خوێنرێژی،
- ✓ بێئیشتیهای،
- ✓ دابەزینی نائاسایی کێشی جەستە.

ئالۆزییەکان و مەترسیی ئەم نەخۆشییە کامانەن؟



بارێتس ئێزۆفیێگس" ڕادەیَ مەترسیی شێرپەنجەی قوریژنک بە شێوەیەکی بەرچاو لە ٣٥ تا ١٢٥ دەباتە سەر. پێشنیار دەکرێ لەو کەسانەی کە ڕەفلاکس ئێزۆفاگیتیان هەیە بە تایبەتیی لە پەنجا بەرەو ژوور سالێ جارێک گاسترۆسکۆپیی بکەن.

دکتۆر بۆ دیاریی‌کردنی ئەم نەخۆشییە چی دەکا؟


بو دیاریی‌کردنی ئەم نەخۆشییە دکتۆر دوای تێڕوانینی جەستە، لە وێنەگرتن لە کاتی خواردنەوەی ماددەی باریۆم، گاسترۆئندسکۆپیی و نموونەهەڵگرتن(وەزع) لە سلولەکانی قوریژنک کەڵکوەردەگرێ.

ئەم نەخۆشییە چۆن چارە دەکرێ؟

ئامانجی سەرەکی لە دەرمانی ئەم نەخۆشییە پێشگری لە پێکهاتنی شێرپەنجەی قوریژنکە. دەواگەلێک وەک نێکسیووم[٧٨] و ئۆمیپرازۆل[٧٩] بۆ هێنانەخوارەوەی ئەسیدی گەدە، نەشتەرگەریی، پارێزگرتنێکی باش، کۆنترۆڵی قورسایی جەستە و وەلانانی جگەرە رۆڵێکی بەرچاو لە دەرمانی گەڕانەوەی ئەسیدی گەدە بۆ قوریژنک دەگێڕێ.

78- Nexium
79- Omeprazole

بەشی بیست
شێرپەنجەی قوریژنک(سورێنچک)



هۆکان و هۆکارەکانی شێرپەنجەی قوریژنک[80] کامانەن؟

لەوەدەچێ فاکتەرەکانی ژێرەوە ڕۆڵێکی بەرچاویان لە پێکهێنانی شێرپەنجەی قوریژنک هەبێ:

- ✓ خواردنەوەی لە ڕادەبەدەری ئەلکۆڵ،
- ✓ جگەرەکێشان،
- ✓ هەڵمژینی ماددەی سڕکەر،
- ✓ خواردنەوەی چای زۆر گەرم.

٨٠- Esophageal Cancer


- ✓ ئاشڵازیای درێژخایەن (بڕوانە بەشی ١٨)،
- ✓ گەڕانەوەی بەردەوامی ترشیی (ئەسیدی) گەدە بۆ قوریژنک،
- ✓ کەمبوونی ڤیتامینەکانی **ئا، ب - ١ و س** لە ڕژیمی خۆراکییدا،

و ...

نیشانەکانی شێرپەنجەی قوریژنک کامانەن؟

دابەزینی بەردەوامی قورسایی جەستە لە ماوەیەکی کورتدا. دژواریی قووتدانی پارو و خواردنەوە لە نیشانەکانی سەرەتایی شێرپەنجەی قوریژنکن. هەروەها ئێش لە کاتی قووتدان دەتوانێ بەرەو سنگ و پشت تەشەنە بکا. گەڕانەوەی خۆڕاکی هەزمنەکراوە بەرەو دەم، دڵتێکەڵاتن و ڕشانەوەش هەروەها لەم نەخۆشانەدا دەبیندرێ.

دکتۆر بۆ دیاریی‌کردنی ئەم نەخۆشییە چ دەکا؟



گاسترۆئندسکۆپیی

دکتۆر بۆ دیارییکردنی ئەم نەخۆشییە دوای تێڕوانینی جەستە، لە وێنەگرتن لە کاتی خواردنەوەی ماددەی باریۆم، گاسترۆئندەسکۆپیی و نموەهەڵگرتن لە سلولەکانی قوریژنک کەڵک وەردەگرێ.


ئەم نەخۆشییە چۆن چارە دەکرێ؟

بە پێ تەمەنی نەخۆش، جێی شێرپەنجە و ڕادەی بنج داکوتان و بڵاوبوونەوەی سلولەکانی سەرەتانی [81] لە جەستەدا، لە نەشتەرگەریی، شیمۆتراپیی و تیشک دەرمانی کەڵک وەردەگرترێ.


81- Metastasis

بڕگەی (٢)

نەخۆشیی دەزگا (کۆئەندام)ی هەناسە



بەشی بیست و یەک
دەزگا (کۆئەندام)ی هەناسەکێشان



مرۆڤ لە کاتی خەو و هۆشیاریی دا بیر لە هەناسە ناکاتەوە، ئەم کارە بە شێویەکی ئاسایی و خۆکار ئەنجام دەدرێ. مرۆڤ ڕۆژانە تا ٢٠ هەزار جار هەناسە دەدات و تا ئەو کاتەی تەمەنی دەگاتە ٧٠ ساڵی بەلانی کەم نزیک بە ٦٠٠ میلیۆن جارهەناسەی داوە. ئەم ڕەوتە تەنیا بە یارمەتیی دەزگا(کۆئەندام)ی هەناسەکێشان وەدی دێ.

دەزگا(کۆئەندام)ی هەناسەکێشان[٨٢] لە چی پیک هاتووە؟


دەزگا(کۆئەندام)ی هەناسەکێشان بریتی‌یە لەو ئەندامانەی کە لە ڕەوتی هەناسەکێشان و ئاڵوگۆڕی ئۆکسیژین و کاربۆن دیئۆکسیدا بەشداریی دەکەن. ئەم ئەندامانە بریتین لە ڕێگای هەناسە (لوت، دەم، گەروو، بۆریی و بۆریچەکانی هەناسە) و سییەکان.


82- Respiratory system

مەبەست لە ڕەوتی ئاڵوگۆڕی ئۆکسیژین و کاربۆن دیئۆکسید چییە؟


ئەرکی سەرەکیی دەزگا(کۆئەندامی)ی هەناسەکێشان ئاڵوگۆڕی گازەکانە. ئەم کارە تەنیا لە ڕەوتی هەناسەکێشان وەدی دێ. ئۆکسیژن لە کاتی هەڵمژینی هەوا، دوای تێپەربوون لە ڕێگای هەناسە و کیسەکانی هەوایی سییەکان، دەگاتە ناو سوڕی خوێن و هاوکات لە کاتی هەناسەدانەوە، کەربون دیئۆکسید هەر لەم ڕێگایەوە بەرەو دەرەوەی جەستە ڕەوانە دەکرێ.

کاری کیسەی هەوا چییە؟





تان و پۆی سیی‌یەکانی مرۆڤ پێک هاتووە لە نزیک بە ٥٠٠ ملیۆن کیسەی هەوایی‌یە[83] . نزیکەی حەفتا لە سەدی ئەم کیسانە لە لایەن (موولوولەکانی خوێنەوە)مویرەگەکانەوە[84] گیراوە. ئۆکسیژنی هەڵمژراو پاش گەیشتن بە ئالوویۆلەکان، دەڕێژێتە ناو مووددەمارەکان و دواتر ناو خوێنبەرەکان. هاوکات کاربۆن دیئۆکسید لە ڕێگای خوێنهێنەرەکانەوە دەڕژێتە ناو ئالوویۆلەکان و لە کاتی هەناسەدانەوە هەر لەم ڕێگایەوە ڕەوانەی دەرەوێ جەستە دەکرێ.



بۆچی مرۆڤ پێویستی بە دەزگا (کۆئەندام)ی هەناسە هەیە؟

تەواوی ئەندامەکانی مرۆڤ بۆ زیندوومانەوە و بەجێهێنانی ئەرکی خۆیان، پێویستییان بە ئۆکسیژێن و دەرکێشانی کاربۆن دیئۆکسید وەک ماددەی ناپێویست لە جەستە هەیە. ئەم ئاڵوگۆڕە تەنیا بە یارمەتیی


83- Alveolus

84- Capilairy, شینەدەمار، موولوولەکانی خوێن(مویرەگەکان)

دەزگا(کۆئەندام)ی هەناسە دەکرێ. لە نەبوونی ئۆکسیژێندا، سلولی ئەندامەکان لە ماوەیەکی زۆر کورتدا دەمرن.

بەشی بیست و دوو

هەوکردنی تان و پۆی سییەکان[85]



هۆکانی هەوکردنی تان و پۆی سییەکان کامانەن؟

هۆ و هۆکارەکانی سەرەکیی هەوی تان و پۆی سییەکان بریتین لە:

- ✓ چڵکردنی بەکترییایی (ستافیلاکۆک، پنومۆکۆک، هەمۆفیلوس ئەنفلۆوانزا و ...)،
- ✓ چڵکی ڤایرۆسیی (ڤایرۆسی ئەنفلۆوانزای ئا و ب، سیتامگالۆڤایرۆس و ...)،

85- Pneumonia



- ✓ چڵکــی کــارگیی (کاندیــدا، کریپتۆکۆکـــــوس نیوفۆرمــــــانس)، پنومۆســــــیتیس کـــــارنی و میکۆ بەکتریا بە تایبەتیی لەو کەسانەی کە هێزی بەرگرِیی جەستەیان لاوازە،
- ✓ تیشــک دەرمــانیی، ســەکتەی سیی‌یەکان و ...،

نیشانەکانی هەوی تان‌و پۆی سیی‌یەکان کامانەن؟

ئەم نەخۆشییە لەو کەسانەی کە بەکتریاگەلێکی وەکو پنومۆکۆک و ستافیلاکۆک هۆکارین، بە شێوەیەکی کتوپڕ دەستپێ دەکا و نیشانەکانی خوارەوە وەبەرچاو دەکەوێ:

- یاو(تا) ،
- کۆخین،
- خڵت وچڵمی قاوەیی ـ سوور،
- هەناسەبڕکێ،
- سنگ‌ئێشە لە کاتی هەناسە کێشان‌دا،
- ماندوویی و لاوازیی.

ئەم نەخۆشییە لەو کەسانەی کە ڤایرۆس یان میکۆپلاسما هۆیەتی، ئارام دەست پێ دەکا و ئەم نیشانانە دەبیندرێن:

- سەرئێشە،
- ئێشی ماسولکە،
- یاو(تا)،
- کۆخەی وشک.


لەو نەخۆشانەی کە بە هۆی لژیۆنێلا[86] تووشی هەوی تان و پۆی سییەکان بوون نیشانەگەلێک وەکو: یاو(تا)، لەرز، سنگئێشە ، کۆخەی وشک، سەرئێشە، ئێشی ماسولکە و جومگە، زگ ئێشە، دڵتێکەڵاتن و ڕشانەوە وەبەرچاو دەکەون.

ئاڵۆزییەکانی ئەم نەخۆشییە کامانەن؟

لەم نەخۆشانەدا مەترسیی سپسیس، ئابسە، کۆبوونەوەی تراو یان چڵک لە تەنیشتەپەردە، ناتەواویی هەناسەیی و جویبوونەوەی دەڵەمەی خوێن لە دیواری ڕەگ و ڕۆیینی لە گەڕانی خوێندا [87] هەیە.

دکتۆر بۆ دیارییکردنی ئەم نەخۆشییە چ دەکا؟

بۆ دیارییکردنی ئەم نەخۆشییە دکتۆر دوای پشکنینی جەستە، خوێن و بەڵغەمی نەخۆش بۆ تاقیکردنەوە دەنێری (لە خوێندا زۆربوونی خڕۆکە سپییەکان و CRP- c-reactives protein[88] دەبیندری).



برۆنشسکۆپیی

86- Legionella
87- Thromboembolie,

٨٨- پرۆتینێکە لە جەرگدا درووست دەبێ، زۆربوونی لە خوێندا نیشانەی هەو و چڵکی جەستەیە.

ڕادیۆگرافیی لە سییەکان دەکرێ، هەروەها بە یارمەتی ئامێری برۆنشسکۆپ[89] تەماشای بۆرییەکان دەکرێ و نموونەش لە سییەکان هەڵدەگرن.


ئەم نەخۆشییە چۆن چارە دەکرێ؟

چارەسەرکردنی هەوی تان و پۆی سییەکان پێوەندیی بە هۆی پێکهێنەری نەخۆشییەکەوە هەیە. بۆ نموونە بۆ دەرمانی چەشنی بەکتریا، بە پێی ناسینی بەکتریایەکە بە یارمەتیی باکتریۆگرام، لە ئەنتیبیوتیکەکان کەڵک وەردەگیرێت.

89- Bronchoskope, بۆریچەبین

بەشی بیست و سێ

هەوکردنی کتوپڕی بۆریچەکانی هەناسە[٩٠]



هۆکانی هەوکردنی کتوپڕی بۆرییەکانی هەناسە کامانەن؟

- چڵکی ڤایرۆسیی (لە سەدی ٩٠) وەکو ئادنۆڤایرۆس، کۆکساکی ڤایرۆس، ڕینوڤایرۆس،
- چڵکی بەکتریایایی: ستافیلاکۆک، پنومۆکۆک، همۆفیلۆس،
- چڵکی کارگیی،
- گاز(بۆ نموونە ئامۆنیاک)، تەپوتۆز،
- سورێژە، کۆخەرەشە.

نیشانەکانی ئەم نەخۆشییە کامانەن؟

- ✓ ئێشی دەست و لاق،
- ✓ پژمین،
- ✓ یاو(تا)،

90- Acute bronchitis

- ✓ قرچانەوە(کزانەوە)ی چاو،
- ✓ ئێشی ماسولکە و جومگەکان،
- ✓ سەرئێشە،
- ✓ گەروئێشە و دژواری لە خواردن و خواردنەوە،
- ✓ بەڵغەمی چڵکیی.

ئاڵۆزییەکانی ئەم نەخۆشییە کامانەن؟

- ✓ برۆنشۆپنومۆنی(هەوی هاوکاتی بۆرییەکانی هەناسە و سییەکان)،
- ✓ خەراپترکردنی نیشانەی نەخۆشییەکانیتر وەک گیروگرفتی دڵ و هەناسەیی.



دکتۆر بۆ دیاریکردنی ئەم نەخۆشییە چ دەکا؟

بۆ دیاریکردنی ئەم نەخۆشییە دکتۆر دوای تێڕوانینی جەستە، خوێن و خڵتەی نەخۆش بۆ تاقیکردنەوە دەنێرێ (زۆربوونی خڕۆکە سپییەکان لە حاڵەتی باکتریایی و کەمبوونی خڕۆکە سپییەکان و زۆربوونی لنفۆسیتەکان لە حاڵەتی ڤایرۆسیی لە خوێندا دەبیندرێن). ڕادیۆگرافیی لە سییەکانیش دەکرێ.

ئەم نەخۆشییە چۆن چارە دەکرێ؟


ئامانجی سەرەکیی، چارەسەرکردنی نیشانەکانی ئەم نەخۆشییەیە:

- پشوودان،
- تاو ئازارشکێن وەک ئەسپرین و پاراسڕتامۆڵ،
- دەرمانی کۆخە (کۆخەبڕ) وەکو پاراکۆدئین،
- دەرمانی خڵتە،
- ئەنتیبیوتیک لە حاڵەتی بەکتریایایی بوونی ئەم نەخۆشییەدا،
- ئەنتیڤایرۆسەکان وەکو ئامانتادین[٩١] لە حاڵەتی ڤایرۆسیبوونی ئەم نەخۆشییەدا.

91- Amantadine

بەشی بیست و چوار

هەوکردنی درێژخایەنی بۆرییەکانی هەناسە



بە پێی لێکدانەوەی ڕێکخراوی تەندرووستی جیهانی، بەو حاڵەتەی کە نەخۆش لە ماوەی ٢ساڵدا و هەموو ساڵ بەلانی کەم سێ مانگ تووشی کۆخین و خڵتهێنانەوە بێ، هەوی درێژخایەنی بۆریچەکانی هەناسە[٩٢] دەگوترێ. لەم نەخۆشانەدا بۆرییەکان تووشی هەو و ئاوسانی نەگۆڕ و بەردەوام دەبن.

هۆکانی ئەم نەخۆشییە کامانەن؟

- جگەرەکێشان (لەسەدا نەوەدی هۆی سەرەکیی ئەم نەخۆشییەیە)،
- تەپوتۆز و پیسبوونی هەوای دەوروبەر،
- چڵکی دەزگا(کۆئەندامی)ی هەناسە،

92- Chronic bronchitis

- گازە ژهرییەکان.

نیشانەکان هەوکردنی درێژخایەنی بۆرییەکانی هەناسە کامانەن؟


- کۆخین،
- خڵتە،
- هەناسە بڕکێ،
- بۆربوونەوەی ڕەنگی پێست[٩٣]،
- چونەسەرێی قورسایی جەستە.

ئاڵۆزییەکانی هەوکردنی درێژخایەنی بۆرییەکانی هەناسە کامانەن؟

- هەوی هاوکاتی بۆرییەکانی هەناسە وتان و پۆی سییەکان،
- هەوی چڵکیی ڕێگای هەناسە،
- ئاوسانی سییەکان.

دکتۆر بۆ دیارییکردنی ئەم نەخۆشییە چ دەکا؟

- ڕادیۆگرافیی (لە نەبوونی ئاڵۆزیی‌دا نیشانەیەکی تایبەتمەند نابیندرێ)،
- چاندنی خڵتە و ئەنتیبیۆگرام بۆ دیارییکردنی هۆیەکان و دەسنیشانکردنی چەشنی دەرمان،
- بڕۆنشسکۆپیی و نموونەهەڵگرتن،



93- Cyanosis

- هەڵسەنگاندنی کار و فونکسیۆنی سییەکان.
- تاقیکردنەوەی خوێن (لە کاتی ڤایرۆسییبوونی ئەم نەخۆشییەدا، ڕادەی خڕۆکە سپییەکان کەم دەکا و لنفوسیتەکان زۆر دەبن، بە پێچەوانە لە کاتی بەکتریایی بوون‌دا ڕادەی خڕۆکە سپییەکان زۆر دەکا) و گازەکانی خوێنی خوێنبەرەکان(هاتنە خواریّ ٢ Po و زۆربوونی ٢ CO) لە کاتی ناتەواویی هەناسەییدا.

ئەم نەخۆشییە چۆن دەرمان دەکریّ؟


- وەلانانی جگەرە،
- دەرمانی سەرچاوەی چڵک (بۆ وەێنە هەوی درێژخایەنی سینوسەکان[٩٤])،
- ئەنتیبیوتیک بە پێی دەسنیشانکردنی باکتریاوهەوکردنی سییەکان،
- دەوای دژەڤایرۆس بە پێی دەسنیشانکردنی هۆی ڤایرۆسی،
- ڕاهێنانی ماسولکەکانی هەناسەیی(ژیمناستیکی هەوا)،
- برۆنشۆدلیاتۆر[٩٥] بۆ واڵاکردنی بۆرییەکان و کردنەوەی ڕێگای هەناسەکێشان،
- گلیکۆکۆرتیکۆئید (هۆرمۆن بۆ کەم کردنەوەی هەوکردنی ڕێگای هەناسە)،
- ئۆکسیژێن‌تراپی[٩٦] لە کاتی هەناسەبڕکێ سەختدا.

94- Sinusitis

95- Bronchodilator ئەو دەواگەلەی کە کاریان واڵاکردنی بۆرییەکانی هەناسەیە

٩٦- پێدانی ئۆکسیژێن.

بەشی بیست پێنج
ئیمفیزێم



بە والابوونی نەگۆڕی کیسەکانی هەوایی سییەکان وەک ئاکامی تێک چوون و خەراپبوونی دیواری بەینیان ئیمفیزێم[97] دەگوترێ.

هۆکانی ئیمفیزێم کامانەن؟



جگەرەکێشانو کەمبوونی ئالفا یەک ئەنتیتریپسین[98] هۆی سەرەکیی ئەم نەخۆشییەن.

---

97 Emphysema

نیشانەکانی ئەم نەخۆشییە کامانەن؟

لەم نەخۆشانەدا بە پێ ڕادەی پێشچوونی نەخۆشییەکە نیشانەکانی خوارەوە دەبیندرێن:

- هەناسە بڕکێ،
- لە کاتی پەرەگرتوویی نەخۆشییەکەدا:

چەشنی ئا

- ✓ هەناسە بڕکێ ی سەخت، تەنانەت لە کاتی پشوودانداـ،
- ✓ خڵتی کەم،
- ✓ زەردبوونی ڕەنگی پێست.

چەشنی ب


- ✓ هەناسە بڕکێ لە کاتی کار و پیاسەکردندا،
- ✓ خڵتی زۆر،
- ✓ کۆخەیەکی زۆرو بەردەوام،
- ✓ بۆربوونەوەی رەنگی پێست.

دکتۆر بۆ دیاریی‌کردنی ئەم نەخۆشییە چ دەکا؟

- تاقی‌کردنی خوێن،
- تاقیکردنی فونکسیۆنی سییەکان بە یارمەتی سپیرۆمتریی[٩٩]

٩٨- ئالفا یەک ئەنتی‌تریپسین، گلیکۆپرۆتێینیەکە، کە لە جەرگدا بەرهەم دێ و رۆڵیکی گرنگی هەیە لە بەرگریی تانی سییەکان لە کارتێکەریی وێرانکەری بەشێک لە ئەنزیمەکان و سلولەکانی هەوپێکهێنەر. Alpha 1-antitrypsin

99- Spirometry




- ڕادیۆگرافی
- کۆمپیوتەر

ئەم نەخۆشییە چ

- پێدانی Prolastin لە کاتی نەبوون یا کەمبوونی ئالفا یەک ئەنتیتریپسیندا، یەک جار لە یەک یا ۲ هەفتەدا
- پێدانی ئۆکسیژێن،
- چاندنی سییەکان.

بەشی بیست و شەش

ئاسم(هەناسە تەنگی)



ئاسم[100] هەو و نەخۆشییەکی درێژخایەنی ڕێگای هەناسەیە. نەخۆش بە هۆی هەستیاریی نائاسایی و تەنگبوونی بۆرییەکانی هەناسە تووشی هەناسە بڕکێی کتوپڕ، بەڵام گەڕاوە دەبێ.

هۆکانی ئاسم کامانەن؟

- ئالێرژی(حەساسیەت)،
- چڵکی دەزگای(کۆئەندام) هەناسە،
- دەوا وەکو ئەسپرین،
- کارتێکەریی ماددەی ژەهراوی یان کیمیایی،
- نەخۆشیی ڕەفلاکس ئێزۆفاگیت (برگەی یەک، بەشی ١٧).
- چالاکیی فیزیکیی

100- Asthma

نیشانەکانی ئاسم کامانەن؟

نیشانەکانی ئاسم کاتێک بەرچاو دەکەون کە تۆیخی ڕێگای هەناسە بە پێی کارتیکەریی ئالێرژەنەکان [١٠١] یا بزوێنەکانیتر تووشی ماسین و تەنگ بوونەوە بن. هەو و ماسینی تۆیخی بۆرییەکانی هەناسە دەبێتە هۆی پێکهاتنی نائاسایی و زۆری خڵت و تەنگبوونی ڕێگای هەناسە، تەنانەت بەسترانی ئەم ڕێگایە و سەرهەڵدانی هێرشی کتوپڕی ئاسم. ئەم نیشانانە بریتین لە:

- هەناسەبڕکێی کتوپڕ،
- کۆخەی بەردەوام بە تایبەتیی شەوانە یا سەر لە بەیانی،
- خڵتەی بێڕەنگ (بەڵام لە کاتی چڵکییدا قاوەیی یان سەوزە)
- سیخەی سنگ،
- خێرالێدانی نائاسایی دڵ،
- زێدەبوونی فشاری خوێن لە کاتی هێرشی کتوپڕ و هەناسەبڕکێی سەخت،
- هەست بە ئێش یان فشار لە ڕکەی سنگدا.


دکتۆربۆ دیارییکردنی ئەم نەخۆشییە چ دەکا؟

دکتۆر سەبارەت بە نیشانەکانی ئەم نەخۆشییە پرسیار دەکا و لە شێوەکانی خوارێ بۆ دیارییکردنی ئاسم کەڵک وەردەگرێ:

- تێراونینی سییەکان (بیستنی سیخەی سنگ و درێژبوونی کاتی هەناسەدانەوە بە بەراورد لەگەڵ کاتی هەناسە کێشان)،،
- تاقیکردنەوەی فونکسیۆنی سییەکان بۆ دیارییکردنی تەنگیی بۆرییەکانی هەناسە،

---

101 هەستەوەرەکان، ئەومادانەی کە هۆی زۆربوونی هەستیاری مرۆڤن



Using an inhaler

- تاقیکردنەوەی هەستیاری بۆرییەکانی هەناسە، بۆ نموونە بە یارمەتیی هیستامین،
- تاقیکردنەوەی خوێن،
- تێستی ئالێرژی بۆ دیاریی‌کردنی ئەو ماددەیەی کە هۆی هەستیاریی بۆرییەکانی هەناسەیە،
- وێنەگرتنی سیی‌یەکان،
- چاندنی خلّت.

ئەم نەخۆشییە چۆن چارەسەر دەکرێ؟

ئاسم نەخۆشیی‌یەکی درێژخایەنە و بە تەواوی دەرمان ناکرێ. ئامانجی سەرەکیی دەواو دەرمان کۆنترۆڵی ئەم نەخۆشییەیە. بەم مەبەستە دەواکانی دیاریکراوی ژێرەوە بە نەخۆش دەدرێ:

- دەوا بۆ واڵاکردنەوەی بۆریچەکانی هەناسە و کردنەوەی ڕێگای هەناسە (وەکو سالمێتێرۆل[١٠٢]، تیوفێلین[١٠٣] و ...)،
- هەڵمژینی کۆرتیکۆستروێید بۆ کەمکردنەوەی هەو، ماسین و ڕادەی هەستیاریی جەستە،
- دەوا بۆ کەمکردنەوەی خەستیی خلّتە یان بەڵغەم،
- دەرمانی ئالێرژی (بۆ نموونە لە ڕێگای ئیمونۆتراپیی‌یەوە).

ڕێگای پێشگیری لە ئاسم چییە؟

- خۆپاراستن لەو شتانەی کە بزوێنەری هەستیاریی نەخۆشن،
- خواردن و هەڵمژینی ئەو دەوایانەی کە دکتۆر بۆ نەخۆشی نووسیوە.


---


102 Salmeterol
103 Theophylline

بەشی بیست و حەوت

هەوی تەنیشتەپەردە[١٠٤]

تەنیشتەپەردە چییە؟





تەنیشتەپەردە کیسەیەکە کە سییەکان دادەپۆشێ و لە دوو چین پێکهاتووە. بەو چینەی کە سییەکان دادەپۆشێ تەنیشتە پەردەی سیپەلک[١٠٥] و بەو چینەی کە دیواری رکەی سنگ دادەپۆشێ، تەنیشتە پەردەی دیوارەیی[١٠٦] دەکوترێ. لە نێوان ئەم دوو چینەدا، تویژێکی ناسکی تراو هەیە کەرێگری لە یەکخشانی نیان دەکات.

هۆکانی هەوکردنی تەنیشتە پەردە کامانەن؟

* هەوکردنی سییەکان (وەک هەوی تان و پۆی سییەکان)،
* جەڵتەی سییەکان،
* ڤایرۆسەکان وەک ڤایرۆسی ئەنفلۆونزا،
* سیلی سییەکان،
* وەک ئاکامی نەخۆشیی ئەندامەکانی سەرەوەی دەزگا(کۆئەندام)ی هەزم کردن،

---

104 Pleuritis (Pleurisy)
105 Visceral pleura or pulmonary pleura
106 parietal pleura

* شێرپەنجەی سییەکان و ئەندامەکانیتر وەکو شپیلک و هێلکەدان (تۆودان).

نیشانەکانی ئەم نەخۆشییە کامانەن؟

- سنگئێشە لە کاتی هەناسەکێشاندا،
- کۆخەی وشک،
- پشووسواریی،
- یاو(تا) (ئەگەر هۆی ئەم نەخۆشییە بەکتریا بێ).


ئەم نەخۆشییە چۆن دیاری دەکرێ؟

لەوە دەچێ دکتۆر بە پێی نیشانەکان و گوێدان بە نیخەی سنگ، ئەم نەخۆشییە دیاری بکا. لە کاتی گوێدان بە نیخەیسنگ دەنگێک وەک سیرەی بەفر لە ژێر پێدا دەبیسترێ. هەروەها دکتۆر دەتوانێ لە وێنەگرتن (بۆ دیارییکردنی هەوی تانو پۆی سییەکان یا سیلی سییەکان)، پشکنینی خوێن (زۆربوونی خڕۆکە سپییەکان یان نیشانەکانی شێرپەنجە لە خوێندا وەکو ٩-١٩ CA لە شێرپەنجەی شپیلک و١٢٥-CA لە شێرپەنجەی تۆودان دا) کەڵک وەرگرێ.

ئەم نەخۆشییە چۆن چارەدەکرێ؟

ئامانجی سەرەکیی، چارەسەرکردنی هۆی پێکهێنەری ئەم نەخۆشییەیە (بۆ نموونە بەکاربردنی ئەنتیبیوتیک لە کاتی باکتریایی بوونی هۆی نەخۆشییەکەدا) لە ناوبردنی نیشانەکانی ئەم نەخۆشییە بە کەڵکوەرگرتن لە دەواکانی ئازارشکێن و دژی هەو وەکو ئیبۆپرۆفن یان ئەسپرینە.

بەشی بیست و هەشت
شێرپەنجەی سییەکان



مەبەست لە شێرپەنجەی سییەکان[١٠٧] چییە؟

مەبەست لە شێرپەنجەی سییە، زۆربوونی سەربەخۆ و کۆنتروڵ نەکراوی گەردیلەکانی (سلولەکانی) تان و پۆی سییەکانە. ئەم شێرپەنجە لە پیاواندا بە ڕێژەی لەسەدا ٣٢ دەبێتە هۆی مردن و لە ژناندا بەرێژەی لەسەدا ٢٠ ـ ە. شێرپەنجەی سییەکان زۆرتر لە تەمەنی ٥٥ تا ٦٠ ساڵدا دەبیندرێ.

چەشنەکانی شێرپەنجەی سییەکان کامانەن؟

- شێرپەنجەی سلولە بچووکەکان[١٠٨] (زورتر لە ڕێگای هەناسەدا دەبیندرێ)،
- شێرپەنجەی سلولە نابچووکەکان[١٠٩].

107 Lung cancer
108 Small cell lung cancer
109 Non-small cell lung cancer

هۆکانی شێرپەنجەی سییەکان کامانەن؟

- جگەرەکێشان (سەدا نەوەدی شێرپەنجەی سییەکانی پیاوانو سەداحەفتای شێرپەنجەی سییەکانی ژنان)،
- لە ژێر کارتیکەریی گازی ڕادۆن و لۆکەی ئاورنەگر(نەسوز بوون،
- ڤایرۆسەکان بو وێنە: پاپیلۆماڤیرۆسی ئینسانی[110]، سیتۆمگالۆڤایرۆس[111]،
- جێبرین لە سییەکاندا،
- بواری ژنێتیکیی(چینی) (بوونی شێرپەنجە لە دایک و باوک تا ٣ قات مەترسیی شێرپەنجە لە منداڵەکاندا زۆرتر دەکا)

نیشانەکانی شێرپەنجەی سییەکان کامانەن؟

- کۆخەی بەردەوام کە کوتایی نایەت،
- کۆخەی خوێناویی،
- دابەزینی بەردەوامی قورسایی جەستە،
- بێئیشتیهایی،
- گۆڕانی دەنگ،
- ماندوویی و لاوازیی،
- پشووسواریی و سیخەی سنگ،
- ئاوسانی دەم و چاو و مل.
- زوو بە زوو تووشی هەوی تان و پۆی سییەکان و هەوی ڕێگای هەناسە بوون.


دکتۆر بۆ دیارییکردنی ئەم نەخۆشییە چ دەکا؟

- وێنەگرتن لە سییەکان.

---

110 Human papillomavirus
111 Cytomegalovirus

- برۆنشسکۆپیی[112].
- کۆمپیوتەر تۆمۆگرافیی.



- نمـوونەوەرگرتن لە تـان و پـۆی سـیی‌یەکان و تاقی‌کردنـەوەی بـۆ دیاری‌کردنی خانەشێرپەنجەییەکان
- تاقیکردنەوی خڵت بۆ دیاریی‌کردنی سلولەکانی سەرەتانیی،
- دیـاریی‌کردنی مارکێرەکـانی[113] سـەرەتانی وەکو: NSE ,SCC ,CYFRA CEA ،


ئەم نەخۆشییە چۆن چارەسەردەکرێ؟

بە پێ پەرەسەندنی شێرپەنجە لە سیی‌یەکان و ئەندامەکانی‌تر، نەخۆش بە نەشتەرگەریی، تیشک دەرمانیی، شیموتراپیی(دەرزی کیمیای) (بەکارهێنانی دەوا) چارە دەکرێ.

١١٢- دیتنی ناو بۆرییەکانی هەوا بە یارمەتی بۆریی بین.


113 Marker

بڕگەی (٣)
نەخۆشیی دڵ



بەشی بیست و نۆ

کار و قەبارەی دڵ



دڵ چییە؟


دڵ ئەندامێکی ماسولکەیی نێوبەتاڵە کە لە ناو ڕکەی سنگ، لە نێوان هەر دوو سییەکان جێگیرە. دیواری دڵ لە سێ چین درووست بووە:

- ماسولکەی دڵ (میۆکارد)[114]
- ناوپۆشی دڵ (ئیندۆکارد)[115]
- ڕووپۆشی دڵ (ئیپیکارد)[116]

ڕووپۆشی دڵ چینی ناوەکی تویخێکی دوو چین بە ناوی دڵپۆشە (پریکارد)[117]. نزیک بە ٥٠ میلیلیتر شلەیدڵپۆش[118] پێشگیریی لە لێکخشانی دوو چینی ئەم تۆیخە دەکا. دڵ ٤ دیو[119] و ٤ دەریچە[120] لە خۆی دەگرێ و

114 Myocardium
115 Endocardium
116 Epicardium
117 Pericardium
118 Pericardial fluid
119 Chamber

بە هۆی دیواری ناوەڕاستەوە[١٢١] بە دوو بەشی ڕاست و چەپ دابەش دەکرێ. لە هەر بەشدا، دوو دیو و دوو دەریچە دەبیندرێن. بە دیوەکانی سەرەوەی دڵ دالآن[١٢٢] و بە دیوەکانی خوارێ سکۆڵە[١٢٣] دەڵێن. دەریچەی سێپەڕە یان تریکۆسپید[١٢٤] لە نێوان دوو دیوی لای ڕاستە و دەریچەی مەترال[١٢٥] یان دووپەڕە لە بەینی دوو دیوی لای چەپە. دوو دەریچەی دیکە لە نێوان دوو خوێنبەری سەرەکیی دڵ و دیوەکانی سکۆڵەی چەپ و ڕاستن.



---

120 Valve
121 Septum
122 Atrium, ئاتریوم
123 Ventricle, ڤێنتریکل، زگۆڵە
124 Tricuspide valve
125 Mitral valve

دەریچەی سیپەلک[126] لە نێوان سکۆڵەی ڕاست و خوێنبەری سیپەلکیی[127] و دەریچەی ئائۆرت[128] لە نێوان سکۆڵەی چەپ و ئائۆرتە. لە ئائۆرتەوە دوو خوێنبەری ڕاست و چەپی تاجیی[129] پاش جیابوونەوە ڕەوانەی دڵ دەبن، لە پشتی دڵ یەک دەگرنەوە.

کاری سەرەکیی دڵ چییە؟

کاری دڵ وەکو ترومپایەک ڕەوانە کردنی خوێن بەرەوە تان و پۆکانی جەستەە. پاش هەر لێدانێکی دڵ، خوێن لە لای چەپی دڵەوە دەڕژێتە ناو گەورە دەماری"ئائۆرت"و لەوێشەوە لە ڕێگای خوێنبەرەکانەوە[130] دەگاتە ئەندامەکانی دیکەی جەستە و ئۆکسیژێنیان پێ دەگەیەنێ. ڕێژەی ئاسایی لێدانی دڵ لە نێوان ٦٠ تا ١٠٠ کەڕەت لە خولەکێکدایە.

مەبەست لە سیستۆلە و دیاستۆلەی دڵ چییە؟

بە گرژبوونەوەی دڵ و بە تایبەتیی گرژبوونی سکۆڵەکان "**سیستۆلە"ی**[131] دڵ دەکوترێ. مەبەست لە "**دیاستۆلە"ی**[132] دڵ ڕەوتی خاوبوونەوەی دڵە.


میکانیزمی گرژبوونی ماسولکەی دڵ چییە؟

هۆی سەرەکیی گرژبوونی دڵ ڕەوتێکی ئەلکتریکی‌یە[133] کە لە گرێی سینوسیی[134] ناو ماسولکەی دالانی دڵ بەرهەم دێ. ئەم ڕەوتە لە ڕێگای

---

126 Pulmonary valve
127 Pulmonary artery
128Aortic valve
129 Coronary artery, خوێنبەری کرۆنێریی
130 Arteries
131 Systole
132 Diastole
133 Electric current
134 Sinus node

ڕیشاڵەکانەوە[١٣٥] کە وەک کێبڵێکی ئەلکتریکین[١٣٦] ڕەوانەی گرێی دالان – سکۆڵە[١٣٧] دەکرێ و دەبێتە هۆی گرژبوونی سکۆڵە، لێدانی دڵ و پۆمپاژی خوێن.




وێنەی ڕەوتی ئەلکتریکیی دڵ

---

135 Fibers
136 Electrical Cable
137 Atrio–ventricular node

خوێن لە چ ڕێگایەکەوە دەگاتە دڵ؟

خوێن لە ڕێگای خوێنبەرەکانی تاجیی‌یەوە (کرۆنێریی)[١٣٨] دەگاتە ماسولکەی دڵ.



138 Cornary artery

بەشی سی
ئانژینا پێکتۆریس
و
نەخۆشیی کرۆنێریی دڵ



مەبەست لە ئانژینا پێکتۆریس[139] چییە؟


مەبەســت لە ئانژینــا پێکتــۆریس، ســنگ ئێشــەیە. ئــانژین یــان "ئــێش" سەرەکییترین نیشانەی نەخوشیی کرۆنێریی دڵە[140] کە لە کاتی وەرزش، کاری قورس، زۆرخۆریو گوشاری ڕۆحی لە نێوەوەی ڕکەی سنگدا هە ستی پێدەکرێ.

هۆی سەرەکیی سنگ ئێشە چییە؟

لاســەنگیی نێــوان گــەیشــتنی ئۆکســیژن بــە ماســولکەی دڵ و نیــاز و پێویستیی کاری دڵ بە ئۆکسیژن هۆی سەرەکیی سنگ ئێشەیە.

---

139 Angina Pectoris
140 Heart Coronary Disease



نەخۆشیی کرۆنیریی دڵ چییە؟

مەبەســـت لە نەخۆشـــیی خـــوێنبەری کرۆنێریـــی تەنگبـــوونەوەی ئەم خـوێنبەرانەیە بە هـۆی ئاتێرۆسـکلێرۆز[١٤١]. ئەم حـاڵەتە دەبێـتە هـۆی کەمبوونەوەی ڕەوتی خوێن بۆ دڵ و کەمخوێنیی دڵ.

کاری خوێنبەرەکانی کرۆنێریی دڵ چییە؟

خوێن لە ڕێگای خوێنبەرەکانی کرۆنێرییەوە (تاجیی)**دەگاتە** ماسولکەی دڵ .

هۆکارەکانی نەخۆشیی کرۆنێریی دڵ کامانەن؟

- بەرزبوونی گوشاری خوێن.
- نەخۆشی شەکرە.
- زیادبوونی چەوریی خوێن.
- فاکتەری بنەماڵەیی یان بۆماوەیی.
- جگەرەکێشان.

141 Atherosclerosis, ڕەق و ئەستووربوونی دیواری خوێنبەرە

- چوونەسەریی تەمەن(پیاوان دوای ٤٥ ساڵ و ژنان دوای ٥٥ ساڵ).
- ڕەگەزی نێرینە.
- قەڵەوی - ئەو کاتەی کە قورسایی جەستە لە سە دی ٣٠ ی بنەما تێپەڕێ.
- داتەپیویی (تەبەڵی).
- خەمۆکی.
- خواردنی چەوری.
- ژنان دوای عوزرنەشۆشتن(یائسەگی) بەهۆی کەمبوونەوەی هۆرمۆنی ژنانەی ئستڕۆژێن.
- کەڵک وەرگرتن لە کۆکائین.

نەخۆشیی کرۆنێریی دڵ چ نیشانەگەلێکی هەیە؟

- سەرهەڵدانی ئێش لە لای چەپ و یان نێوەڕاستی چەڵەمەی سنگ لەکاتی کار یان نائارامیدا[١٤٢]. بەردەوامیی ئێش لەچەند خولەکەوە تا ٣٠ خولەک دەخایەنێ و بە پشوودان و یان چەژتنی نیترۆگلیسیرین کۆتایی پێ دێ.
- ئێش بەرەو مل، دەست و دەفەی شانی چەپ دەکێشرێ و لە کە سانێکدا پشووسواریی، ئارەقەکردن، سەرئێشە و دڵ تێکەڵی دەهێنێ
- جاروبار پشووسواریی تەنیا نیشانەی نەخۆشیی کرۆنێریی دڵە.
- لە بەشێک لە نەخۆشەکاندا هیچ نیشانەیک نابیندرەێ.

---

142 Stress

نەخۆشیی کرۆنێریی دڵ چۆن دیاریی‌دەکرێ؟

ئەم نەخۆشییە بە پێی نیشانەکان، گۆڕانکارییەکانی هێڵکاری دڵ و چوونەسەرەی ڕادەی ئانزیمەکانی دڵ لە خوێندا دەسنیشان‌دەکرێ.

نەخۆشیی کرۆنێریی دڵ چۆن چارەسەرکردن دەکرێ؟

چارەسەرکردنی نەخۆشیی کرۆنێریی دڵ گرێدراوە بە ڕادەی بەسرانی خوێنبەرەکانی کرۆنێریی و هۆکارەکانی پێکهاتنی گرفتەکەیە، کە لە ئاکامدا بە نەشتەرگەری چارە دەکرێ. ئامانجی سەرەکی لە بەکارهێنانی دەوا بە چەشنی خوارەوەیە:

- بەکارهێنانی ئەو دەرواتانە کە دەبنە هۆی کرانەوەی خوێنبەری کرۆنێریی دڵ و بەرزکردنەوەی ڕەوتی گەیاندنی ئۆکسیژنی پێویست بە دڵ، بۆ نمونە نیترۆگلیسیرین[١٤٣] .
- بەکارهێنانی ئەو دەرواتانە کە دەبنە هۆی کەمکردنەوەی پێداویستیی دڵ بە ئۆکسیژن لە ڕێگای کەمکردنەوەی کاری دڵ، بۆ وێنە بیزۆپرۆلۆل[١٤٤].
- گەیاندنی ئۆکسیژنی پێویست بە دڵ، یان هێنانەخوارێی پێداویستیی دڵ بە ئۆکسیژن، بۆنمونە وراپامیل.[١٤٥]
- بەکارهێنانی ئەو دەرواتانە کە دەبنە هۆی بەرینکردنەوەی ڕەگی خوێنبەر، گەیاندنی خوێن بە دڵ. کەمکردنەوەی فشاری خوێن و هێنانە خوارێی ڕێژەی مردنی نەخۆش، وەکو ڕامیپریل. [١٤٦]

143 Nitroglycerin
144 Bisoprolol
145 Verapamil
146 Ramipril

- **نەشتەرگەریی بای پەسی دڵ**[147] بۆ ئەو کەسانەی کە:
  - ✓ لەسەدی ٥٠ی خوێنبەری سەرەکیی لای چەپی دڵیان بەسترابێ.
  - ✓ نەخوشیی ٣ ڕەگیان بێ (پتر لەسەتا ٧٠ی بەسترابێ).
  - ✓ لە پێوەندی لە گەڵ هاتنەخوارێی کاری بەشی چەپی دڵدا بن.
  - ✓ بە تازەیی تووشی جەڵتە (سەکتە)ی دڵ بووبن.
  - ✓ سەرەڕای بەکارهێنانی دەوا(دەرمان) لە حاڵەتی پشووداندا ئێشی بەردەوامی دڵیان بێ.

بۆ پێشگیری لە نەخۆشیی کرۆنێریی دڵ پێویستە چ بکرێ؟


پێش هەموو شتێک دەبێ هۆکارەکانی کۆنترۆڵ بکرێ. پێشنیار دەکرێ ئەم خاڵانەی خوارەوە لە بەرچاو بگیرێ:

- نەکێشانی جگەرە.
- وەرزشی بەردەوام بۆماوەی نیو کاتژمێر، چوار جار لە هەفتەدا).
- دابەزاندنی قورسایی جەستە.
- کۆنترۆڵی کۆلسترۆڵی خوێن.
- کۆنترۆڵی گوشاری خوێن.
- کۆنترۆڵی قەند(شەکر)ی خوێن.
- دەرمانی ئەو نەخۆشییانەی کە دەبنە هۆی خراپتر و زۆرترکردنی ئێشی دڵ.

---

147 Coronary artery bypass graft

بەشی سی و یەک
سەکتەی دڵ



جەڵتە(سەکتەی) دڵ چییە،

بە بەسترانی خوێنبەری کرۆنێریی و نەگەیشتنی خوێن بە بەشێک لە ماسولکەی دڵ کە دەبێتە هۆی مردنی تان و پۆی دیواری دڵ – پێی دەگوترێ سەکتەی دڵ[148].

هۆیەکانی سەکتەی دڵ کامانەن؟

- ئەستوور و ڕەقبوونی خوێنبەری کرۆنێریی.
- گرژیی خوێنبەری کرۆنێریی.
- ئەمبۆلی کرۆنێریی (بۆ نمونە جیابوونەوەی دەڵەمەی خوێن لە دیوارەی ڕەگەکان و ڕۆیشتنی بەرەو دڵ دەتوانێ ببێتە هۆی بەستنی خوێنبەری کرۆنێریی).
- هەوکردنی خوێنبەری کرۆنێریی.
- بەرزبوونەوەی خەستیی خوێن و پێکهاتنی دەڵەمەی خوێن.

بۆ زانینی هۆکارەکانی ڕیسک(موجازەفە) بڕوانە بەشی "٣٠".

---


148 Myocardial Infarction

نیشانەکانی سەکتەی دڵ کامانەن؟

- ئێش. سەدا٦٠ هەتا ٦٥ی نەخۆشەکان دوای کاری جەستەیی و لە کاتی پشوودانداا تووشی ژانێکی کتوپڕ لە پشت چەڵەمەی سنگ دەبن. ئەم ئێشە بۆ ماوەی پتر لە نیو کاتژمێر درێژەدەکێشێ و بە خواردنی نیترۆگلیسرین کۆتایی پێنایە.
- ئیش دەتوانێ بەرەو نێوان دەفەی دوو شان، هەر دوو دەست، مل، شەویلکەی خوارێ، پشت و گەدە تەشەنە بکا.
- دڵ تێکەڵاتن.
- ڕشانەوە.
- پشووسواریی.
- دڵەکوتە.
- سەرگێژە.
- یاو(تا).
- بێهۆش بوون(لە هۆش چوون).
- ئارەقە،هەروەها دڵە ڕاوکە و ترس لە مردن، لە نیشانەکانی سەکتە ی دڵن.

سەدا ٢٠ی ئەو کەسانەی کە تووشی سەکتەی دڵ دەبن هەست بە ئێش ناکەن، بە تایبەتیی ئەوانەی کە نەخۆشیی شەکریان هەیە. لە سەدا ١٥ی نە خۆشەکاندا هیچ نیشانەیک نابیندرێ. ئەم حاڵەتە لە ژناندا زۆرترە.

سەکتەی دڵ چۆن دیاریی دەکرێ؟



سەکتەی دڵ بە پێی نیشانەکان، گۆڕانکاریی هێڵکاری دڵ وەکو بەرزبوونەوەی سیگمێنتی[١٤٩] ST و چوونەسەریی ترۆپۆنین[١٥٠] و کراتینین فۆسفۆکیناز **ئەم ب**[١٥١] لە خوێندا دەسنیشاندەکرێ.

سەکتەی دڵ چۆن دەرمان دەکرێ؟

ئەو کارانە لە لایەن دکتۆری پسپۆڕەوە بە خێرایی ئەنجام دەدرێن:

- پێدان یان لێدانی ئەسپرین لە ڕێگای خوێنهێنەرەوە بۆ کەمکردنەوەی خەستیی خوێن و پێشگیری لە پێکهاتنی زۆرتری دەڵەمەی خوێن.
- گەیاندنی ئۆکسیژن لە ڕێگای لوتەوە.
- بەکارهێنانی نیترۆگلیسیرین بۆ کەمکردنەوەی ژان و گرژیی[١٥٢] خوێنبەری کرونێریی و گەیاندنی ئۆکسیژێنی زۆرتر بە دڵ.
- لێدانی ئازارشکێنی بە هێز وەکو مۆرفین[١٥٣].

---

149 Segment, بەش، قەتعە، کەرت

١٥٠- ترۆپۆنین (Troponin) چەشنە پرۆتینێکی ماسولکەی دڵە کە لە کاتی مردنی خانەکانی ماسولکەی دڵدا دەرژێتە نێو خوێن.

151 CPK-MB, چەشنێک ئانزیمی دڵە

152 Spasm

- لیدانی هێپارین[١٥٤] بۆ ماوەی چەند ڕۆژ بۆ پێشگیری لە پێکهاتنی دەڵەمەی خوێن.
- بەکارهێنانی کاپتۆپریل[١٥٥] بۆ والاکردنەوەی خوێنبەر و گەیاندنی خوێنی پێویست بە دڵ، کەمکردنەوەی فشاری خوێن و هێنانەخوارەوەی ڕێژەی مردنی نەخۆش.
- هێنانەخوارەوەی پێداویستیی دڵ بە ئۆکسیژن و ڕێکوپێک کردنی کاری دڵ. بۆ وێنە، کەڵکوەرگرتن لە مێتوپرۆلۆل[١٥٦].
- لە نێوبردنی دەڵەمەی خوێن و کردنەوەی ڕێگای خۆێنبەر بە لێدانی دەواگەلێک وەکو ستریپتۆکیناز[١٥٧] .
- ئانژیۆپلاستیی[١٥٨] بۆ پێشگریی بەسترانی خوێنبەری کرۆنێریی و لە نێوبردنی دەڵەمەی خوێن.

بۆ پێشگیری لە سەکتەی دڵ پێویست بە چ کارێکە؟

گۆڕانی شێوەی ژیانی نەخۆش، هەروەها ئەو کەسانەی کە نایانەوێ لە داهاتودا تووشی نەخۆشیی دڵ بن، دەتوانێ ڕۆڵێکی بەرچاو بۆ پاراستنی ساغ و سلامەتیی بگێڕێ. لەمەڕ ئەمەش لە بەرچاو گرتنی خاڵەکانی خوارە وە پێویستە:

- گرتنی ڕژیمێکی درووستی خواردن.

---

153 Morphine sulphate
154 Heparin
155 Captopril
156 Metoprolol
157 Streptokinase
١٥٨- لە ئانژیوپلاستیی‌دا (Angioplasty) لە ڕێگای خوێنبەرێکی دەست یان لاڕان کاتێترێکی باڵۆن‌دار دەکرێتە نێو خوێنبەری کرۆنێریی و بە باکردنی باڵۆنەکە ئەم ڕێگایە دەکرێتەوە.

- جوولاَنو هەڵسوران بەتایبەتیی وەرزشکردنی بەردەوام.
- کۆنترۆڵی قورسایی جەستە.
- وەلانانی جگەرە.
- کۆنترۆڵی فشاری خوێن.
- کۆنترۆڵی قەند(شەکر)ی خوێن.
- کۆنترۆڵی سترێس(دڵەڕاوکێ).
- خواردنی حەبی هێنانەخوارێی کۆلسترۆڵ.

بەشی سي و دوو
ناتەواویی دڵ



ناتەواویی دڵ[١٥٩] چییە؟

مەبەست لە ناتەواویی دڵ، لاوازیی دڵ بۆ پۆمپاژ کردنی(پاڵ پێوەنانی) خوێنی پێویست بۆ ئەندامەکانە. ناتەواویی دڵ نەک نەخۆشی، بەڵکو ئاکامی ئەو نەخۆشییانەیە کە دەبنە هۆی شێوان و تێکچوونی پێکهاتە و کاری ئاسایی دڵ.


هۆکانی ناتەواویی دڵ کامانەن؟

- نەخۆشیی خوێنبەری کرونێریی دڵ.
- سەکتەی دڵ.
- بەرزبوونەوەی گوشاری خوێن.
- نائاسایی دەربیچەکانی دڵ.
- نەخۆشیی ماسولکەی دڵ[١٦٠].

---

159 Failure Heart

- هەوکردنی ماسولکەی دڵ[161].
- نەخۆشیی زگماکیی دڵ.
- نەخۆشیی سەختی سییەکان.
- نەخۆشیی(شەکرە) قەند.
- کەم خۆێنیی.
- پڕکاریی لووی تیرۆئید.
- و ....



میکانیزمی ناتەواویی دڵ چییە؟

پاش زۆربەی نەخۆشییە درێژخایەکانی دڵ، کاری پۆمپاژکردنی دڵ دە شێوێ و دڵ ناتوانێ خوێنی پێویست بۆ ئەندامەکان بنێرێ، بەم حاڵەتە **ناتەواویی دڵ** دەگوترێ. لە ناتەواویی دڵدا ڕێژەی خوێنی گەڕاوە بۆ دڵ زۆرترە لە خوێنی پۆمپاژکراوە. ئەمە دەبێتە هۆی پەنگخواردنەوەی خوێنی

160 Cardiomyopthy
161 Myocarditis

نێو دڵ [١٦٢] ، نگەیشتنی خوێنی پێویست بە ئەندامەکانی‌تری جەستە، گەڕانە وەی خـــوێن لـــە لای چـــەپـــی دڵەوە بـــۆ خوێنهێنـــەری ســـیپەلک[١٦٣]. پەنگخواردنەوەی خوێن و بەرزبوونەوەی فشاری نێو خوێنهێنەری سیپەلک، دەبێتە هۆی چوونی بەشیک لە شلەئاوی خوێن بۆ نێو سییەکان وماسینی ئەوان[١٦٤]. ئەم حاڵەتانە ئاکامی ناتەواویی بەشی چەپی دڵە[١٦٥]. تێکچوونی هێزی پۆمپاژکردنی بەشی ڕاستی دڵ دەبێتە هۆی پەنگخواردنەوەی خوێنی دیـوەکـانی بـەشـی ڕاسـتی دڵ و گەڕانـەوەی خـوێن لە خوێنهێنـەرەکانـدا. پەنگخواردنەوەی خوێن و چوونەسەرێی فشاری نێو خوێنهێنەرەکان، دە بێتە هۆی چوونی بەشێک لە شلەئاوی خوێن بو نێو تان و پۆی ئەندامە کان‌و ماسینی ئەوان. ئەم حاڵەتە ئاکامی ناتەواویی بەشی ڕاستی دڵە[١٦٦]. ناتەواویی دڵ نەخۆشییەکی درەیژخایەنە و ئەمە بەو واتایەیە کە بەرە بەرە کـاری دڵ لاوازتـر و خراپتـر دەبـێ. دڵ بـۆ ئەوەی بتـوانێ خـوێنی پێویست بۆ ئەندامەکان بنێرێ، تووشی گۆڕانکاریی وەک هەراویی دیوەکانی دڵ و ئەستووربوونی ماسولکەی دڵ دەبێ. ئەم دوو حاڵەتە لەسەرەتادا دە بنە هۆی گرژبوونی بە هێزتری دڵ و ناردنی خوێنی پێویست بۆ ئەندامەکان ، بەڵام لە ئاکامدا کاری دڵ لاوازتر و بێ‌هێزتر دەکەن.

نیشانەکانی ناتەواویی دڵ کامانەن؟

- پشووسواریی[١٦٧] لـە کـاتی چالاکی وهەڵسووڕان یاپشوودان و یا خەوتندا،
- کۆخەی بەردەوام یا سیخەی سنگ[١٦٨]،

162 Congestion
163 Pulmonary vein
164 Pulmonary edema
165 Left-sided heart failure
166 Right-sided heart failure
167 Dyspnea

- ماسینی[١٦٩] لاقەکان، مەچەکی پێ و زگ،
- ماندوویی بەردەوام بەتایبەتی لەکاتی پیاسە و هەر چەشنە کارێکی فیزیکیدا،
- بێئیشتیایی.
- دڵ تێکەڵاتن.
- سەرەگێژە و شێواوی[١٧٠] بەهۆی گۆڕینی ڕێژەی سودیۆمی خوێن.
- چوونەسەرێی ڕادەی لێدانی دڵ.
- سنگ ئێشە.

ناتەواویی دڵ چۆن دەسنیشاندەکرێ؟

ناتەواویی دڵ بە پێی نیشانەکان، پشکنینی خوێن (چوونەسەرێی هۆرمۆنی ناتریئووریتیک[١٧١] پێپتاید لە چەشنی " ب" لە خوێندا و ...)، وێنەگرتنی سنگ بە یارمەتیی تیشکی ئێکس (ماسینی سییەکان، گەورەبوونی نائاسایی دڵ و ...)، ئێکۆکاردیۆگرافیی[١٧٢] و کاردیو ـ کامپیۆتر تۆمۆگرافیی و شکڵ دروسکردنی موگناتیزی بە دەنگی بە هێز[١٧٣] بۆ هەڵسەنگاندنیی کار و گۆڕانکارییەکانی پێکهاتەی دڵ) و کرۆنێرئانژیۆگرافی بە تایبەتیی ئەو کاتەی کە گومان لە سیندرۆمی کتوپڕی کرۆنێریی دەکرێ یا جارێ هۆیەکانی بە دروستی دەسنیشاننەکراون، دیاری دەکرێ.

---

168 Wheezing
169 Edema
170 Confusion
١٧١- هۆرمۆنێکە کە لە کاتی ناتەواویی دڵدا، لە سکۆڵەکانی دڵەوە دەڕژێتە ناو سیستمی گەڕانی خوێن.
B-Type natriuretic peptide(BNP)
172 Echocardiography
173 Cardio - CT & MRI

ناتەواویی دڵ چۆن چارەسەر دەکرێ؟

ئامـانجی سـەرەکی، کـەمکـردنەوەی نیشـانەکـانی نـەخۆشـیی و هێنانـە خـوارێی ڕێژەی مردنـی نـەخۆشـە. کـارتێکریی دەواکـان بـریتین لـە ژیانـەوە، پاراستنی کاری ئاسایی دڵ و کەمکردنەوەی ماسینی سییەکان. بـەم مـەبـە ستە ئەم دەوایانە بە پێی هۆ، پلـە و ڕادە، نیشـانە و شـێوانی کـاری تـایبەتیی دڵ لە ژێر چاودێریی دکتۆر بە کار دەبردرێن:

- دەوا بـۆ گـەورەکردنەوەی ڕەگەەکـان، باشـترکردنی ڕۆیشـتنی خوێن و هینانەخوارەوەی فشاری خوێن، وەکو هیدرالآزین[١٧٤] و کاپتۆپریل.
- دەوا بـۆ کـەمکـردنەوەی هـەوکردنی سـییەکان و لاقەکـان وەکـو فوراسیمید[١٧٥] .
- دەوا بۆ بـەرزکـردنەوەی هێـزی گرژبوونـەوەی دڵو نـاردنی خـوێن بۆ ئەندامەکان وەکو دیگۆکسین[١٧٦].
- جاروبار بۆ کەمکردنەوەی نیشـانەکانی نـەخۆشـی و باشـترکردنی ڕەوتـی خـوێن لـە نەشـتەرگەریی "بایپـەسـی" خوێنبـەری کرۆنێـری یـان ئانژیۆپلاستیی کەڵک وەردەگیرێ. ئەو کاتەی کە دڵ بە شێوەیـەکی بـەرچاو کارایی پۆمپاژکردنی خوێن لە دەست بدا، گۆڕین و چانـدنی دڵ[١٧٧] دەتوانێ تەنیا ڕێگای پاراستنی ژیانی نەخۆش بێ.

دەوا:دەرمان-داودەرمان

174 Hydralazine


175 Furosemide

176 Digoxin

177 Heart transplantation

بەشی سی و سێ
نەخۆشیی دەریچەکانی دڵ[178]
تەنگیی دەریچەی ئائۆرت[179]

تەنگیی دەریچەی ئائۆرت دەبێتە هۆی پێشگیری لە ڕۆیینی ئاسایی خوێنی خاوێن لە ڕێگای ئائۆرتەوە بۆ ئەندامەکان. ئەندازەی ئاسایی دە ربیچەی ئائۆرت ٣ سانتی مەتری چوارگۆشەیە.



نیشانەکانی ئەم نەخۆشییە کاتێک دەبیندرێ کە ئەندازەی دەریچە ی ئائۆرت بگاتە کەمتر لە ١ سانتی مەتری چوارگۆشە . تەنگیی دەریچەی ئائۆرت دەبێتەی هۆی چوونەسەرەوەی فشاری نێو سکۆڵەی چەپ، ئەستووربوونی[180] ماسولکە و هێنانەخوارەوەی هێزی گرژبوونی دڵ.

178 Heart Valve Disorders
179 Aortic Stenosis
180 Hypertrophy

هۆیەکان تەنگیی دەریچەی ئائۆرت کامانەن؟

- **کۆبوونەوەی کەلسیۆم لە سەر دەریچەی ئائۆرت**. چوونەسەرێی تەمەن دەتوانێ هۆی کۆبوونەوەی کالسیومی خوێن لە سەر دەریچەی ئائۆرت بێ. لە کەسانێکدا کۆبوونەوەی کالسیوم ڕەنگبێ ببێتە هۆی تەنگیی دەریچەی ئائۆرت.
- **تای ڕۆماتیزمی**[١٨١]
- **هەوی چڵکیی گەر و بە هۆی ستریێپتۆکۆکەوە** (چەشنە بەکتریایەک) بە تایبەت لەکاتی منداڵیدا سەرچاوەی ئەم نەخۆشییەیە. ئەم نەخۆشییە دەبێتە هۆی پێکهاتنی جێیبرین[١٨٢] و تەنگیی دەریچەی ئائۆرت و دریچەکانیتری دڵ.
- **ئاڵۆزییەکانی تەواوکاریی زگماکیی دڵ**. منداڵگەلێک بە تەنگیی زگماکیی ئائۆرت لە دایک دەبن. ڕێژەی ئەم حاڵەتە لە نێوان کوڕ و کچدا چوار بە یەکە.

نیشانەکان تەنگیی دەریچەی ئائۆرت کامانەن؟

- سینگئێشە.
- نێشانەکانی ناتەواویی دڵ.
- بورانەوە[١٨٣]
- ماندوویی و داکشانی هێز لە کاتی چالاکییدا
- هەناسە برکێ بەتایبەتیی لەکاتی چالاکیی فیزیکییدا.
- دڵە کوتە.

---

181 Rheumatic fever
182 Scar tissue
١٨٣- نەگەیشتنی خوێنی پێویست بۆ ماوەیەکی کورت بە مێشک، بە تایبەتیی لەکاتی چالاکیی فیزیکییدا دەبێتە هۆی لە هۆشچوونی لەنەکاوی نەخۆش,Syncope

- ماسینی مەچەکی پێ و قاچەکان.
- مردنی لەنەکاو.

تەنگیی دەریچەی ئائۆرت چۆن دەسنیشان دەکرێ؟

دیاریی‌کردنی ئەم نەخۆشییە بە پێی نیشانەکان، دۆزراوەکانی فیزیکیی وەکو بیستنی دەنگی نائاسایی دڵ، هەراویی بەشی بەرەوژۆری ئائۆرت[184] لە وێنەی ڕکەی‌سنگ بە یارمەتیی تیشکی ئێکس، هێڵکاری دڵ، هەڵسەنگاندنی ڕادەی تەنگیی و کاری دەریچەی ئائۆرت و گۆڕانکاریی‌یەکانی دڵ بە کەڵکوەرگرتن لە ئێکۆکاردیۆگرافی‌یە.

تەنگیی دەریچەی ئائۆرت چۆن چارەسەر دەکرێ؟

- وەلانانی هەر چەشنە کار و چالاکییەکی قورس و دژواری فیزیکی،
- بە پێی ڕادەی تەنگیی دەریچەی ئائۆرت و نیشانەکانی ئەم نەخۆشییە لە دەوا یان نەشتەرگەریی‌و چاندنی دەریچەی ئائۆرت[185] کە لکوەردەگیرێ.

گەڕاندنەوەی ئائۆرتیی[186]


مەبەست لە گەڕاندنەوەی ئائۆرتی، گەڕانەوەی بەشێک لە خوێنی ئائۆرت بۆ نێو سکۆڵەی چەپ بە هۆی ناتەواو بەسترانی دەریچەی ئائۆرت لەکاتی خاوبوونەوەی دڵە. ئەم نەخۆشییە هەروەها وەک ناتەواویی دەریچەی ئائۆرتیش پێناسە دەکرێ.

---

184 Asending aorta
185 Valve replacement
186 Aortic Regurgitation


هۆیەکان گەڕاندنەوەی ئائۆرتی کامانەن؟

- هەوکردنی چڵکیی نێوپۆشی دڵ[187] .
- ڕوماتیزمی دڵ.
- زەبروێکەوتن کە ببێتە هۆی دڕانی دەریچە.
- نەخۆشيي ڕیشەی ئائۆرت وەکو سیفلیسی ئائۆرت.
- بەرزبوونەوەی فشاری خوێن.



گەڕاندنەوەی ئائۆرتیی

- ئالۆزییەکانی تەواوکاریی زگماکیی دەریچەی ئائۆرت. ئەو کاتەی کە دەریچەی ئائۆرت بە جێی ٣ پەڕە، ٢ پەڕەی هەیە.[188]



نیشانەکانی گەڕاندنەوەی ئائۆرتیی کامانەن؟

---

187 Infective endocarditis
188 bicuspid aortic valve

ئەم نەخۆشییە سالانی ساڵ دەتوانێ هیچ نیشانەیەکی نەبێ (بێجگە لەو کەسانەی کە هەوکردنی چڵکیی نێوپۆشی دڵ هۆی نەخۆشییانە). بە پێی پەرەسەندنی نەخۆشی و شێوانی کاری دڵ نیشانەکانی خوارەوە دەبیندرێ:

- پشووسوایی لە کاتی چالاکی و وەرزشدا.
- بوورانەوە.
- دڵ ئێشە.
- نیشانەکانی ناتەواویی دڵ.

گەڕاندنەوەی ئائۆرتی، چۆن دەسنیشان دەکرێ؟

دیارییکردنی ئەم نەخۆشییە بە پێی نیشانەکان، دۆزراوەکانی فیزیکی، وەکو بیستنی دەنگی نائاسایی دڵ، گەورەبوونی سکۆڵەی چەپ و دەرپەڕیویی بەشی بەرەوژووری ئائۆرت لە وێنەی ڕکەی‌سنگدا بە یارمەتیی تیشکی ئێکس، نەوار(هێڵکاری)ی دڵ، هەڵسەنگاندنی ڕادەی پانایی و کاری دەریچەی ئائۆرت بە یارمەتیی ئێکۆکاردیۆگرافییە.

گەڕاندنەوەی ئائۆرتی چۆن چارەسەر دەکرێ؟

بەپێی نیشانەو ڕادەی شێوانی کاری دڵ بۆ چارەسەرکردنی ئەم نەخۆشییە لە دەوا یان نەشتەرگەری و چاندنی دەریچەی ئائۆرت کەڵکوە ردەگیرێ.


تەنگیی دەریچەی میترال[١٨٩]

تەنگیی دەریچەی مەترال دەبێتە هۆی پێشگیریی لە ڕژانی خوێنی دالانی دڵ بۆ نێو سکۆڵەیە. ئەندازەی ئاسایی ئەم دەریچەیە ٤ تا ٦سانتی مەتری

---

189 Mitral Stenosis

چوارگۆشـەیـە. تـەنگیـی ئـەم دەریچـەیـە دەبێتـە هـۆی نەگەیشـتنی خـوێنی پێویسـت بـۆ نێـو سـکۆڵەی چـەپ، بـەرزبـوونی فشـاری نێـو دالانـی چـەپ، پەنگخوارنەوەی سیپەلکی[190] و هێنانە خوارەوەی ڕادەی ناردنی خوێنی دڵ بۆ ئەندامەکان.



هۆیەکانی تەنگیی دەربیجەی میترال کامانەن؟

- ڕۆماتیزمی دڵ هۆی سەرەکیی تەنگیی دەریچەی میتراله،.
- ئالۆزییەکانی تەواوکاریی زگماکیی دڵ. منداڵگەلێک بە تەنگیی زگماکیی دەریچەی میترال لە دایک دەبن و دەبێ نەشتەرگەریی بکرێن.

نیشانەکانی تەنگیی دەریچەی میترال کامانەن؟

- پشووسواریی.
- هێرشی شەوانەی هەناسە بڕکێ[191].

---

190 Pulmonary congestion پەنگخواردنەوەی تراو لە سیپەلکدا
191 Paroxysmal nocturnal dyspnea

- ماسینی کتوپڕی سییەکان.
- خوێن ڕشانەوە[192]. لەوەدەچێ ئاکامی بەرزبوونەوەی فشاری نێو سییەکان بێ.

تەنگیی دەریچەی مەترال چۆن دیاری دەکرێ؟

دەسنیشان کردنی ئەم نەخۆشییە بە پێی نیشانەکان، دۆزینەوە فیزیکییەکان وەکو بیستنی دەنگی نائاسایی دڵ، گەورەبوونی دڵ، هەراویی دالانی چەپ و نیشانەکانی پەنگخواردنەوەی تراو لە سییەکان لە وێنەی ڕکەی سنگ بە یارمەتیی تیشکی ئێکس، نەواری(هێڵکاری)ی دڵ، هەڵسەنگاندنی ڕادەی تەنگیی و کاری دەریچەی مەترال بە یارمەتیی ئێکۆکاردیۆگرافییە.


تەنگیی دەریچەی میترال چۆن چارەسەر دەکرێ؟

بەپێی ڕادەی تەنگیی دەریچەی میترالو سەرهەڵدانی نیشانەکان بۆ چارە سەرکردنی ئەم نەخۆشییە لە دەوا یان نەشتەرگەری و گۆڕینی دەریچەی مەترال کەڵک وەردەگیرێ.

گەڕاندنەوەی مەتراليی[193]،

بەسرانی ناتەواوی دەریچەی میترال لە کاتی گرژبوونەوەی سکۆڵەدا دە بێتە هۆی گەڕانەوەی خوێنی نێو سکۆڵە بۆ دالانی دڵ. ئەم کارە دەبێتە هۆی هاتنەخوارەوەی ڕادەی ڕۆیینی خوێن بۆ ئەندامەکان، بەرزبوونەوەی فشاری نێو دالان و سییەکان و لە ئاکامدا شێوانی کاری سکۆڵەی دڵ. ئەم حاڵەتە هەروەها وەک ناتەواویی دەریچەی مەترال پێناسە دەکرێ.

192 Hemoptysis
193 Mitral Regurgitation



هۆیەکانی گەڕاندنەوەی مەترالیی کامانەن؟

- هەوکردنی چڵکیی نێوپۆشی دڵ.
- ڕوماتیسمیی دڵ.
- شـێوانی کـاری مەمە ماسـولکەی دڵ[194] وەک ئاکـامی نـەخۆشـیی کرونێریی دڵ.
- هەراویی سکۆڵەی چەپ.
- کاردیۆمیۆپاتیی هایپێرترۆفیک[195].

---

194 Papillary muscle

195 Hypertrophic Cardiomyopathy, ئەستور بوونی ماسولکەی دڵ و دیواری نێوان دوو سکۆلەی ڕاست و چەپ

نیشانەکانی گەڕاندنەوەی مەترالیی کامانەن؟

- ماندوویی و بێ هێزی.
- هەناسە بڕکێ.
- ڕشانەوەی خوێن بەهۆی بەرزبوونەوەی فشاری سییەکان.
- هێرشی شەوانەی پشووسواری.


گەڕاندنەوەی مەترالیی چۆن دەسنیشان دەکرێ؟

دیارییکردنی ئەم نەخۆشییە بە پێی نیشانەکان، دۆزراوەکانی فیزیکیی وەکو بیستنی دەنگی نائاسایی دڵ، گەورەبوونی دالآن و سکۆڵەی چەپ لە وێنەی ڕکەی سنگ بە یارمەتیی تیشکی ئێکس، هێڵکاری دڵ هەڵسەنگاندنی ڕادەی پانایی و کاری دەریچەی مەترال و گەورەبوونی دالآن و سکۆڵەی دڵ بە یارمەتیی ئێکۆکاردیۆگرافیی.

گەڕاندنەوەی مەترالی چۆن چارەسەر دەکرێ؟

بە پێی ڕادەی نیشانەکان و شێوانی کاری دڵ بۆ چارەسەرکردنی ئەم نەخۆشییە، لە دەوا یان نەشتەرگەریی و گۆڕینی دەریچەی میترال کەڵکوە ردەگیرێ.

بەشی سي و چوار
ئاریتمیی





مەبەست لە ئاریتمیی[١٩٦] چییە؟

ئاریتمیی چەمکێکە بۆ ناساندنی ئەو حاڵەتانە کە دەبنە هۆی خێرا، خاو یان نارێکلێدانی دڵ. بە خێرالێدانی نائاسایی دڵ، تاکیکاردیی[١٩٧] و بە خاو لێدانی نائاسایی دڵ، برادیکاردیی[١٩٨] دەکوترێ. رێژەی لێدانی دڵ لە تاکیکاردیی‌دا پتر لە١٠٠ کەرەت و لە خاو لێدانی دڵ کەمتر لە ٦٠ کەرەت لە خولەکێکدایە. بە نارێکلێدانێ دالانی دڵ - **ئاتریال ئاریتمیی**[١٩٩] و بە نارێک لێدانی دڵ کە لە سکۆڵەوە دەست پێ دەکرێ **وێنتریکل ئاریتمیی**[٢٠٠] دەکوترێ . مەترسی نارێکلێدانی سکۆڵەی دڵ بۆ مرۆڤ زۆرترە هەتا نارێک لێدانی دالانی دڵ.

---

196 Arrhythmia
197 Tachycardia
198Bradycardia
199 Atrial arrythmias
200 Ventricular arrythmia

سەرچاوەی ناڕێکلێدانی دڵ کامانەن؟

- ناتەواویی گرێی سینوسی بۆ بەرهەمهێنانی ترپەی ئەلیکتریکی[٢٠١] .
- نائاسایی‌بوونی ئەو ئاهەنگەی[٢٠٢] کە لە گرێی سینوسیی‌دا بەرهەم دێ.
- تێکچوونی ڕەوتی ڕاگوێزتنەوەی ترپە[٢٠٣] و پسان یان بەسترانی تە زووی ئەلکتریکی(لێدانی سەربەخۆی دالان و سکۆڵە) بێ پێوەندیی لەگەڵ یەک و ...

لە کاتی ئاریتمیی‌دا چ نیشانەیەک دەبیندرێ؟

بە پێی چەشنی ئاریتمی لەوەدەچێ لە سینگ‌دا هەست بە نیشانەکانی خوارەوە بکرێ:

- دڵ ڕەپێ کردن[٢٠٤].
- دڵە(کوتە) تەپێی سەخت[٢٠٥] .
- تەپ تەپکردنی دڵ[٢٠٦].
- خێراو ڕێک و پێک لێدانی دڵ[٢٠٧].
- هەروەها نەخۆش لە کاتی ناڕێک لێدانی توندی دڵدا تووشی سە رگێژە، بێ‌هۆشی، سینگ ئێشە و پشووسواری دەبێ.

---

201 Impulse formation
202 Rhythm
203 Impulse Conduction
204 Palpitations
205 Pounding
206 Thumping
207 Fluttering

هۆیەکانی ئاریتمی کامانەن؟

- ئاریتمیی زگماکیی دڵ.
- جگەرە، ئەلکۆڵ، کافائین، ماددەی سڕکەر.
- هێرشی دڵ.
- گەورەبوونی دڵ وەک ئاکامی بەرزبوونەوەی فشاری خوێن.
- پڕکاریی تیرۆئێد.
- و هتد ...

ئاریتمیی دڵ چۆن دیاری دەکرێ؟

- گرتنی هێلکاری دڵ. بەم مەبەستە لە دەزگای ئەلێکترۆکاردیۆگراف[208] کەڵک وەردەگیرێ.
- گرتنی نەواری دڵ لە کاتی ئەنجامی کارێکی جەستەیی یان پاش بەکارهێنانی دەواگەلێک وەکو دۆبیوتامین[209].
- کۆنترۆڵی کاری دڵ، گوشاری خوێن، شەکری خوێن و ڕێژەی هۆرمۆنەکانی تیرۆئێدی خوێن.

ئاریتمیی چۆن چارەسەردەکرێ؟

چارە سەرکردنی ئاریتمیی دڵ لە پێوەندیی لەگەڵ چەشنی ئاریتمیی و ڕادەی جددی بوونی‌دایە. بەشێکی زۆر لە ئاڕیتمیی‌یەکان پێویستیی‌یان بە هیچ چەشنە دەرمانێک نیی‌یە. جارو بار تەنیا وەلانانی کافائین (کۆکاکۆلا، پیپسی‌کۆلا، قاوە و...) دەتوانێ ببێتە هۆی گەڕانەوەی ئاهەنگی دڵ بە حاڵەتی ئاسایی خۆی. بە پێی هۆ و چەشنی ئاریتمیی بۆ چارەسەرکردنیان

---

208 Electrocardiograph
209 Dobutamine

له دەوای جۆربەجۆر، هەروەها چاندنی ترپەڕێکخەر[٢١٠] بۆ بردنەسەرەوەی ڕێژەی لێدانی دڵ و دیفیبریلێیتێر[٢١١] بۆ هینانەخوارەوەی خێرالێدانی دڵ کە بۆ ژیانی نەخۆش جێی مەترسین، کەڵک وەردەگیرێ.

بۆ پێشگیری لە ئاریتمیی دڵ پێویستە چی بکرێ؟

- وەلانانی جگەرە.
- چالاکیی فیزیکیی لەژێر چاوەدێری دکتۆردا.
- خواردنی خواردەمەنی کەمچەوریی و پڕ لە فیبر(سەوزی و میوە ...).
- کۆنترۆڵی کۆلسترۆڵی خوێن.
- کۆنترۆڵی گوشاری خوێن.
- هێنانەخوارەوەی قورسایی جەستە.
- وەرزشی بەردەوام.
- کۆنترۆڵی شەکری خوێن.
- دووری لە هەر چەشنە سترێس(دڵەراوکێ)ی ڕۆحی(دەروونی).

---

210 Pacemaker
211 Defibrillator

بەشی سي پێنج


كاردیۆمیوپاتیی

كاردیۆمیوپاتیی[212] چییه؟

كاردیۆمیوپاتیی نەخۆشیی ماسولكەی دڵه. وشەی *cardio* به واتای دڵ، *myo* به واتای ماسولكه و *pathy* به واتای نەخۆشییه. كاردیۆمیوپاتیی دەبێته هۆی شێوانی كاری ماسولكەی دڵ و ناتەواویی دڵ بۆ پۆمپاژی خوێن.

جۆرەكانی كاردیۆمیوپاتیی كامانەن؟

١- كاردیۆمیوپاتیی والا [213]



لەكاردیۆمیوپاتیی والادا، دڵ گەورەیه و هەر دوو سكۆڵەكان تووشی هەراویی دەبن، هەروەها هێزی گرژبونەوەی دڵ و پۆمپاژی خوێنیش كه مدەبێتەوه.

212 Cardiomyopathy
213 Cardiomyopathy Dilated(congestive)

هۆیەکانی کاردیۆمیوپاتیی والاّ کامانەن؟

- نەناسراو[٢١٤].
- بنەماڵەیی
- ئەلکوڵیبوون.
- نەخۆشیی خوێنبەری کرۆنێریی دڵ (کاردیۆمیوپاتیی پاش سەکتەی دڵ لە سەتا ٥٠ تا ٩٠ بوارەکاندا هۆی ناتەواویی دڵە).
- بەرزبوونی فشاری خوێن.
- خووگریی بە کۆکائین و هیرۆئین.
- ماددەی ژەهراویی[٢١٥] وەکو کوبالت، فۆسفۆڕ، کاربۆن مۆنۆئۆکسید، جیوە،
- دابەزینی رادەی کالسیۆمی خوێن(هیپۆکالسیمی[٢١٦]).
- پڕکاریی لووی تیرۆئید.
- دەواکانی دژی ڕێترۆڤایرۆس وەکو
- Zalcitabine ،Didanosine،Zidovudine
- نەخۆشی(شەکرە) قەند.
- فینوتیازینەکان[٢١٧] .
- و هتد ...

---

214 Idiopathic
215 Toxins
216 Hypocalcemia
217 Phenothiazines
گروپێکە لە دەواکان کە بۆ دەرمانی نەخۆشیی ڕۆحیی وەک شیزۆفیرنی و هتد ... بە کار دەبردرێ.

نیشانەکانی کاردیۆمیوپاتیی والآ کامانەن؟

- پشووسواریی لە کاتی جەموجوڵدا.
- هێرشی شەوانەی پشووسواریی.
- ماندوویی و داکشانی هێز.
- دڵەکوتە.
- سنگ ئێشە.
- خێرالێدانی دڵ لە کاتی پشووداندا.

کاردیۆمیوپاتیی والآ چۆن چارەسەر دەکرێ؟


- بۆدەرمانی ئەم نەخۆشییە، بڕوانە هۆکانی ئەم نەخۆشییە.
- چاندنی دڵ لەو کەسانەی کە تەمەنیان ژێرەوی ٦٠ ساڵە و دەوا کارتێکەریی لە سەر ئەوان نەماوە.

٢- کاردیۆمیوپاتیی هایپێرترۆفیک[٢١٨]

لەم نەخۆشییەدا ئەستووریی ماسولکەی دڵ و دیواری نێوەڕاستی هەر دوو سکۆڵەکانی ڕاست و چەپ دەبیندرێ. ئەستووربوونی دیواری نێوان سکۆڵەکان لە کاتی گرژبوونەوەی سکۆڵەی چەپ، دەبێتە هۆی تەنگبوونەوەی ناوچەی ژێرئائۆرت کە ئاکامی نزیکبوونەوەی دەریچەی مەتراله بە دیواری نێوەڕاستی دڵ. ئەم حاڵەتە بە تایبەتیی لە کاتی وەرزشدا دەتوانێ بەشێوەیەکی لەناکاو ببێتە هۆی بەسترانی تەواوی ڕەوگەی ڕۆیشتنی خوێن و ڕاوەستانی دڵ.

---

218 HypertrophicCardiomyopathy, ئەستووربوونی نائاسایی ماسولکەی دڵ



هۆیەکانی کاردیۆمیوپاتیی هایپێرترۆفیک کامانەن؟

هەر شتێک یان ئاکارێک کە ببێتە هۆی بە هێزکردنی ڕەوتی گرژبوونەوی دڵ و لە ئاکامدا زۆرترکردنی تەنگیی ڕەوگەی ڕۆیشتنی خوێن. بۆ نموونە:

- دەوا وەکو دۆپامین[٢١٩]، ئێپینئفرین[٢٢٠]، نیترۆگلیسیرین[٢٢١]، میزهێنەرەکان و ئەلکۆڵ.
- کەم بوونەوەی نائاسایی ئاویلکەی جەستە[٢٢٢].
- خێرالێدانی دڵ.
- لە سەر پێ ڕاوەستان.

219 Dopamine
220 Epinephrine
221 Nnitroglycerin
222 Hypovolemia

هەر شتێک یا ئاکارێک کە ببێتە هۆی خاوکردنی ڕەوتی گرژبوونەوەی دڵ، تەنگیی ڕەوگەی ڕۆیشتنی خوێن کەمتر دەکاتەوە. بۆ وێنە:

- دەوا وەکو پرۆپرانۆلۆڵ[٢٢٣]، ویراپامیل[٢٢٤].
- زۆربوونی نائاسایی ئاویلکەی جەستە[٢٢٥] .
- خاولێدانی دڵ.
- هەڵتروشکان.

نیشانەکانی کاردیۆمیوپاتیی هایپێرترۆفیک کامانەن؟

- پشووسواریی.
- لە هۆش‌چوون بۆ ماوەیەکی کورت (لەکاتی وەرزشدا).
- سنگ‌ئێشە (ڕاکشان دەبێتە هوی کەمکردنەوەی ئێش).
- دڵە کوتە.
- مردنی لەنەکاو دەتوانێ تەنیا نیشانەی ئەم نەخۆشییە بێ (ئەم حاڵەتە بە تایبەتی لە لاوان لە کاتی وەرزش‌دا دەبیندرێ).


کاردیۆمیوپاتیی هایپێرترۆفیک چۆن چارەسەر دەکرێ؟

- دەوا بۆ هێنانەخواریی کار و پێداویستیی دڵ بە ئۆکسیژن(پرۆپرانۆلۆل، ویراپامیل).
- نەشتەرگەریی دڵ.

---

223 Propranolol
224 Verapamil
225 Hypervolemia

٣- کاردیۆمیوپاتیی بەرتەسک[226]



لە کاردیۆمیوپاتیی بەرتەسکدا خوێنی نێو دالانەکان لەکاتی خاوبوونەوەی دڵ دەڕژێتە نێو سکۆڵەکان. گرژمانەوەی سکۆڵە وەک ئاکامی ڕەقبوون و نەگۆڕیی ماسولکەی سکۆڵە، دەبێتە هۆی پێشگیری لە گەیشتنی خوێنی پێویست بە دیوەکان و گەڕانەوەی خوێن بۆ نێو سیستمی سووڕانەوەی خوێن.

هۆکانی کاردیۆمیوپاتیی بەرتەسک کامانەن؟

نەخۆشیی ئەندامەکانی دیکە سەرچاوەی سەرەکیی ئەم نەخۆشییەن، وەکو:

- **ئامیلۆئیدۆز**[227]. یەکێک لە هۆکانی سەرەکیی ئەم چەشنە کاردیۆمیوپاتی‌یە کە جاروبار لە پێوەندیی لەگەڵ شێرپەنجەکاندا دەبیندرێ.

---

226 Restrictive Cardiomyopathy
227 Amyloidosis,
ئامیلۆئیدۆز بە واتای نیشتن و کۆبوونەوەی ئامیلۆئید لە ئەندامەکانە کە دەبێتە هۆی ڕەق و ئەستووربوون و شێوانی کاری ئاسایی ئەندام. ئامیلۆئید چەشنە پرۆتێینی روون و بەرهەمی ڕزینی تان و پۆکانی لەشە.

- **هێموکرۆماتۆز**[228] لەم نەخۆشییەدا ئاسن بە شێوەیەکی نائاسایی و لە ڕادەبەدەر لە ئەندامەکاندا کۆ دەبێتەوە.
- **سارکۆئیدۆز**[229]. نەخۆشییەکی درێژەخایەنی سیستمیکە کە هۆکانی جارێ نەناسراوە. لە زۆربەی ئەندامەکانی جەستەدا، گرێی زۆر ورد بە ئەندازەی شەکر یان خیز بەرهەم دێ کە پێیان گرانولۆم[230] دەکوترێ.
- **هێرشی دڵ** کە ببێتە هۆی پێکهاتنی جێبرین[231].
- **کارتێکەریی ژەهراویی ئانتراسیکلین**[232] (لەم دەوایە بۆ دەرمانی شێرپەنجەی خوێن کەڵکوەردەگیرێ).
- **نەخۆشیی قەند.**
- و هتد ...

نیشانەکانی کاردیۆمیوپاتیی بەرتەسک کامانەن؟

- ماسینی دەستو پێ.
- ماندوویی و داکشانی هێز.
- پشووسواریی لەکاتی وەرزشدا.
- کۆبوونەوەی نائاسایی ئاو لە نێو دیوەکانی جەستە[233].
- ئاریتمیی دڵ.

کاردیۆمیوپاتیی بەرتەسک چۆن چارەسەر دەکرێ؟

228 Hemochromatosis
229 Sarcoidosis
230 Granulomas
231 Scar
232 Anthracycline
233 Ascites

- دەرمانی ئەو نەخۆشییانەی کە سەرچاوەی کاردیۆمیوپاتیین.
- بە پێی نەبوونی دەرمانی تایبەتی، تەنیا دەکرێ نیشانەکانی نەخۆشی و ناتەواویی دڵ کۆنترۆڵ بکرێ (بڕوانە بەشی ناتەواویی دڵ).
- چاندنی دڵ.

بەشی سي و شەش

هەوی ماسولکەی دڵ[234]

هۆکانی هەوی ماسولکەی دڵ کامانەن؟

- هەوی چڵکیی ڤایرۆسی (بە تایبەتیی کۆکساکی ڤایرۆسی B)، بەکتریایایی و ...
- یاو(تا)ی ڕوماتیسمیی.
- کارتێکەریی بەشێک لە دەواکان وەک : کۆکائین[235]، سولفونامیدە کان[236] ، ئیزونیازید[237]، تیتراسیکلین[238]، تری سیکلیک ئەنتیدیپرێسانتە کان[239] و...
- ژەهرەکان[240] وەک کاربۆن منۆئۆکساید، ژەهری دیفتیری، ئارسینیک و...
- نەخوشیی سیستێمیکی جەستە وەکو "هەوکردنی ڕەگەکانی خوێن[241] و سارکۆئیدۆز.

نیشانەکانی هەوی ماسولکەی دڵ کامانەن؟

- ماندوویی و داکشانی هێز.
- ئێشی ماسولکە وجومگەکان.
- یاو(تا).

---

234 Myocarditis
235 Cocaine
236 Sulfonamides
237 Isoniazide
238 Tetracycline
239 Trycyclic antidepressants
240 Toxins, ماددەی ژەهراویی
241 Vasculitis

- ئاریتمیی.
- پشووسواری (بە تایبەتیی لە کاتی وەرزشدا).
- بێهۆش بوون(دەتوانێ ئاکامی ئاریتمیی دڵ بێ).
- سنگئێشە.
- هەروها نیشانەکانی ناتەواویی دڵ.

لە منداڵاندا زۆرتر نیشانەکانی خوارەوە دەبیندرێن:

- بەرزبوونەوەی(تا) یاو.
- بێئیشتیهایی.
- شین و بۆربوونەوەی ڕەنگی پێست.

ئاڵۆزییەکانی هەوی ماسولکەی دڵ کامانەن؟

هەوکردنی ماسولکەی دڵ دەتوانێ ببێتە هۆی خاڵەکانی خوارەوە:

- گەورەبوونی دیوەکانی دڵ و گەورەبوونی نائاسایی دڵ[٢٤٢] .
- ئازاری سلولەکانی ماسولکەی دڵ.
- ناتەواویی دڵ.
- پێکهاتنی دەڵەمەی خوێن[٢٤٣] لە دیواری دیوەکانی دڵدا.
- جوێبوونەوەی دەڵەمەی خوێن و ڕێکەوتنی بۆ نێو سیستمی گەڕانی خوێن هۆی سەکتەی دڵ و مێشک لەم نەخۆشانەدایە.

---

242 Cardiomegaly
243 Thrombosis

هەوی ماسولکەی دڵ چۆن دیاریی دەکرێ؟


هەوی ماسولکەی دڵ بە پێی نیشانەکان، گۆڕانکاریەکانی نەوار(هێڵکار) ی دڵ و دەنگیی دڵ، دیاریی‌کردن ڤایرۆس لە پیسایی‌دا، تراوی گەرو یان بەشەکانی دیکەی لەش، بیۆپسی لە نێوپۆش و ماسولکەی دڵ، وێناکردنی زرنگانەوەی موگناتیسی و گۆڕانی دژەلەشەکان[٢٤٤] دەسنیشان دەکرێ.

هەوی ماسولکەی دڵ چۆن چارەسەردەکرێ؟

- دەرمانی ئەو هۆیانەی کە سەرچاوەی ئەم نەخۆشییەن.
- ئاستەنگیی جموجوڵی فیزیکیی جەستە (بۆ هینانەخوارەوەی کاری دڵ).
- دەرمانی ئاریتمیی دڵ.
- دەرمانی ناتەواویی دڵ (بڕوانە بەشی ناتەواویی دڵ).

244 Antibody ،دژەتەن

بەشی سی و حەوت
هەوی دڵپۆش[٢٤٥]



هۆکانی هەوی دڵپۆش کامانەن؟

- چڵکی ڤایرۆسی، وەکو ئیکۆڤایرۆس[٢٤٦] و کۆکساکی ڤایرۆس[٢٤٧] .
- نەخۆشیی سیستمیک وەکو نەخۆشییەکانی خۆپارێزیی، یاو(تا)ی رۆماتیزمی، سیل، شێرپەنجە. ناتەواویی گورچیلە.
- نەخۆشیی دڵ وەکو هێرشی دڵ[٢٤٨] و هەوکردنی ماسولکەی دڵ.
- تیشک دەرمانیی[٢٤٩] سنگ و کەڵکوەرگرتن لە ئەو دەوایانەی کە دەبنە هۆی کزیی سیستمی بەرگریی جەستە.
- زەبروێکەوتن بە هۆی ئازارو نەشتەرگەری.
- هۆی نەناسراو.

---

245 Pericardium
246 Echovirus
247 Coxsackievirus
248 Heart attack
249 Radiation therapy

- هەوی دڵپۆش زۆرتر لە نێو پیاوانی ٢٠تا ٥٠ ساڵان دوای نە خۆشیی چڵکیی سییەکان و لە منداڵانیشدا دوای نەخۆشیی ڤایرۆس[٢٥٠] و کۆکساکی ڤایرۆس دەبیندرێ.

نیشانەکانی هەوی دڵپۆش کامانەن؟

- ئێشی سنگ ئاکامی هەوکردنی تان و پۆی پریکاردۆ و لێکخشانی لەگەڵ دڵە. ئەم ئێشە لە کاتی دانیشتن و چەمانەوە بۆ پێشەوە کەمدەبێتەوە، بەڵام هەناسەکێشانی قوڵ و ڕاکشان ئێش زۆرتر دەکا. ئێش بەرەو مل، دە فەی شان، زگ و پشت ڕادەکێشرێ.
- هاتنەخوارەوەی ڕادەی وەدەرنانی خوێنی دڵ بەرەو ئەندامەکان لە خولەکێکدا دەبێتە هۆی داکشانی هێز،ماندوویی، هاتنەخوارەوەی فشاری خوێن و خێرالیدانی دڵ.
- بەرزبوونەوی فشاری سیستێمیکی خوێنهێنەرەکان دەبێتە هۆی گە ورەبوونی جەرگ[٢٥١] . کۆبوونەوەی نائاسایی و لە ڕادەبەدەری شلەئاو لە بەشەکانی جەستە، ماسینی(ئەستووربوون)ی لاق، مەچەکی پێ و زگ.
- پەنگخواردنەوەی خوێن لە خوێنهێنەری سیپەلکی[٢٥٢] بە تایبەتیی لە کاتی ڕاکشاندا دەبێتە هۆی کۆخەی وشک و سەرهەڵدانی پشووسواری.
- یاو.
- پەشێوی.


250 Adenovirus
251 Hepatomegaly
252 Venous pulmonary congestion

هەوی دڵپۆش چۆن دیاری دەکرێ؟

ئێکۆکاردیۆگرافی باشترین شێوەی دەسنیشانکردنی هەوی دڵپۆش و تامپۆنادی دڵە[253]. لە ڕێگای ئێکۆکاردیۆگرافییەوە بە باشی دەکرێ شلەئاوی پریکاردۆ چۆنییەتی پێکهاتە و کاری دڵ دیاری بکرێ.

هەوی دڵپۆش چۆن چارەسەر دەکرێ؟

- دەرمانی هۆی نەخۆشییەکە.
- ئازارشکێن.
- دەوا بۆ دەرمانی هەوی پریکاردۆ وەکو ئیبۆپرۆفین[254]. ئەسپرین و جاروبار کۆرتیکۆسترۆئێدەکان[255].
- میزهێنەرەکان بۆ کەمکردنەوەی شلەئاوی لە ڕادەبەدەر و نائاساییی نێو توورەکەی پریکارد،
- دەرکێشانی شلەئاو لە ڕێگای پریکاردیۆسێنتێز[256] (لەم حاڵەتەدا بە دوای ڕۆکردنی دەرزیەکی نێو خاڵی، یان کاتێتر، شلەئاوی نێو توورەکەی پریکارد خاڵی دەکرێ).
- ئەنتیبیوتیک بۆ دەرمانی هەوکردنی بەکتریایی.
- نەشتەرگەری لە کاتی درێژخایەن بوونی نەخۆشی و



253 Tamponade
254 Ibuprofen
255 Corticosteroid
256 Pericardiocentesis

ڕەقی و ئەستووریی دڵپۆشدا. دەبی ئەم تۆیخە لە ڕێگای نەشتەرگەرییەوە لە دڵ جویَکرێتەوە[٢٥٧].


ئاڵۆزیی و مەترسییەکانی هەوی دڵپۆش کامانەن؟

- ئاریتمیی دڵ.
- تامپۆنادی دڵ. زۆربوونی لە ڕادەبەدەری شلەئاوی نێو توورەکەی دڵپۆش دەبێتە هۆی فشارهاوردن[٢٥٨] بە دڵ.
- هەوی دڵپۆشی بەرتەسک[٢٥٩] – هەوکردنی توورەکەی دڵپۆش دە توانیَ ببێتە هۆی ڕەق و ئەستوربوونی ئەم چینە و نووسانی بە دڵ. ئەم حاڵەتە کە پێشگیریی لە گیربوونەوە و خاوبوونەوەی دڵ و پڕبوون و ناردنی خوێن دەکا، دەتوانیَ یەکێک لە هۆیەکانی ناتەواویی دڵ بیَ.

---

257 Pericardiectomy
258 Compression
259 Constrictive Pericarditis

بەشی سی و هەشت
هەوی نێوپۆشی دڵ [260]



نێوپۆشی دڵ چییە؟

نێوپۆشی دڵ تۆیخی نێو دڵە، کە تەواوی ژووری دڵ، دەریچەکان و دیوەکانی دادەپۆشێ. دەریچەکانی دڵ زۆرتر تووشی ئەم نەخۆشییە دەبن.

هۆیەکانی هەوی نێوپۆشی دڵ کامانەن؟

بەکتریایەکان سەرچاوەی سەرەکیی هەوی نێوپۆشی دڵن. بەکتریایەکانی گرووپی ستافیلۆکۆک[261] ستریپتۆکۆک[262] یا ئەو بەکتریایەی کە لە حاڵەتی ئاساییدا لە پێست و دەمی مرۆڤدا دەژین، بە هۆی ئازار و برینداربوونی پێست، نەشتەرگەریی ددان و نێو دەم، جێی دەرزی بە تایبەتی لە خووگرە کان بەماددەی سڕکەر، ڕەوانەی خوێن دەبن و لە ڕێگای سیستێمی سووڕانی خوێن دەگەنە دەرببیجەکانی دڵ و لەوێ جێگیر دەبن.

---

260 Endocarditis
261 Staphylococcus
262 Streptococcus

جۆرەکانی هەوی نێوپۆشی کامانەن؟

هەوی نێوپۆشی دڵ لە پێوەندیی لەگەڵ هۆکانی پێکهێنەری بە دوو چە شنی چڵکیی(بەکتریای) و ناچڵکی(یان خاوێن) دابەش دەکرێ. هەوی ناچڵکیی نێوپۆشی دڵ یان خاوێن لەگەڵ چەشنی چڵکی کەمتر دەبیندرەێ. پەرەگرتوویی هەوی نێوپۆشی دڵ لە پێوندەیی لەگەڵ هێزی نەخۆشکەری بەکتریا و ئازاردیتنی تان و پۆی نێوپۆشی دڵ دەتوانێ توند و سەخت (هەوی کتوپڕی نێوپۆشی دڵ[٢٦٣]) یان سووک و بە مەترسیی کەمتر بێ (هەوی ژێرکتوپڕی نێو پۆشی دڵ[٢٦٤]).

- **هەوی کتوپڕی نێوپۆشی دڵ**

چەشنی هێرشکەری[٢٦٥] بەکتریا پێست، بە تایبەتیی ستافیلۆکۆکەکان لە ڕێگای خوێنەوە ڕەوانەی دڵ دەبن وهێرش دەبنە سەر دەریچە ساغەکانی دڵ. ئەم بەکتریایانە پاش زۆر بوونیان لە نێو دڵ، لە ڕێگای سیستێمی سووڕانی دڵ لە جەستەی مرۆڤدا بڵاو دەبنەوە و دەبنە هۆی چڵککردنی ئەندامەکانی دیکە بەتایبەتیی گورچیلەکان، سییەکان و مێشک. مەترسیی ئەم نەخۆشییە لە خووگرەکاندا کە بە شێوەیکی بەردەوام لە ڕێگای دە رزییەوە ماددەی سڕکەر بەکار دێنن زۆرتر لە خەڵکی دیکەیە. ئەم نەخۆشییە ئەگەر دەرمان نەکرێ لەوەدەچێ لەماوەی چەند ڕۆژ تا کەمتر لە ٦ هەفتە بە پێی پەرەگرتوویی نەخۆشییەکە، ببێتە هۆی مردن.

---

263 Acute endocarditis
264 Subacute endocarditis
265 Aggressive

- **هەوی ژێرکتوپڕی نێوپۆشی دڵ**

گروپــی بــەکتریایەکانی ســترێپتۆکــۆک وەکــو Streptococcus Milleri، Mitis ، Mutans،Sanguis کە لە حاڵەتی ئاسایی‌دا لە نێو دەم و گەرودا دەژین، هۆی ئەم چەشنە نەخۆشییەن. ئەو دەریچانەی دڵ کە پێشــتر تووشــی ئــازاربوون، زۆرتــر تووشــی ئــەم نەخۆشــییە دەبــن. دەرمان‌نەکردنی ئەم نەخۆشییە دەتوانێ ببێتە هۆی مردنی نەخۆش لە ماوەی ٦ حەوتو تا ساڵێک.

لە چ کەسانێکدا مەترسیی هەوکردنی نێوپۆشی دڵ بەرزترە؟

- ئەوانەی کە تووشی ئاڵۆزییەکانی تەواوکاریی زگماکیی دڵن (وەک نەبەسترانی دیواری نێوان دو دالآنی دڵ).
- ئازار دیتنی دەریچەکانی دڵ، وەک لە ئاکامی یاو(تا)ی رۆماتیزمی یان ئەستووریی دەریچەکان، کۆبوونەوەی کالسیۆم کە بەرهەمی چوونەسەرێی تەمەنە، دەتوانێ ببێتە هۆی ئەستووری و ڕەقبوونی دەربیجەکان .
- دەریچەی دەستکرد یان ماددەی بێگانە لە دڵ وەکو ترپە ڕێکخەر.
- بەکارهێنانی ماددەی سڕکەر لە ڕێگای دەرزی لێدانەوە.
- نەخۆشــییە درێژخایــەنەکــان کــە دەبنــە هــۆی کزیــی سیســتێمی بەرگریی جەستە وەکو نـەخـۆشـیی شـەکرە، ئەلکۆلیی‌بـوون، شـێرپەنچـە و شیمی دەرمانی(دەرزی کیمیایی)،
- نەشتەرگەری وەکو بڕین و دەرهێنانی ئاڵوو(لەوزەتین)[٢٦٦] .

266 Tonsillectomy

نیشانەکانی هەوکردنی کتوپڕی نێوپۆشی دڵ کامانەن؟

- بەرزبوونەوەی یاو
- سنگئێشە.
- پشووسواریی.
- کۆخین.
- پچڕانی وردە ڕەگەکانی لەپی دەست و پێ.
- لە کاتی سەختبوونی ئازاری دڵ نەخۆش تووشی شۆک و بێهۆشیی دەبێ.

نیشانەکانەی هەوکردنی ژێرکتوپڕی نێوپۆشی دڵ کامانەن؟

- ئارەقەی شەوانە.
- لەرزو تا.
- یاو.
- ئێشی ماسولکە وجومگە.
- ماندوویی.
- پشووسواری.
- سەرئێشە.
- بێئیشتیهایی.
- لەدەستدانی قورسایی جەستە.
- بەرهەمهاتنی گرێی ورد و ئێشدار لە ژێر پێستی قامکەکانی لاق و دەست[٢٦٧].
- پچڕانی وردە دەمارەکانی چاو، مەلاژک(مەلاشو)، سنگ و قامکە کانی دەست و پێ.

---

267 Osler nodes



هەوكردنی نێوپۆشی دڵ چۆن دەسنیشان دەكرێ؟

دیـــاریی‌كردنی هەوی نێوپۆشـــی دڵ بە پێـــی پێشـــینەی پزشـــكیی؛ دۆزینـەوەكانی فیزیكیـیو نیشـانەكانی ئەم نەخۆشـییە وەكـو یـاو؛ بیسـتنی دەنگــی نائاســایی دڵ، گۆڕانكــاریی نەواری(هێلكــاری) دڵ، تــاقیكردنەوە و چانـدنی خـوێن[٢٦٨] (لە تـاقیگەدا بـۆ ناسـینەوەی ئەو بـەكتریایەی كە هـۆی نەخۆشـــییەكەیە) و ئێكۆكـــاردیۆگرافیی لە ڕێگـــای قـــوریژنكەوە[٢٦٩] بـــۆ هەڵسەنگاندنی كاری دڵ و دیاریی‌كردنی برینی سەر دەربیجەكانە[٢٧٠]



برینی سەر دەربیجەی ئائۆرت

268 Blood culture
269 Transesophageal echocardiogram
270 Vegetation

ئاڵۆزییەکان و مەترسیی هەوکردنی نێوپۆشی دڵ کامانەن؟

- ئاریتمیی دڵ.
- ناتەواویی دڵ.
- هێرشی دڵ(سەکتەی دڵ).
- هەوی دڵپۆش.
- جویَبوونەوەی دەڵەمەی خوێن لە دیواری ڕەگەکان و ڕۆیشتنی بۆ مێشک، سییەکان و خوێنبەری کرۆنێریی دڵ کە دەبێتە هۆی سەکتەی دڵ و مێشک.

هەوی نێوپۆشی دڵ چۆن چارەسەر دەکریَ؟

لە هەوی بەکتریای نێوپۆشی دڵدا پێویستە بۆ ماوەی ٤ تا ٦ هەفتە ئەنتیبیوتیک وەکو پنیسیلین[٢٧١] و سفالۆسپۆرینەکان[٢٧٢] بە نەخۆش بدریَ.


لە چ حاڵەتێکدا پێویست بە نەشتەرگەریی دڵ هەیە؟

- ئازاردیتنی دەریچەکانی ئائۆرت و مەترالّ کە دەبێتە هۆی گەڕانەوە ی خوێن و ناتەواویی دڵ.
- ناکۆکیی کاری دەریچەکانی دڵ و بەردەوام مانی چڵک دوای تێپە ڕینی ١٠ ڕۆژ لە دەرمان بە ئەنتیبیوتیکێکی شیاو.
- زۆربوون و بە یەکنووسانی نائاسایی میکرۆبەکان کە دەبێتە هۆ ی بەرهەمهاتنی برین لە سەر دەریچەی دڵ کە ئەندازەی پتر لە١٠ میلیمەتر بیَ.
- ئەو کاتەی کە کارگەکان(فطريات) هۆی نەخۆشیی بن. کارگەکان وڵامی شیاو بەدەوادەرمانیی نادەنەوە.


---

271 Penicillins
272 Cephalosporins

بڕگەی (٤)
نەخۆشیی دەزگای میزو میزەڕۆ



بەشی سی و نۆ
قەوارە و کاری کۆئەندامی میزومیزەڕۆ



کۆئەندامی میزومیزەڕۆ لە چی پێکهاتووە و کاری چییە؟


ئەم دەزگایە لە دوو گورچیلە، دوو بۆریی میز، میزڵدان و میزەڕێ پێکدێ و ئەرکی ئەو درووستکردن، کۆکردنەوە، راگرتن و راماڵینی میزە.

گورچیلە کان[٢٧٣] چین و چ کارێک دەکەن؟

گورچیلەکان دوو ئەندامن لە شێوەی پاقلە. لە بەشی پشتەوەی بۆشایی گەدە (زگ) و کەمێک ژێرتر لە قەفەسەی سنگ جێگیرن و دەکەونە ئەملاو ئەولای بڕبڕەی پشت. هەر گورچیلەیەک نزیک بە یەک ملیۆن کەناڵ یان گورچیلکەی[٢٧٤] هەیە. ئەم کەناڵانە پێکهێنەری بینا و پێکهاتەی گورچیلەن و کاری سەرکیی ئەو بینایەش بەڕێوە دەبەن.

---

273 Kidneys
274 Nephron



پێکهاتەی گورچیلە و گورچیلکە

کاری سەرەکیی گورچیلکە بریتییە لە:

- دروستکردنی میز و جیاکردنەوەی کەرەستەی ناپێویستی وەکو ئوورە[٢٧٥]، کراتینین[٢٧٦] لە پلازمای خوێن وە دەرنانیان لە جەستەی مرۆڤ.
- ڕاگرتنی هاوسەنگی ئاو و ئەلکترۆلیتەکان[٢٧٧].
- دروستکردنی خڕۆکە سوورەکانی خوێن لە مۆخی ئێسکدا[٢٧٨].
- هاوسەنگ کردنی فشاری خوێن.

کاری بۆریی یان لوولەی میز[٢٧٩] چییە؟

بۆڕیی میز لوولەیەکی باریکە، میز لە گورچیلەوە بۆ میزڵدان دەگۆزێتەوە. درێژایی بۆڕیی میز ٢٥ تا ٣٠ سانتیمێترە.

---

275 Urea, ئوورە ئامانجی ئاڵوگۆڕی متابۆلیسمی ئەسیدیئەمینە لە جەستەدا.

276 Creatinine, کراتینین ئامانجی لێکهەڵاوردنی کراتینین ڤسفاتی ماسوولکەیە.

٢٧٧- Electrolyte ئەلکترۆلیت ماددەیەکە کە لە کاتی توانەوە لە تراوێکدا دەبێتە یۆن و دەتوانێ رەوتی کارەبا راگوێزێ.

278 Bone morrow

279 Ureter

کاری میزڵدان[280] چییە؟


میزڵدان ئەندامێکی ماسولکەییە، نزیک بە لیترێک میز لە خۆیدا ڕادەگرێ. کاری سەرەکیی میزڵدان کۆکردنەوەی میز و وەدەرنایەتی.

کاری میزەڕێ[281] چییە؟

میزەڕێ پلوسکێکە و میز لە میزڵدانەوە بەرەو دەرەوەی میزڵدان ڕادەگوێزێ. درێژایی ئەم لوولەیە لە پیاواندا ٢٠ سانتیمەتر و لە ژناندا ٣ تا ٥ سانتی مەترە.

280 Urinary bladder
281 Urethera

بەشی چل
ناتەواویی و تێک چوونی کتوپڕی گورچیلە



مەبەست لە تێک چوون و ناتەواویی کتوپڕی گورچیلە[٢٨٢] چییە؟

بە تێکچوونی کتوپڕی گورچیلە و هاتنەوە سەر حاڵەتی ئاساییەکەی و هاوکات زۆربوونی خەستایی کراتێنین و ئوورە، ناتەواویی گورچیلە دەگوترێ.

هۆکانی ئەم ناتەواوییە کامانەن؟

- نەمان یان کەمبوونەوەی تراوی جەستە لە ئاکامی خۆێنبەربوون، ڕشانەوە، زگەشۆرە، سووتانی جەستە، ئارەقەکردنی لە ڕادەبەدەر و دابەزینی فشاری خوێن و ڕاچڵەکین.
- ماسینی جەستە وەک ئاکامی ناتەواویی دڵ یان نەخۆشیی جەرگ وەک سیرۆز[٢٨٣].

282 Acute Renal Failure

283 Cirrhosis,

تێکچوونی درێژخایەن و نەگەڕاوەی تانی جەرگ کە دەبێتە هۆی تێک چوون و تیاچوونی کاری ئاسایی ئەم ئەندامە.

- کارتێکەریی ژەهراویی دەواگەڵێکی وەکو ئامینوگلیکۆزیدەکان[٢٨٤] (چەشنێک ئەنتیبیوتیک) و دیکلۆفێناک[٢٨٥] (دژە هەو) لە سەر گورچیلە.
- بەسترانی ڕێگای میز بە هۆی لوو و تومۆر، گەورەبوونی پرۆستات یا هەبوونی بەرد.
- قەپاتبوون و بەسترانی رێگەی خوێنبەرەکان.
- کەمخوێنیی گورچیلە بە هۆی کەمبوونەوە یا نەگەیشتنی خوێن.

نیشانەکانی تێک چوونی کتوپڕی گورچیلە کامانەن؟

لە سەرەتادا لەوەدەچێ نیشانەیەکی تایبەتیی نەبیندرێ، بەڵام بە پێی هاتنەخوارەوەی کاری گورچیلە ئەم نیشانانە وەبەرچاو دەکەون:

- بێ حاڵیی و ماندوویی.
- پشووسواریی.
- ماسینی جەستە.
- ناڕێک لێدانی دڵ بە هۆی زۆربوونی پتاسیۆمی خوێن.
- هەوی دڵپۆش بە هۆی زۆربوونی ئوورەی خوێن.
- کەمخوێنی.
- بێئیشتیهایی.
- بەرزبونەوەی فشاری خوێن،
- کۆما و تەنانەت مردن.

---

284 Aminoglycosides
285 Diclofenac

قوناغەکانی ئەم نەخۆشییە کامانەن؟

قۆناغی یەکەم - ئازاری گورچیلە، وەک ئاکامی کەمخوێنی یان کاریگەریی ماددەی ژەهراوی. لەم حاڵەتەدا بڕی میز ئاسایی‌یە (میزی ڕۆژانە تا ٢٠٠٠ میلی‌لیترە).

قۆناغی دووهەم - ئۆلیگئووریی[٢٨٦](بڕی میزی ڕۆژانە کەمتر لە ٥٠٠ میلی‌لیترە) یا ئانووریی[٢٨٧] (قەبارەی میزی ڕۆژانە کەمتر لە ١٠٠ میلی‌لیترە).

قۆناغی سێهەم - پۆلی‌ئووریی[٢٨٨](بڕی میزی ڕۆژانە پتر لە ٢٠٠٠ میلی‌لیترە).

قۆناغی چووارەم - بڕی میزی ڕۆژانە ئاسایی‌یە.


دکتۆر بۆ ئاشکراکردن و زانینی ناتەواویی کتوپڕی گورچیلە چ دەکا؟

دکتۆر خوێن و میزی نەخۆش دەنێرێ بۆ تاقیگە. لە نەخۆشانەدا ڕادەی کراتێنین و ئوورەی خوێن و پتاسیۆم دەچێتە سەرێ و کاری پاڵاوتنی گرمۆلەکانی[٢٨٩]گورچیلە کەمدەبێتەوە. لە میزدا لەوەدەچێ خوێن، پرۆتیین‌و خڕۆکە سپیی‌یەکان ببیندرێ. هەروەها لە سۆنۆگرافیی بۆ هەڵسەنگاندانی ئەندازە و پێکهاتەی گورچیلە و نموونە لێ وەرگرتن لە تان و پۆی گورچیلە کەڵکوەردەگیرێ.

---

286 Oliguria
287 Anuria
288 Polyuria
289 Glomerular filtration rate[GFR]
کاری گرمۆڵەکان لە گورچیلە دا پاڵاوتنی شتی ناپێویستی خوێنە. Glomerulus,

ناتەواویی کتوپڕی گورچیلە چۆن دەرمان دەکرێ؟



لە پلەی سەرەتادا دەبێ هۆکانی ناتەواویی کتوپڕی گورچیلە بزانرێ. شەکری خوێن و گوشاری خوێن دەبێ بە باشی کۆنترۆڵ بکرێن. بە پێی ئەو نیشانانەی کە دیتراون لە دەرمانی جۆراجۆر، هەروەها لە کاتی پێویستدا لە دەزگای دیالیز بۆ پاڵاوتنی خوێن کەڵکوەردەگیرێ.

بەشی چل و یەک
ناتەواویی و تێک چوونی درێژخایەنی گورچیلە




مەبەست لە ناتەواویی درێژخایەنی گورچیلە[٢٩٠] تێک چوونی بەردەوام و لە کارکەوتنی گورچیلەیە.


هۆکانی ناتەواویی درێژخایەنی گورچیلە کامانەن؟

- نەخۆشیی شەکرە.
- بەرزبوونەوەی گوشاری خوێن.
- هەوکردنی درێژخایەنی گڕمۆڵەکانی گورچیلە.
- هەوکردنی درێژخایەنی گورچیلە و کاسۆلە[٢٩١].
- تێکچوونی کاری گورچیلە بە هۆی کیسکردنی گورچیلە.

---

290 Chronic Renal Failure
291 Renal pelvis,لەگەنچە





کیس کردنی گورچیلە

نیشانەکانی ناتەواویی درێژخایەنی گورچیلە کامانەن؟

- بێ حاڵیی و ماندووی.
- بێئیشتیهایی.
- بێخەوی.
- ماسینی لاق و دەوری چاو.

- بەرزبوونەوەی گوشاری خوێن.
- ئێشی کەلەکە.
- دڵ تێکەڵاتن و ڕشانەوە.
- خورین و ئاڵۆشی پێست.
- پشووسواری.
- کەمخوێنی.
- بەرزبوونی مەترسیی خوێنبەربوون.

پلەکانی ئەم نەخۆشییە کامانەن؟

پلەی یەکەم ـ هاتنەخوارەوەی ڕادەی وەدەرنانی "کراتێنین" لە گورچیلە، سەرەرای ئاسایی‌بوونی ڕادەی کراتێنینی خوێن. چوونەسەرەوەی بڕی میز بە هۆی هاتنەخوارێی خەستیییەکەی.

پلەی دووهەم ـ چوونەسەرەوەی کراتێنینی خوێن (تا٦میلی‌گرەم لە دسی‌لیتردا)، بە بێ ئاشکرابوونی نیشانەکانی ناتەواویی درێژخایەنی گورچیلە.

پلەی سێهەم ـ چوونەسەرەوەی کراتێنینی خوێن (پترلە ٦میلی‌گرەم لە دسی‌لیتردا) و ئاشکرابوونی نیشانەگەلێک وەکو ماندوویی، بێ حاڵی، زێدەبوونی گوشاری خوێن و وەرەم.


پلەی چووار ـ چوونەسەرەوەی کراتێنینی خوێن (تا ١٠میلی‌گرەم لە دسی‌لیتردا) و نیشانەکانی ئوورەی خوێن.

دکتۆر بۆ دیاریی‌کردنی ناتەواویی درێژخایەنی گورچیلە چی دەکا؟

دکتۆر خوێن و میزی نەخۆش بۆ تاقیکردنەوە دەنێرێتە تاقیگە. لەم نەخۆشانەدا ڕادەی کراتێنین، ئوورە، پۆتاسیۆم، فۆسفات دەچێتە سەرێ و بە پێی تەشەنەکردنی نەخۆشییەکە، دەتوانێ ڕادەی هێمۆگلۆبین، پرۆتێین‌و

ئالبۆمینی خۆێن کەمبێتەوە، هەروەها لە میزدا ڕادەی وەدەرنانی پرۆتیین، ئالبۆمین، خڕۆکەی سوورو سپی بچێتە سەرێ. بۆ ئاگاداری زۆرتر لە تێک چوونی قەوارە و کاری گورچیلە، دەکرێ لە سۆنۆگرافی و کامپیۆتری، تۆمۆگرافیی کەڵک وەرگیرێ.

ناتەواویی درێژخایەنی گورچیلە چۆن دەرمان دەکرێ؟




پاڵاوتنی خوێن بە یارمەتیی دەزگای دیالیز


مەبەستی سەرەکیی دەرمان، کۆنترۆڵی هۆپێکهێنەرەکانی وەکو چوونەسەرەوەی گوشاری خوێن، شەکرە، چەوری، کەمخوێنی، هەروەها هاوسەنگکردنەوەی ئاو، ئەلێکترۆلیت و پرۆتیینە. لە کاتی پەرەگرتوویی ناتەواویی درێژخایەنی گورچیلە لە دەزگای دیالیز بۆ پاڵاوتنی خوێن کەڵکوەردەگیرێ.

بەشی چل و دوو
هەوی گرمۆڵەکانی گورچیلە



مەبەست لە گرمۆڵە (گلۆمێرۆلۆس)[292] چییە؟





گلۆمێرۆلۆس یا گرمۆلە ـ پۆلێکە لە باریکە دەمارەکانی خوێن[293] کە یەکەمین پلەی پاڵاوتنی خوێن بۆ پێکهێنانی میز لەوانەوە دەست پێ دەکا.

292 Glomerulus

هۆکانی هەوی گرمۆڵەکانی گورچیلە کامانەن؟

- بەکتریایەکان وەکو سترەپتۆکۆک، ستافیلاکۆک، پنومۆکۆک، هەوی جەرگ لە چەشنی ب و ....
- دەوا وەکو پنێسیلامین[٢٩٤].
- واکسەن(کوتان).
- تومۆری بیچارەسەر.
- نادیار.
- بە هۆی نەخۆشیی وەکو سیستیمیک لووپوس ئریتیماتۆز[٢٩٥]، سکلێرۆدێرمی[٢٩٦] و نەخۆشیی شەکرە.

---

293 Capillaries


294 Penicillamin

295 Systemic lupus erythematosus,سیستێمیک لووپوس ئریتیماتۆز،

چەشنێک نەخۆشیی خۆپارێزییە. چالاکیی سیستێمی بەرگری جەستە دژی تان و پۆی ئەندامەکانی جەستەی نەخۆشە و دەبێتە هۆی ئازاری ئەندام و تانەکان .

296 Scleroderma

سکلێرۆدێرمی چەشنە نەخۆشییەکی ڕوماتیسمییە کە پێستی نەخۆش ئەستوور، ڕەق و وشک دەبێ، لەوەدەچێ لە بەشی کۆتایی ئەندامەکاندا زام پێک بێ.



سکلێرۆدرمی   سیستیمیک لووپوس ئریتیماتۆز

- نەخۆشیی زگماکیی وەکو سیندرۆمی ئالپۆرت[٢٩٧].

چەشنەکانی هەوی گرمۆلەکانی گورچیلە کامانەن؟

✓ **هەوکردنی کتوپڕی گرمۆلەکان[٢٩٨]**

ئەم چەشنە زۆرتر پاش نەخۆشییەکی چڵکی، بە هۆی بەکتریا سترەپتۆکۆک لە گرووپی **ئا** و نەخۆشییەکانی خۆپارێزیی[٢٩٩] پێکدێ. بوونی خوێن و پرۆتیین لە میزدا، چوونەسەرەوەی ڕادەی نیترۆژنی خوێن و هاتنەخوارەوەی ڕادەی پاڵاوتنی گرمۆلەکانی گورچیلە، سەرئێشە، ئێشی

---

297 Alport- Syndrom,
نەخۆشییەکی زگماکیی و دووهەمین هۆی ژنێتیکیی(چینی) ناتەواویی گورچیلەیە. لەم نەخۆشانەدا هەوکردنی گرمۆڵەکانی گورچیلە، ئازاری گوێچکە و چاو دەبیندرێ.

298 Acute glomerulonephritis (GN)

299 Autoimmune diseases,
نەخۆشیی خۆپارێزیی. لەم نەخۆشییانەدا چالاکیی سیستێمی بەرگری جەستە دژی تان و پۆی ئەندامەکانی جەستەی نەخۆشە و دەبێتە هۆی ئازاری ئەندام و تانەکان.

جومگەکان، یاو، بەرزبوونەوەی گوشاری خوێن و ماسینی جەستە بە هۆی ڕانەماڵینی ئاسایی خوێ و ئاو و پەنگخواردنەوەیان لە جەستەدا، هەناسەسواریی و کەمبوونی بڕی میزی ڕۆژانە لە نیشانەکانی ئەم چەشنەن.

- ✓ **هەوکردنی گرمۆڵەکان بە گۆڕانی هەرچی کەمترەوە**[٣٠٠]

ئەم چەشنە لە منداڵان، بە تایبەتی لە تەمەنی ٢ ساڵاندا دەبیندرێ. لەم نەخۆشانەدا نیشانەگەلێک وەک ماسینی دەم و چاو، بێ حاڵیی، چوونەسەرێی قورسایی جەستە، بەرزبوونەوەی گوشاری خوێن، چڵک کردن، بەسترانی ڕەگ بە هۆی دەڵەمەی خوێن کە لە جێی خۆی جوێبۆتەوە و جوڵاوە[٣٠١]، سەرئێشە و سێندرۆمی نفرۆتیک[٣٠٢] دەببیندرێ. هۆی ئەم چەشنە نادیارە. بەڵام لە سەدا ١٠ تا ٢٠ی دەتوانێ بەرهەمی دەواگەلێکی وەکو دیکلۆفیناک، ئامپیسیلین، پنیسیلین، ریفامپین، ئنتێرفرۆن، نەخۆشیی مۆنۆنێکلۆزی چڵکی[٣٠٣]، شێرپەنجە و هتد ... ببێ.

---

300 Minimal-Change glomerulonephritis

301 Thromboembolism, .

302 Nephrotic syndrome


سێندرۆمی نفرۆتیک بریتییە لە هەبوونی پرۆتێین لە میزدا ـ زیاتر لە ٣،٥گەرام لە ڕۆژدا و چوونەسەرێی پرۆتیین و لیپۆپرۆتیینی خوێن. لیپۆپروتیین پێکهاتەیەکە لە چەوریی و پرۆتیین.

303 Infectious mononucleosis

مۆنۆنێکلۆزی چڵکیی یا نەخۆشیی ماچ، چەشنە نەخۆشییەکی ڤایرۆسییە. نیشانەکانی ئەم نەخۆشییە بریتین لە یاو، گەرو ئێشە، بێ حاڵی، ماندوویی و ماسینی گرێکانی لەنواویی.

✓ هەوی کتوپڕ پەرەگری گڕمۆلەکانی گورچیلە[٣٠٤]

لەم چەشنە نەخۆشییەدا هاتنەخوارەوەی کتوپڕی ڕادەی پاڵاوتنی گڕمۆلەکان بەلانیکەم تا سەدا ٥٠ لە ماوەی چەند ڕۆژ تا ٣ مانگدا دەبیندرێ. هۆی ئەم نەخۆشییە نەناسراوە، بەڵام لەوەدەچێ هۆی ژنێتیکیی هەبێ، یان لە چوارچێوەی نەخۆشییەکی سیستێمیکدا ببیندرێ. لەم نەخۆشییانەدا لەوەدەچێ ئەم نیشانانە وەبەرچاو کەون: یاو، سەرئێشە، ئێشی جومگەکان، بێ حاڵیی، بوونی خوێن لە میزدا، زۆربوونی کراتێنین و ئوورەی خوێن، هەروەها سێندرۆمی گودپاسچر[٣٠٥]



سێندرۆمی گودپاسچر

✓ هەوکردنی درێژخایەنی گڕمۆلەکان[٣٠٦]

زۆربەی چەشنەکانی هەوی کتوپڕی گرمۆلەکانی گورچیلە ئەگەر چارە نەکرێن دەبنە هەوی درێژخایەنی گرمۆلەکانی گورچیلە. لەم حاڵەتەدا قەوارەی گڕمۆلەکان تووشی تێک چوونێکی نەگەڕاو دەبێ و ڕادەی پاڵاوتنی بە شێوەیەکی بەرچاو دادەبەزێ و ڕادەی کراتێنین و ئوورەی

---

304 Rapidly progressive glomerulonephritis

305 Goodpasture syndrome

نیشانەکانی سێندرۆمی گودپاسچر بریتین لە: پشوو سواریی، خوێن بەربوون سییەکان و خوێنپژاندن لە کاتی کۆخیندا.

306 Chronic glomerulonephritis (GN)

خوێن پەرە دەستێنی. لەم نەخۆشییانەدا نیشانەکانی خواریّ دەکریّ وەبەرچاوکەون: بیّ حالّیی، ماندوویی، بیّئیشتیهایی، دابەزینی نائاسایی قورسایی لەش، خورینی جەستە، وەرەم، بەرزبوونەوەی گوشاری خوێن، فیّ لیّ هاتن، قوّلنجی ماسولکەکان، پشووسوارییو سنگئێشە.

ئەم نەخۆشییە چۆن دەسنیشان دەکریّ؟

- تاقیکردنەوەی خوێن بۆ پێوانی ڕادەی پرۆتیین، کراتێنین، ئوورە، چەوریی، ئەلکترۆلیتەکان، ئیمونوگلۆبۆلین[٣٠٧]، لیپۆپرۆتیین و ...،
- دەسنیشانکردنی هۆکانی چلّکی، وەکو: هەوی جەرگ لە چەشنی ب و س، ئایدز، مالاریا، سفیلیس و ...
- تاقیکردنەوەی میز بۆ پێوانی ڕادەی نائاسایی پرۆتیین، هەروەها خڕۆکە سوورو سپییەکانی خوێن لە میزدا.
- سۆنۆگرافیی بۆ دیارییکردنی گۆڕانکاری قەوارەی گورچیلە.
- بیۆپسی لە تان و پۆی گورچیلە بە تایبەتیی ئەگەر لەو نەخۆشانەدا نیشانەکانی سێندرۆمی نفرۆتیک ببیندریّ.

دکتۆر بۆ چارەسەرکردنی ئەم نەخۆشییە چ دەکا؟

- ✓ ئەنتیبیوتیک وەک پنیسیلین بۆ لە ناوبردنی هۆی چلّک،
- ✓ هاوسەنگ کردنی ئەلکترۆلیتەکانی جەستە.
- ✓ دەرمانی وەرەم و بەرزیی گوشاری خوێن.
- ✓ لە کاتی سەختبوونی نەخۆشییەکە لە کورتیکۆسترۆئیدەکان (پرێدنیزۆلۆن) و دەواگەلێکی وەکو ئازاتیۆپرین[٣٠٨]، سیکلۆسپۆرین[٣٠٩] کەلّک وەردەگیریّ.
- ✓ دیالیز.

---


307 Immunoglobulin

ئیمونوگلۆبۆلین چەشنێک دژە جەستە (Antibody) کە رۆلێکی بەرچاوی لە سیستێمی بەرگری جەستەدا هەیە.

308 Azathioprin

309 Cyclosporine

بەشی چل و سێ
چڵککردنی گورچیلە[310]



a kidney afflicted with pyelonephritis.

چەشنەکان و هۆکانی چڵککردنی گورچیلە کامانەن؟

ئەم نەخۆشییە دەتوانێ کتوپڕ یاخود درێژخایەن بێ. چڵککردنی کتوپڕی گورچیلە ئاکامی چونەسەرێی بەکتریا لە بەشی خوارەوەی ڕێگای میزبەر بەرەو ژوورە. لە ژناندا بە هۆی کورتبوونی ڕێگای میزبەر بە بەراوەرد لەگەڵ پیاواندا، هەروەها لەو کەسانەی کە تووشی نەخۆشیی شەکرەن بە پێی دابەزینی هێزی بەرگریی جەستەیان، ئەم نەخۆشییە زۆرتر وەبەرچاو دەکەوێ. لە نێو بەکتریایەکان ئێشێریشا کۆلیی[311] (تا سەتا پەنجای بوارەکان)، پرۆتێوسمیرابیلیس[312] و کلێبسیلا[313] هۆی سەرەکیی

310Pyelonephritis
311 E. Coli
312 Proteus mirabilis
313 Klebsiella

ئەم نەخۆشییەن. لە منداڵی ساوا یان کۆرپەدا چڵککردن لە ڕێگای خوێنەوە دەگوێزرێتەوە و دەتوانێ ببێتە هۆی پێکهاتنی ئابسەی گورچیلە.

نیشانەکانی چڵککردنی گورچیلە کامانەن؟

- تا و لەرز.
- زگئێشە و پشتئێشە.
- ئێشی کەلەکە (لە منداڵاندا ئێشی کەلەکە کەمتر دەبیندرێ و ئەوان زۆرتر تووشی سکئێشە دەبن).




- سەرئێشە.
- ئێش، خورین (ئاڵۆش) و برژانەوەی ڕێگای میزبەر لە کاتی میزکردندا،
- چڵک یان خوێن لە میزدا.
- زوو بە زوو و بە پەلە میزکردن.
- قەبزبوون.
- دڵتێکەڵاتن و ڕشانەوە.

ئەم **نەخۆشییە چۆن دەستنیشان دەکرێ؟**

✓ پشكنینی میز: بۆ دیاریكردنی باكتریەكان و زۆربوونی خڕۆكە سپییەكان.

✓ سۆنۆگرافیی گورچیلە بۆ دیاریكردنی بەرد و ئابسە.



Focal Pyelonephritis

✓ تاقیكردنەوەی خوێن: بەرزبوونەوی ڕادەی خڕۆكە سپییەكان و پرۆتیینەكانی خوێن، لە بەرامبەرهەو یان چلككردن; كراتێنینو ترانسئامینازەكان[314].

ئاڵۆزییەكانی ئەم نەخۆشییە كامانەن؟

- سێپسیس[315].

---

314 Transaminase

چەشنێک ئانزیمن كە زۆربوونیان لە خوێندا دەتوانی نیشاندەری نەخۆشی جەرگ، دڵ یاخود سیستمی ئسكلێت و ماسولكە و هتد بێ.


- ناتەواویی درێژخایەنی گورچیلە.
- ئابسەی گورچیلە.

ئەم نەخۆشییە چۆن دەرمان دەکرێ؟

- دانی ئەنتیبیوتیک بۆ ماوەی ٧ تا ١٠ ڕۆژ.
- خواردنەوەی شلەمەنی.
- پشوودان.

٣١٥- Sepsis چڵککردنی خوێن بە هۆی بەکتریاوە.

بەشی چل و چوار
بەردی گورچیلە[٣١٦]



بە درووستکردنی بەرد لە گورچیلە و ڕێگای ماشتنی (ڕامالّینی) میزدا – نفرۆلیتیاز دەگوترێ.

هۆکانی درووستبوونی بەرد لە گورچیلەدا کامانەن؟

- زۆربوونی لە ڕادەبەدەری ماددەگەلێک لە میزدا، کە بەرد درووست دەکەن وەکو:
- کالسیۆم ،فۆسفات، ئەسید ئووریک، ئوکسالات[٣١٧] و سیستین [٣١٨].
- کەمبوونی ماددەگەلێک لە میزدا، کە بەرلە درووستکردنی بەرد دەگرن وەکو: سیترات و مەگنێزیۆم.
- بێ جوولەیی بێچالاکیی.
- کەمخواردنەوەی شلەمەنی.
- خواردنی چێشتی پرۆتییندار وەکو گۆشت.
- برسێتیی و دابەزینی قورسایی جەستە.
- چڵکی گەڕاوەی ڕێگای میزبەر .
- نەخۆشیی شەکرە.

---


316 Nephrolithiasis
317 Oxalate
318 Cystie

- دەوا(دەرمان) وەکو: Triamterene, Silicate, Sulfasalazine, و ڤیتامین D،
- نەخۆشیی نقرس.

نیشانەکانی ئەم نەخۆشییە کامانەن؟

لە کاتی نەبەسترانی ڕێگای میزبەر لەوەدەچێ نیشانەیەکی تایبەتیی نەبیندرێ، بەڵام لە کاتی داخزین و جێگۆڕکێی بەرد، دەکرێ ئەم نیشانانە وەبەرچاو کەون:

- قۆڵنجی گورچیلە (ئێشی کەلەکە دەتوانێ بە پێی داخزین و جێگۆڕکێی بەرد بەرەو پشت، ژێرزگ و لاڕان تەشەنە بکات).



- دڵ تێکەڵهاتن و ڕشانەوە.
- یاو و ئارەقەکردن.
- بوونی خوێن لە میزدا.

گیروگرفتەکانی بەردی گورچیلە کامانەن؟

گیروگرفتەکانی بەردی گورچیلە لەوەدەچێ ئەمانە بن:


✓ چڵکی ڕێگای میزبەر.

- ✓ چڵکی درێژخایەنی گورچیلە.
- ✓ ناتەواویی درێژخایەنی گورچیلە.

بەردی گورچیلە چۆن دەستنیشان دەکرێ؟

بۆ دەستنیشانکردنی بەردی گورچیلە دەکرێ ئەم کارانە بکرێ:

- پشکنینی میز لە تاقیگەدا، چونکە زۆرجار خوێنی ناو میز بەچاو نابیندرێ.
- سۆنۆگرافیی.



بەردی گورچیلە لە سۆنۆگرافییدا(بڕوانە پەیکانە(سەهم) کە)

- وێنەگرتن، بۆ ئاگاداربوون لە هەبوونی بەرد لە گورچیلەدا.





بەردی گورچیلە لە ڕادیۆگرافیی‌دا

- پشکنینیی بەرد لە تاقیگەدا بۆ دەستنیشانکردنی چەشنی بەردەکە.

چەشنی بەردەکان کامانەن؟





بەردی ئوورات بەردی سیستین

بەردی گورچیلە و پێکهێنەرانی بەردەکان:

- بەرد لە چەشنی کالسیۆم ـ ئۆکسالات (سەدا شەست).
- بەرد لە چەشنی کالسیۆم ـ فۆسفات (سەدا بیست).
- بەردی ئوورات (سەدا دە تا پازدە).
- بەردی مەگنێزیۆم ـ ئامۆنیۆم ـ فۆسفات (سەدا پێنج تا دە).
- بەردی سیستین.


ئەم نەخۆشییە چۆن دەرمان دەکرێ؟

- کەڵک وەرگرتن لە ئێش بڕ، وەک نوالژین، دۆلانتین و ....
- کەڵک وەرگرتن لە دەواگەلی گرژی بڕی(خاوکەرەوە)[319] ماسولکە (سپاسمۆلیتیک)، وەکو بوسکۆپان[320].
- بەکارهێنانی ئەنتیبیوتیک لە کاتی چڵکی ڕێگای میزبەردا.

٣١٩- قۆڵنجبڕ.

320 Buscopan


- ئەگەر بەرد گەورەتر لە سانتیمەترێک بێ، پێویست بە نەشتەرگەریی هەیە.
- شکاندنی بەرد بە لێدانی شەپۆلی دەنگ[321] .



شکاندنی بەرد بە لێدانی شەپۆلی دەنگ

- نەشتەرگەریی لووی پاراتیرۆئید. بەشێک لە بەردەکان کە لە چەشنی کالسیۆمن بە هۆی پڕکاریی لووی پاراتیرۆئید درووست دەبن.

321 Extracorporeal Shock Wave Lithotripsy (ESWL)




لووی پاراتیرۆئید

بۆ پێشگرتن لە درووستبوونی بەرد لە گورچیلەدا چ دەبێ بکرێ؟

- خواردنەوەی ئاو(شلەمەنی ٣ ـ ٢ لیتر لە ڕۆژدا).
- کەمخواردنی پرۆتێینی ئاژەڵیی.
- لە هەبوونی بەرد لە چەشنی کالسیۆم لە گورچیلەدا، بەکارهێنانی دەواگەلی میزهێنەری وەکو تیازێدەکان کە یارمەتیدەری درووستنەکردنی بەردن.
- لە هەبوونی بەرد لە چەشنی ئۆکسالات لە گورچیلەدا، ئامۆژگاری دەکرێ کە سپێناخ، ڕێواس، ئاجیل، بادام، کاکاو و چای ڕەش بە کەمی بخورێن یا بخورێنەوە.
- پیاسەکردن و وەرزشی بەردەوامی ڕۆژانە بۆ ماوەی ٢٠ خولەک.

بەشی چل و پێنج
شێرپەنجەی خانەکانی گورچیلە



بە تومۆری بیچارەسەری تان و پۆی گورچیلە، شێرپەنجەی خانەکانی گورچیلە[٣٢٢] دەگوترێ.

هۆکانی شێرپەنجەی خانەکانی گورچیلە کامانەن؟

هۆکانی شێرپەنجەی خانەکانی گورچیلە نادیارن، بەڵام لەوەدەچێ ئەوانەی کە لە ژێرەوە باسیان دەکەین مەترسیی ئەم نەخۆشییە بەرزکەنەوە:

- ✓ جگەرەکێشان مەترسیی ئەم نەخۆشییە تا دوو هێندە بەرزدەکاتەوە.(لەسەدا ٢٠ هەتا ٣٠ی نەخۆشەکاندا).
- ✓ قەڵەویی.
- ✓ بەکارهێنانی لە ڕادەبەدەری ئەو دەواگەلەی کە Phenacetin یان[٣٢٣] تێدایە.

322 Renal cell Carcinoma

- ✓ کیستی گورچیلە لەو نەخۆشانەی کە خوێنیان بە یارمەتی دەزگای دیالیز دەپاڵێون.
- ✓ بەرزبوونەوەی گوشاری خوێن.
- ✓ پێوەندیی گورچیلە.
- ✓ پاڵاوتنی درێژخایەنی خوێن بە یارمەتی دەزگای دیالیز.



فرە کسیستیی گورچیلە

نیشانەکانی شێرپەنجەی خانەکانی گورچیلە کامانەن؟

لە سەرەتادا نیشانەیەکی تایبەتی نابیندرێ، بەڵام دواتر بە پێی پەرەگرتنی نەخۆشییەکە، لەوەدەچێ ئەم نیشانانە وەبەرچاو کەون:

- بوونی خوێن لە میزدا تا سەدا ٤٠ی بوارەکان.
- ئێشی کەلەکە تا سەدا ٤٠ی بوارەکان.


---

323 چەشنە ئێشبڕێکە کە لە ساڵی ١٨٨٧ زایینی هاتە نێو بازاڕەوە و وەکو یەکێک لە یەکەمین دەواگەل بۆ هێنانەخوارەوەی یاو کەڵکی لێوەردەگیرا.

- یاو تا سەدا ٢٠ی بوارەکان.
- کەم خوێنیی.
- هاتنەخوارێی قورسایی جەستە تا سەدا ٣٣ ی بوارەکان.
- گەورە بوونی باتوی[٣٢٤] چەپ بە هۆی بەسترانی خۆینبەری باتو[٣٢٥].
- ـ پۆلیسیتێمی[٣٢٦]، زۆربوونی نائاسایی قەبارەی خوێنی جەستە.
- ـ چوونەسەرێی کالسیۆمی خوێن.
- ـ بەرزبوونەوەی گوشاری خوێن تا سەدا ٢٠ی بوارەکان.

ئەم نەخۆشییە چۆن دەسنیشان دەکرێ؟

- کامپیوتر تومۆگرافیی لەگەڵ کەڵکوەرگرتن لە ماددەی ڕەنگی (ماکی ئۆپاک)
- شکڵ درووستکردنی موگناتیزیی بە دەنگی بە هێز[٣٢٧].




پەیکانەکە شێرپەنجەی گورچیلە نیشان دەدا

---

324 Varicocele
325 Testicular Vein
326 Polycythemia
327 MRI ـ Magnetic resonance imaging

• سۆنۆگرافیی.



شێرپەنجەی گورچیلە لە سۆنۆگرافییدا

• پشکنینی خوێن بۆ دیاریکردنی مارکێرەکانی شێرپەنجە[٣٢٨].

• پشکنینی میز: بوونی خوێن لە میزدا.

ئەم نەخۆشییە چۆن دەرمان دەکرێ؟

لە سەرەتاکانی نەخۆشیی یەکەداجاری واهەیە لە نەشتەرگەریی کەڵکوەردەگیرێ. لەوەدەچێ تا سەدا ٩٠ ئەم کارە ببێتە هۆی دەرمانی نەخۆشییەکە، بەڵام لە قۆناغی پەرەگرتوویی و بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکە دەکرێ لە تیشکدەرمانیی[٣٢٩] و شیمییدەرمانیی کەڵکوەربگیرێ.

---

328 Cancer markers
329 Radiation Therapy